




# پرۆسەی بونیادی نەتەوە، پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەیی یە



د.کەیوان ئەنوەر بۆ گوڵان:

# کاتێک نەتەوە ویستی ئەوەی هەبێت بگاتە قۆناغی بونیادنانەوە پێویستە ڕێگە نەدرێت قەیرانی نێوخۆیی لەلایەن هیچ گرووپ و تاقمێک بکەوێتەوە

پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە (Nation Building) یەکێکە لەو پرۆسانەی کە بە زەحمەتترین قۆناغی نەتەوە دادەنرێت، ئەم پرۆسەیە مانای ئەوە نییە پێش دەسپێکی ئەم پرۆسەیە نەتەوە بوونی نەبووە، بەڵکو بەو مانایە لە زانستی سیاسەت بەکارهاتووە کە پێویستە تواناکانی نەتەوە بۆ پشتگیری کردن و چەسپاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت یەکبخرێت، هەروەها بۆ ئەوەی پێوەندیەکی تەندروست لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە هەبێت و پێکەوە دەوڵەت و کۆمەڵگە هاوکار بن لە ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانی دەرەکی و هەڕەشەی دەرەکی بۆ سەر دەوڵەت، بونیادی نەتەوە(Nation Building) جیاوازە لە زاراوەی بونیادی دەوڵەت (State Building)، لەبەر ئەوەی زۆر لە نەتەوەکان سەدان ساڵ خاوەنی دەوڵەت بوون، بەڵام لەیەکێك لە قۆناغەکانی نەتەوەدا، پێویستیان بە پرۆسەی بونیادی نەتەوە بۆتەوە، کەواتە لێرەوە دەکرێت بڵێین پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە، پرۆسەی دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەو دەوڵەتەیە کە هەیکەل و ناسنامەی نەتەوە بە شایستەی شکۆی نەتەوە پێشانددداتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر نەتەوەیەك خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبێت، دەتوانێت لەچوارچێوەی کیانێکی بێ سەروەریی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە دەست پێبکات؟ بێگومان مێژووی پرۆسەکانی بونیادنانەوەی نەتەوە پێمان دەڵێت بەڵێ هەیە، هەر بۆ نموونە تایوان ئەو هەرێمەیە کە خاوەنی پرۆژەی بونیادنانەوەی نەتەوەیی خۆی بووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش ئەو مەسەلەیە لە ئارادایە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان تێکەڵاوی چین بێتەوە، پرسیاری دیکە لەسەر ئەم پرۆسەیە ئەوەیە ئایا دەکرێت نەتەوەیەك پارچە پارچە کرابێت و لە بەشێکەوە دەست بە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە بکرێت؟ بێگومان ئەڵمانیای دوای شەڕی دووەمی جیهان و کۆریای دوای شەڕی ساڵی ١٩٥٣ پێمان دەڵێن بەڵێ دەکرێت، هەروەك چۆن ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ لە دوای شەڕی دووەمی جیهان و لە چوارچێوەی پرۆژەی مارشاڵدا دەستی پێکرد و دواتر دوای ڕووخانی دیواری بەرلین ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا یەکیگرتەوە و پرۆسەکە بوو بە پرۆسەیەکی سەرتاسەری، هەروەها بۆ ئێستای کۆریای باشووریش دەبینین، کۆریای باشوور لە دوای ساڵی ١٩٥٣ دەستی بە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە کردووە، بەڵام هێشتا بەشێکی گەلی کۆریا لە باکوور دەستیان پێنەکردووە، ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت پرۆسەی بونیادی نەتەوە واتە پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەیی، کە دەبێتە سەرەتا بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەروەریی یاسا و دەوڵەتی دیموکراتی، کەواتە کاتێك دێین باسی ئەم پرۆسە گرنگە دەکەین، گرنگە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەوەی هەموو نەتەوەیەك مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی بێت، ئەمەش ئەو

**زۆرجار بیری تەسکی ئایدیۆلۆژیا تاکەکانی ناو کۆمەڵگەو بگرە نەتەوە ڕووبەڕووی لێکترازان و دابڕان دەکات**

مانایەی لێدەخوێنرێتەوە، کە دەوڵەت نابێتە ڕێکخەری هەیکەل و ناسنامەی نەتەوە، ئەگەر ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نەبێت، ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ ئاکامی ریفراندۆمەکەی باشووری سودان کە هەفتەی ڕابردوو بە فەرمی ئاکامی ریفراندۆمەکە ڕاگەیەنرا، بەوەی لە چەند مانگی داێ دەوڵەتی سەربەخۆیی باشووری سودان ڕادەگەیەنرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ گەلی باشووری سودان دەتوانێت بونیادی نەتەوەیی خۆی تەواو بکات؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە بە نەخێرە لەبەر ئەوەی دەوڵەت نابێتە ناسنامە و ڕێکخەری هەیکەل و ئیرادەی گەلێك ئەگەر ئەو دەوڵەتە وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ لەسەر بنەمای دامەزراوە دەوڵەتییەکان خۆی ڕێکنەخاتەوە و سەرلەنوێ ژێرخانی خۆی بونیاد نەنێتەوە بەو ئاستەی کە لانی کەمی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات، ئەمانە پێمان دەڵێن پرۆسەی بونیادی نەتەوە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بوونی دەوڵەت وەك مەرجی پێشوەختە نییە و لەهەمانکاتدا پێمان دەڵێت پرۆسەی بونیادی نەتەوە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە.

### پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە وڵاتانی دوای شەڕ یان تازە سەربەخۆ

عێراق لەسەردەمی ڕژێمی پادشایەتیدا (١٩٢٠ -١٩٥٨) هەم ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بووە و هەمیش ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، بەڵام کاتێك لەساڵی ١٩٥٨ ڕژێمی پادشایەتی ڕووخا، پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە عێراقدا دەستی پێکرد بەو مانایەی عێراق ببێتە ئەو وڵاتەی کە هاووڵاتیانی خۆیان بە هاووڵاتی عێراق بزانن، هەربۆیە دوای نووسینەوەی دەستووری کاتی و دانانی بەندی ٣ لەو دەستوورە کاتی-یە بەوەی عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە، گەلی کورد پشتگیری لەم دەستوورە کرد و ئامادەبوو بەرگری لە کۆماری عێراقیش بکات، بەڵام پاش ئەوەی عەبدولکەریم قاسم لەو بەڵێنانەی پاشگەزبووەوە، پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە عێراقدا هەرەسی هێنا، کورد نەك ئامادەنەبوو

بەرگری لە کۆماری عێراق بکات، بەڵکو لەبەرامبەر هەموو حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق شۆڕشی بەرپا کرد، بۆ ئەوەی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە عێراقدا بخاتەوە سەر ڕێچکەی خۆی و کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوری و ئێزدی بە مافە نەتەوەیی و ئایینەکانی خۆیان شاد بن، بەڵام ئەم هەوڵە هەتا ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بێ ئاکام بوو، بۆیە جەنابی بارزانی نەمر لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەی کوردستانی دەست پێکرد، ئەمەش بەو مانایەی هەموو نەتەوەکانی کوردستان بە جیاوازی ئایین و زمانەوە، وەك یەك نەتەوە یەکسانن لەمافی هاووڵاتیبوون و جیاوازیشن لەزمان و ئاییندا، ئەم پرۆسەیەی بارزانی نەمر لە شۆڕشدا پیادەی دەکرد، توانا و ئیرادەی نەتەوەی کوردستانی یەك خستبوو نەك بۆ بونیادی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵکو بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق ئەو توانایەی بۆ دروست بێتەوە کە بتوانێت ئاشتی دروست بکات و توانا و ئیرادەی عێراقیەکان بەو ئاراستەیە هەڵبسوڕێنێت کە هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان وەك یەك نەتەوە مافی هاووڵاتیبوونیان هەبێت و پارێزگاری بەجیاوازی ئایین و زمان و بیروبۆچوونی هەر یەکەشیان بکرێتەوە، ئەمە دروست بەو مانایەی ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، تاکێکی کوردستانی (کورد بێت، یان تورکمان یان کلدو ئاشوری) یان(موسڵمان بێت یان کریستیان یان ئێزدی یان صائبە) ئەمانە هەموویان وەك تاکێکی گەلی کوردستان یەکسانن لەمافی هاووڵاتیبوون و ناسنامەی نەتەوەیی و بیروباوەڕی ئایینی نە هیچ شتێك لەو مافە زیاد دەکات نە هیچ شتێکیش لەو مافە کەمدەکاتەوە.

### ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەك هەوڵێکی سەرکەتوو لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا

پێش ئەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەبێت، گەلی کوردستان بوونی هەبووە، بەڵام ئەم بوونە نەسەلمێنراو و نەناسراو بووە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام بەرێکخستنی هەیکەل و ناسنامەی ئەم گەلە لە میانەی دامەزراوە



پرۆفیسۆر ستیفن جۆنز بۆ گوڵان:

## لینین کە شۆڕشگێڕێکی ڕادیکاڵ بوو لەو ڕاستیە تێگەیشتبوو کە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە پرۆسەیەکی قورسە و پێویستی بە فێربوونە

دەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئێستا وەك دەبینین نەك هەر ئیرادەی ئەم گەلە دانی پێدانراوە، بەڵکو هەموو جیهان ئامادەیە مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم هەرێمە هەبێت و ئامادەن کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی خۆیان لەم هەرێمە بکەنەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوەستە کردنە هەموو جیهان بە ئاستی دامەزراوەی دەوڵەتانی هاوچەرخ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنن، بەڵام ئامادەش نین وەك دامەزراوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدابنێن، لێرەدا ناکرێت گلەیی ئەوە لەدەوڵەتانی جیهان بکرێت کە وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی کوردستان ناناسن، لەبەر ئەوەی یەکەم بزووتنەوەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا خۆی یەکێك لە ئامانجەکانی

**دەتوانرێت بەرێگەی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە کەلتووری شەڕ بگۆڕدرێت بۆ کەلتووری ئاشتی و پێکەوە ژیان**

فیدرالی و دیموکراتیە لە عێراقدا و داوای جیابوونەوەی نەکردووە، دووەم هەم دەوڵەتانی جیهانیش ئومێدی ئەوەیان بە هەرێمی کوردستانە کە بەهاوشێوەی هەرێمی کوردستان پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لەعێراقیشدا سەرکەتوو بێت، بەڵام ئەگەر لەلایەکی دیکەوە سەیری پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان بکەین و بپرسین، کە ئێمە هەوڵەکانمان بۆ بونیادی دەوڵەتی سەربەخۆیی خاوەن سەروەریی نییە، بۆچی دەستمان بەم پرۆسەیە کردووە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر ئەنتۆنیۆ داماتۆ ڕاوێژکاری یاسایی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ، لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان ئەوەی پێ ڕاگەیاندین کە پێویستە پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەت زەمینەی یاسایی بۆ دەوڵەتی کوردستان بڕەخسێنن، ئەمە مانا ئەوەیە پرۆفیسۆر داماتۆ داوای ئەوەمان لێدەکات کە پێویستە هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە مەرجەکانی دەوڵەتی تێدا بێت پێش ئەوەی بیر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بکرێتەوە، واتە کیانێکی سیاسیی کە مەرجە یاساییەکانی دەوڵەتی تێدابوو، ئەگەر نەبێتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و ئەندامیش لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا وەك دەوڵەتی دیفاکتۆ جیهان ڕێزی لێدەگرێت و ئامادەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و وەك ئەندام لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی دیکە جیهان وەری بگرێت، هەروەك چۆن ئێستا تایوان دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریش نییە بەڵام ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO)یە، هەرێمی کوردستانیش کە ناکرێت لە هەندێك ڕووەوە بە تایوان بەراورد بکرێت، لەبەر ئەوەی لانی کەم تایوان تا ساڵی ١٩٧١ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و نەك هەر نوێنەرایەتی تایوان، بەڵکو نوێنەرایەتی چینیشی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، بەڵام لەڕووی هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی دامەزراوەکان و کرانەوەی ئابووری و هەنگاوی خێرا بۆ پەرەپێدان، لە زۆر ڕووەوە نەك هەر کوردستان لە تایوان دەچێت، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە بە تایبەتی لەلایەنی دیموکراتی و ژیانی فرەیی سیاسیی و ئازادی ڕادەبڕینەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت کوردستان زۆر لە تایوان پێشکەوتووترە، بەڵام لە بواری

پەرەپێدان و برینی قۆناغەکانی ئینتیقالی گومانی تێدانییە تایوان پێشکەوتووترە.

**ئەرکە قورسەکانی قۆناغی بونیادی نەتەوە**

لە پێشەکی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەمان پێکرد، پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، واتە پرۆسەی بەهێزکردن و چەسپاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، لەلایەکی دیکە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە زۆرجار لە وڵاتانی دوای شەڕ دەست پێدەکات، ئەمەش بەو مانایەی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە پرۆسەی کەلتووری شەڕە بۆ کەلتووری پێکەوە ژیان بەڕێگەی بونیادی دامەزراوەکان، سەبارەت بەگۆڕینی کەلتووری شەڕ بۆ کەلتووری ئاشتی و پێکەوە ژیان پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ستیفن ئیف جۆنز ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ماوەنت هایکۆل و تایبەتمەند لە کۆمەڵگەکانی پۆست کۆمۆنیست، لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هاتە ئاخاوتن: (بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت بەڕێگەی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە کەلتووری شەڕ بگۆڕدرێت بۆ کەلتووری ئاشتی و پێکەوە ژیان، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپای دوای جەنگی دووەمی جیهان بکەین کە توانیان فێری پێکەوەژیان و هاوکاری کردنی یەکتر ببن، کەواتە ئەمە شتێکی مەحاڵ نییە، هەرچەندە ئەزموونی ئەورووپا تا ڕادەیەك جیاواز بوو، لەبەر ئەوەی یارمەتییەکی نێودەوڵەتی گەورەی بۆ دابینکرا بە تایبەتی لەلایەن ئەمریکاوە لە ڕێگەی پلانی مارشاڵەوە، کەواتە ئەو وڵاتانەی لە قۆناغی شەڕ دەربازیان بوو، پێویستیان بە سەرچاوەگەلێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی دووبارە خەڵك بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانی ئاسایی دەست پێبکاتەوە چونکە کە ژیانی ئاساییت دەستپێکردەوە ئەوکاتە زیاتر دەتوانێت لێبوردەبێت لە ئاست کەلتوور و گروپە جیاوازەکانی دیکەدا کە لەگەڵیاندا دەژییێت. بۆ نموونە ئەگەر لە کۆسۆڤۆ بڕوانین، ئەوا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاریەکی زۆری کردووە، ئەوا دەرفەتەکانی بەرەوپێشچوون و چەسپاندنی دیموکراسی زیادی کردووە



پرۆفیسۆر مالاچی هاکۆهین بۆ گوڵان:

## پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بریتییە لە ململانێی نێوان خوڵقاندنی یەکێتی لەلایەک و پاراستن و پەرەپێدانی فرەیی لەلایەکی دیکەوە

تێیدا. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر لە وڵاتی سودان بڕوانین کە ڕاپرسی لەسەر چارەنووسی باشووری ئەو وڵاتەکرا و پێدەچێت دەوڵەتێکی نوێ دروست بێت بە ناوی سودانی باشوور، ئەوا دەبینین بێ دابینکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتی ئەگەرەکانی گەشەکردنی دیموکراسی تێیدا لاوازە، لەبەر ئەوەی وڵاتێکی زۆر هەژارە. من ناڵێم دیموکراسی تەنیا لەڕێی هاوکاری و پشتیوانی نێودەوڵەتییەوە بەدەست دەهێنرێت، نەخێر، چونکە دەبێت دیموکراسی هەڵقوڵاوی خودی خەڵکەکە خۆی بێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستی بە سەرچاوەی گەورە هەیە، پێویستی بە خوڵقاندنی هەلی کار و باشترکردنی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی هەیە کە

**ئاشتەوایی ناوخۆیی و دەستپێوەردانی نێودەوڵەتی و باشترکردنی دۆخی ئابووری زۆر پێویستن بۆ گۆڕینی کەلتووری شەڕ بە کەلتووری ئاشتی**

لێرەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت هاوکاربێت. کاتێك من دەڵێم مەرج نییە دیموکراسی ڕێگەی بونیادنانی ئاشتی بێت، مەبەستم ئەوەیە ئەو پرۆسەیەی پێی دەوترێت بە دیموکراتیکردن پرۆسەیەکی یەکجار سەخت و دژوارە، بۆ نموونە ئەگەری ئەوە دەکرێت لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا هەلومەرجەکە ئاڵۆز بێت بەهۆی ئەوەی نوخبەیەکی سیاسی دیاری کراو هەڵبستن بە جۆشدان و جوڵاندنی خەڵك لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی گروپێکی ئیتنی دیاری کراو، کە ئەمە بۆی هەیە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکات نەك باشتری بکات. کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پرۆسەیەکی فێربوونی دووردرێژە و لەم ڕێیەدا چەندین هەڵە دەکەیت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆت نابێتە هۆی زەمانەتکردنی ئارامی و ئاسایش. لەلایەکی دیکەش پرسێکی دیکەی ئاڵۆز هەیە بەتایبەتی لەوڵاتانی پۆست کۆمۆنیست کە پرسی مانەوەی بیروبۆچوونی تۆتالیتارییە، لەگەڵ ئەوەی ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە، بەڵام ئاسانە بڵێیت ئەمە دەوستێتەسەر کەلتووری کۆمەڵگەکە. ئەگەر من بگەڕێمەوە بۆ ڤلادیمیر لینین کە چەندین دەیە پێش ئێستا سەرکردەیەکی یەکێتی سۆڤیەت بوو، ئەو کەسێك بوو لایەنگری هەڵگیرساندنی شۆڕش بوو، لایەنگری بونیادنانی دەوڵەتێکی نوێ بوو کەلەسەر ئەساسی هاوکاریکردنێکی برایانە بەڕێوە ببردرێت، ئەو پێش مردنی باسی لەوە کردبوو کە ئەوەی وا دەکات پرۆسەکە بە باشی و بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت، بریتییە لە کەلتوور. مەبەستی لە کەلتووریش پەروەردە و بوونی لێبوردەیی بوو لە ئاست یەکتردا، هەروەها باسی لە گەشەکردنی هەنگاو بە هەنگاو کردووە و باسی ئەوەی کردووە نابێت ڕەوتی بەرەوپێشچوونەکە لەوە خێراتربێت کە مومکینە، کەواتە لینینیش کە شۆڕشگێڕێکی ڕادیکاڵ بوو لەوە ڕاستیە تێگەیشت ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی قورسە و پێویستی بە فێربوون و تەنیا پەیوەست نییە بە سەرکردە سیاسییەکانەوە، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی خەڵکدا



و پرۆســەیەك نییە بە ئاســانی ڕوودات. لە نێو ئەو وڵاتانەی پێشتر لە ژێر حکومڕانی کۆمۆنیستیدا بوون هەندێکیان ئەدایەکی باشــتریان هەبــوو بە بەراورد بە هەندێ وڵاتــی دیکە، بۆ نموونە ئەگەر لە ئەزموونی وڵاتی هەنگاریا یان کۆماری چیك بڕوانین، ئەوا ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانە بوونە ئەندامــی یەکێتی ئەوروپا، ئەوا ناچار بوون پابەندبن بە هەندێ ڕێسای دیاری کــراوەوە، کە کەم تا زۆر ســەرکەوتوو بوونە لــەم ڕووەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو وڵاتانەی پێشــتر لەژێر نفوزی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون و نەبوونەتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا و ئەو سەرچاوانەیان نییە کە وڵاتانی یەکێتــی ئەوروپــا هەیانــە. کەواتــە ئەمە پرۆســەیەکی پراکتیکردنــی درێژخایەنە، لێرەدا دەستەواژەی فێربوونی دیموکراســی گرنگــە، لەبــەر ئــەوەی ئەمە پرۆسەی پیادەکردن و پەیڕەوکردنــە. لەبــەر ئــەوە مەسەلەکە ئەوەنییە هێزێکــی دەرەکــی بێــت و ڕایبەگەیەنێــت ئەگەر ئێوە پابەندبن بە ڕێساگەلێکی دیاری کراوەوە، ئەوا هەموو شتێك بێ کێشە و گرفت بەڕێوەدەچێت، لەبەر ئــەوەی کەلتــوور و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی هــەر وڵاتێك جیاوازە و تایبەتمەندی و سەرچاوەی تایبەتی خۆی هەیە)).

ئەوەی پرۆفیسۆر جۆنز جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، بۆیە پرسیاری ئەوەمان لێکرد تاچەند لە ڕێگەی دامەزراوەکان و پیادەکردنی سەروەریی یاساوە ئەو کەلتوورە دەگۆڕێت و ئازادییەکان ڕێکدەخرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا وتی: (ئەوە پرسیارێکی باشە، چونکە ئەمە پەیوەستە بەوەی چۆن هاووڵاتیان هان بدەین ڕێز لە یاسا بگرن و بە یاساوە پابەندبن، ئەمەش پێوەندی بە کەلتووری سیاسییەوە هەیە، بۆ نموونە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی ژاپۆن بکەین کە بە هاوکاری ئەمریکا دەستووری ئەو وڵاتە داڕێژرایەوە و کەم تا زۆر سەروەری یاسا بەدیهێنرا، بەڵام ئەوە هەلومەرجێکی تایبەتی بوو، لەبەر ئەوەی یابان شکستی هێنابوو لە شەڕەکەدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنی سەرچاوەیەکی دارایی گەورە بوو و ئەم پرۆسەیەش کاتێکی زۆر خایاند. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە وڵاتی جۆرجیا بڕوانین ئەو وڵاتەی ماوەیەکی زۆر لە ژێر حکومڕانی یەکێتی سۆڤیەتدا بوو، تا نزیکەی هەشت ساڵ پێش ئێستا و پێش ئەوەی شۆڕش لەم وڵاتەدا بەرپا بکرێت سەروەری یاسا باڵادەست نەبوو لەم وڵاتەدا، گەندەڵیەکی بەربڵاو هەبوو، هەرچەندە ئێستاش حکومەتەکە بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەتوانرێت کار بۆ باڵادەستکردنی سەروەری یاسا بکرێت، گەندەڵی کەم بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی گەندەڵی گرفتێکی زۆر گەورەی بەردەم سەروەری یاسایە، چونکە کاتێک نوخبە سیاسییەکەی وڵات لە گەندەڵیەوە تێوەگلابێت، ئەوا کەس باوەڕناکات سەروەری یاسا لە ئارادایە. کارکردنیش بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی پێویستی بە ئیرادەی سیاسی هەیە، پێویستی بەوە هەیە هەموو لایەک بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندی هەموو لایەک دەکات، چونکە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی زیاتری هەلی کار، ڕەخساندنی بوار و دەرفەتی باشتری پەروەردەکردن بۆ نەوەکانی داهاتوو)).

ئەوەی پرۆفیسۆر جۆنز لەسەر ئاستی ئەزموونەکانی جیهان ئاماژەی پێکرد



پرۆفیسۆر کیدان مێنجستیب بۆ گوڵان:

## پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە پەیوەستە بە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەباوەش بگرێت

یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بەرچاوروونیمان بۆ پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە بۆ دروستدەکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا گرنگیشە ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرین، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام لە پرۆسەی بونیادنانەوە سەرکەوتوو نەبوون، سەبارەت بەهۆکاری سەرنەکەوتن لەبواری پرۆسەی بونیادی نەتەوە پرسیارمان لە د.کەیوان ئەنوەر مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی کردوو و بەم شێوە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر ئەم پرسە بۆ گوڵان خستەڕوو: (نەتەوە کۆمەڵێک فاکتەری هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێت، هەر لە زمان و خاک و تاوەکو کەلتووری هاوبەش و بگرە چارەنووسی هاوبەشیش،

**پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە پێویستیی بە سەرکردایەتییەکی بەتوانا و موقنیع هەیە**

بۆیە بەهەمووان تێدەکۆشن بۆ بونیادی نەتەوە، بەڵام کاتێک نەتەوە بەکۆمەڵێك شەڕ و چەوساندنەوەو نائارامی لە مێژووی کۆن و نزیکی خۆیدا تێپەڕ دەبێت، ئەو نەتەوەیە دووچاری کێشەو دابڕان و پەرت پەرت بوون دەبێت، بەرادەیەك ململانێکان بەچەشنێك ڕەگ دادەکوتێت تاکەکان و خێڵ و هۆز و ناوچەکان هەمووی دووچاری لێك ترازان دەبێت، کاتێکیش هێزە دەرەکییەکان کاریگەری خۆیان لەسەر زیاتر ئاڵۆزبوونی کێشەو گرفتەکانی نێوان تاکەکان و گروپ و لایەنەکان دەبێت، ئەوکات کێشەکە دەبێتە قەیران و ڕۆڵی خراپی لەتێکدانی سەرجەم پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە دەبێت، لێرەدا زۆرجار بیری تەسکی ئایدیۆلۆژیاش تاکەکانی ناو کۆمەڵگەو بگرە نەتەوە ڕووبەرووی لێکترازان و دابڕان دەکات.

سەبارەت بەنەتەوەی کوردیش لەقۆناغە مێژووییەکاندا سەرکردەی لێهاتوو دروستبووە بۆ بونیادنانی نەتەوەو وەرگرتنەوەی مافی نەتەوەی کورد، بەڵام هێزی نەیار و دژایەتیکردن لە ناوخۆدا بە بەردەوام ڕێگر بووە لەگەیشتن بەقۆناغی بونیادنانەوەی نەتەوە، نەتەوەی کوردیش لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان قوربانییەکی زۆری ئەو هێزە نەیارانە بووە، زۆرجار ئەم هێزانە بەناوی ڕۆشنبیری و ئازادییەوە کە خۆی لەحەقیقەتدا تێکدانی ڕۆشنبیری و واتاکانی ئازادی و مافی مرۆڤە، هەڵساون بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەدەستهێنانی دەسەڵات واتاو ماناکانی ئازادییان تێکداوە، بەرادەیەك ئەمە هۆکارێك دەبێت بۆ نانەوەی پشێوی سیاسی و قووڵکردنەوەی جیاوازییەکان و کارکردن لەسەر کەلتووری یەکتر سڕینەوە، دەرئەنجامیش دۆخی نائارامی و گۆڕینی ئاراستەی ڕاستەقینەی ئەو گۆڕانەیە کە پێویستە نەتەوەی کورد لەم قۆناغەدا کاری بۆ بکات، ئەویش بونیادنانی دامەزراوە یاسایی و شەرعییەکان و پتەوکردنی کیانی دیموکراسییە.

پێویستە پێش گەیشتن بەقۆناغی بونیادنانەوە خەڵکی هەست بەئاسوودەیی بکات و وڵات بەدۆخێکی ئارام و هێمن تێپەڕ بێت، کاتێک نەتەوە ویستی ئەوەی هەبێت بگاتە قۆناغی بونیادنانەوە، پێویستە ڕێگە نەدرێت قەیرانی نێوخۆیی

لەلایەن هیچ گروپ و تاقمێك بکەوێتەوە، ئەوکات دەتوانرێت ببینە خاوەنی سیستەمی نوێ و ئەنجامدانی چاکسازی و گەیشتن بەقۆناغـــی پێشـــکەوتنی مرۆڤایەتـــی، مێژووی گەلانی وڵاتانی پێشـــکەوتووی ئەورووپاو زۆر لە وڵاتانی تری جیهان هەر وا بەئاسانی نەگەیشتوونەتە ئەو قۆناغە، قۆناغێك کە پێشـــتر هێزە سیاســـییەکان یەکتریان قبووڵ بووەو ســـەرجەم هێزەکان بەهێزی ئۆپۆزسیۆنیشـــەوە کاریان لەسەر ئینتمای نەتەوەیی و خاك کردووە.

تەوەرێکـــی تری گرنـــگ تایبەتە بە پاشـــماوەی فیکری تۆتالیتـــاری حزبە سیاسییەکان بەتایبەتی حزبە ستالینیەکان کە وا پێویســـتە ئەو فیکرە بگۆڕدرێت بۆ فیکرێکی کراوەو دیموکراتییەت، ئەمەش لە حزبەکانەوە دەســـت پێدەکات، پێویستە ســـەرجەم حزب و کایەکانی نـــاو نەتەوە بەخۆیـــدا بچێتەوە بۆ ئەوەی لەم میراتی-یـــە دەربازی بێت کە حزبە شـــمولییەکان چەســـپاندوویانە لەناخی مرۆڤەکاندا، دان نان بەهەڵەکان و کەموکوڕییەکانی پێشوو تاوان نییە، تاوان ئەوەیە لە ساحەکەدا تەنیا خۆت بەڕاســـت بزانیت و هەموو شتێکی تر بـــەڕەش و هەڵە ببینیت و کار و بۆ بە ئینتیمابوونی تاکەکان بۆ نەتەوە و نیشتمان نەکەیت کە دەرئەنجامەکەی ماڵوێرانی و کەوتنـــەوەی دۆخی ئاڵۆزی سیاســـی و سەربازیشی لێدەکەوێتەوە.

گرفت لێرەدا ئەوەیە کە لەقۆناغێکی وا ناسکدا گروپ و تاقمێك پەیدا ببن و کێشەو ئاڵۆزییەکان توندترو ئاڵۆزتر بکەنەوە، واتا بەئازادییەکـــی ڕەهاو هەڵـــە ڕووبەڕووی هەموو کەس و لایەن و فیکرێك بێتەوەو وا بزانیت هەرچـــی بەرامبەر کردی هەڵەیە، ئێستاکە لەکوردستاندا دەیانەوێت کۆمەڵگە بەئاراســـتەیەکدا ببـــەن ئازادییەکان هیچ واتاو مانایەکی نەمێنێت و کۆمەڵگە ببێتە کۆمەڵگەیەکی شەڕ و تەشهیر و شکاندنی سەرکردەو کەســـەکان و هێرش کردنە سەر دابونەریتـــی باش و جوانـــی کۆمەڵگە، لەهیچ وڵاتێکدا نییە ئازادی بێسنوور بێت و میدیا چەواشەکار و هێرشبەری وا بێت هەموو دەســـکەوت و سەرکردەکانی خۆی تێك بشکێنێت. بەئاراستە بردنێکی هەڵەی نەتەوەش دەرئەنجامەکـــەی تاك و نەتەوە باجەکەی دەدات)).



پرۆفیسۆر محەمەد ڕەئووف بۆ گوڵان:

**کەلتووری پێکەوەژیان و ئاشتی بۆتە ئەو حەقیقەتەی کە بەبێ کەلتووری ئاشتی ناکرێت هەنگاو بەرەو دیموکراتیەت بنێین**

### یەکڕیزی و یەکخستنی تواناکان فاکتەرێکی گرنگن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە

زۆرجار پرۆســـەی بونیادنانەوەی نەتەوە لەگەڵ پرۆســـەی بونیادنانـــی دیموکراتی تێکەڵ دەبێت، هەندێك جاریش وەك دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (کۆریای باشوور، تایوان، ســـەنگافورا، مالیزیا، ژاپۆن) لەبەر ئەوەی پرۆسەکە زۆر سەختە و لەیەك کاتدا ناتوانرێت هـــەردوو پرۆســـەکە پێکەوە ســـەربخرێت، بۆیە لەو وڵاتانە پرۆســـەی بونیادنانەوەی ژێرخانی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا و کرانەوەی ئابووری هاوشان لەگەڵ پرۆسەی بونیادی نەتەوە هەنـــگاوی بۆ هەڵگیراوە، بەڵام لە پرۆســـەی دیموکراتی (بەتایبەتی لایەنە سیاســـییەکەی) هەندێك پاشەکشە بەدی کراوە، فەرید زەکەریا خاوەنی کتێبی ئاییندەی ئازادی، لە کتێبەکەیدا بەئومێد و گەشبینیەوە سەیری داهاتووی دیموکراسی لەو وڵاتانە دەکات و پێیوایە کە ئەو ژێرخانە لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە دروست دەکرێت، دەبێتـــە بونیـــادی ژێرخانـــی لیبرالیزم بۆ دەسپێکی پرۆسەی لیبرال دیموکراتی، هەر ســـەبارەت بەو هۆکارانەی دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم ئەم پرۆسەیە، پرۆفیسۆر مالاچی هاکۆهین ئوستادی مێژوو لەزانکۆی دیوك (Duke) لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان ســـەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە بیروبۆچوونی خۆی خستەڕوو و وتی: (پێموایە لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا ناکۆکیەك هەیە لە نێوان هەوڵی بونیادنانی کەلتوورێکی سیاســـی یەکگرتوو و بەشـــداری تێکڕای هاووڵاتیان لە پرۆسەی حکومڕانیدا، لەگەڵ پاراستنی خەســـڵەتی فرەیـــی کەلتـــووری. کەواتە لە بنەڕەتـــدا پرۆســـەی بونیادنانی نەتەوە بریتییـــە لـــە ململانێی نێـــوان خولقاندنی یەکێتی لەلایەك و پاراســـتن و پەرەپێدانی فرەیی لەلایەکی دیکـــەوە. هەروەها ئەگەر بمەوێت وەڵامی پرســـیارەکەی ئێوە بدەمەوە کە بۆچی ئەم پرۆســـەیە لە هەندێ وڵاتی کەمدا ســـەرکەتووانە بەکۆتـــا هاتووە، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بونیاد و تایبەتمەندی و هەلومەرجـــی هـــەر کۆمەڵگەیەك لەو کۆمەڵگەیانە. ئەمە ئەرك و پرۆســـەیەکی ئاسان نییە، بەڵام ئێمە لەم ڕووەوە ئەزموونی مێژوویيمـــان هەیە کە تێیدا ئەم پرۆســـەیە ئەنجامدراوە، لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپای دوای جەنگی جیهانـــی دووەم بکەین. کـــە توانرا پەرە بە ڕەوشـــی ئابووری ئەو وڵاتانـــە بدرێت، لە هەمان کاتدا پشـــتیوانی نێودەوڵەتی هەبوو بۆ ئەو پرۆســـەیە، هەروەهـــا دوژمنێکی هاوبەشـــیش هەبوو، کە لە دژی هەڕەشەی ئەو دوژمنەی هاوبەشـــە -کە بریتی بوو لە یەکێتی ســـۆڤیەت- یەکیان گرت. کەواتە وەڵامـــی ئەو پرســـیارەی چـــۆن بتوانین کەلتـــووری شـــەڕ بە کەلتووری ئاشـــتی بگۆڕین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمە پێویستی بە ئاشـــتەوایی ناوخۆیی، بە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی و باشترکردنی دۆخی ئابووری وڵاتەکـــە هەیە. هەروەها ئەمە پێویســـتی بەوە هەیـــە نوخبە سیاســـییەکان پابەندبن

**تێپەڕبوون بەپرۆسەی بونیادی نەتەوەو گەیشتن بەدەوڵەتی دامەزراوەیی و چەسپاندنی یاسا، وا ئاسان نییە، چونکە لەسەرەتای قۆناغەکەدا نەتەوەکان خاوەنی ئەزموون و توانای بەهێز نین**

به هێنانەدی و بونیادنانی ئەم کەلتوورە، ئەمەش بەوە دەبێت ئەم نوخبانە ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرن کە هێنانەئارای کەلتوورێکی لەم چەشنە هەم لە بەرژەوەندی خۆیان و هەم لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانیشدا دەبێت، ئەو وڵاتانەی لە حوکمی کۆمۆنیستی ڕزگاریان بوو، توانیان هەنگاو بەرەو دیموکراسیەت و پەرەپێدانی ئابووری وڵاتەکە هەڵبگرن، ئەمە جگە لە وڵاتی یوگسلافیا کە لەم ڕووەوە نموونەیەکی سلبی بوو. یەکێك لە هۆکارەکان بریتی بوو لە ئامانجی بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانە گەیشتنە ئەو ڕاستیەی ئەگەر دووبارە ناکۆکی و شەڕی ئیتنی هەڵبگیرسێننەوە، ئەوا لەو یەکێتییەدا قبوڵ ناکرێن، کەواتە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئامانجە کاریگەری ئیجابی هەبوو، دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئەزموونی وڵاتانی پۆڵەندا، ئۆکرانیا، هەنگاریا، بولگاریا و ڕۆمانیا بکەین، تەنیا یوگسلافیا ئەدایەکی زۆر خراپی هەبوو لەم ڕووەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی بایەخی بەوە نەدا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، بایەخی بە بەرەوپێشبردنی ئابووری وڵاتەکە نەدا، بەڵکو پاکتاوی ڕەگەزی تێیدا ڕوویدا، ئەمەش سەریکێشا بۆ کارەسات. کەواتە ئەوە پرسیارێکی باشە کە بپرسین چۆن کوردستان بتوانێت سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەربگرێت، ئەمە لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێتییەك بە چەشنی یەکێتی ئەوروپا بوونی نییە)).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر هاکۆهین ئاماژەی پێکرد، یەکخستنی دوو توخمە کە پێکەوە گرێدانەوەیان پێویستی بە کەلتوورێکی دیموکرتیانە هەیە، کە ئەو دوو توخمەش بریتین لە (پاراستنی یەکڕیزی و ڕێزگرتن لە جیاوازی و فرەیی). سەبارەت بە



چۆنییەتی پێکەوە گرێدانەوەی ئەم دوو لایەنە پرۆفیسۆر کیدان مێنجستیب ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی پەنسلڤانیا و تایبەتمەند لە سەر کێشەکانی ئەفریقیا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (بونیادنانی نەتەوە بریتییە لە دوو پێکهاتە: أ. دامەزراندنی سەروەریی و پاشان بونیادنانی توانای دامەزراوەیی دەوڵەت بەشێوەیەك کە خزمەت بگەیەنێت بە بەرەوپێشەوەبردنی بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بە فراوانترین شێوە. ئەم سیستەمە دامەزراوەییانە بریتین لە سیستەمی ئاسایش و ژێرخانەکانی حکومڕانی و سیستەمە یاساییەکان کە بۆ هەموو هاووڵاتییەکان ڕەوایە، لەگەڵ گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان کە پەرە بە گوزەرانی هاووڵاتیان دەدات. ب. پێکهاتەی دووەم ئاماژەی پێدەدرێت وەکو «بونیادنانی نەتەوە». واتای ئەمەش ئاماژە دەدات بە توانای دەوڵەت لەسەر پاراستنی یەکێتیی هاووڵاتییە جۆراوجۆرەکانی لەژێر سایەی سیستەمێکی هاوبەش لە دامەزراوەکان. بەواتایەکی تر، پێویستە لەسەر دەوڵەت هەڵستێت بە بونیادنانی سیستەمێکی حکومڕانی و سیستەمێکی یاسایی و سیستەمێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەشێوەیەك کە بەلای هەموو گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە پەسەندبێت. دانانی سیستەمێکی دامەزراوەیی هاوبەش لەو جۆرە سیستەمانە پەیوەستە بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە دامەزراندنی دامەزراوەکان، لەئاکامیشدا بونیادنانی نەتەوە پەیوەستە بە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەباوەش بگرێت. لەبەر ئەوەی زۆرجار پێکهاتەکانی وڵاتان بریتییە لە گرووپی جۆراوجۆر. ئەو فرەییەش پەیوەستە بە ئێتنییەت و ئایین و دەسەڵات یان هەر شێوەیەکی تر. لەڕووی مێژووییەوە، پەیوەندی لەنێوانی ئەم گرووپە جیاوازانە لەوانەیە ڕەنگیدابێتەوە بە ناکۆکی و لایەنگری (تحیز) و توندوتیژی. بونیادنانی دامەزراوەکان و کەلتووری لێبوردەیی لەو جۆرە کەیسانە تەحەددایەکی زۆر گەورەیە. ئەم پرۆسەیە پێویستیی بە سەرکردایەتییەکی بەتوانا و موقنع هەیە. هەروەها پێویستیی بە نوێنەرایەتییەکی یەکسان هەیە لە هەموو گرووپە جیاوازەکان. هەروەها پێویستیی بە ئاراستەکردنی لایەنە نایەکسانییەکان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی، پێویستیی بە وریایی هەیە لە بەڕێوەبردنی فرەیی. بەتێپەڕبوونی کات، بێگومان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەست دەکەن بە سوودەکانی ئەو جۆرە سیستەمانە بۆ هەموویان و لەوانەشە هاوکاربن لە بەهێزکردنی ئەو سیستەمە)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە خوێندنەوەی باروودۆخی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی ئەو قۆناغەی ئێستا پێیدا تێدەپەڕێت، پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد ڕەئووف شارەزا لەبواری سیاسەتی ئابووری لەزانکۆی سلێمانی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: (تێپەڕبوون بەپرۆسەی بونیادی نەتەوە گەیشتن بەدەوڵەتی دامەزراوەیی و چەسپاندنی یاسا، وا ئاسان نییە، چونکە لەسەرەتای قۆناغەکەدا نەتەوەکان خاوەنی ئەزموون و توانای بەهێز نین، تەنانەت لەسەرەتاکانی قۆناغی بونیادنانی نەتەوە خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزامان بۆ داڕشتنەوەو چەسپاندنی سیستەمەکان کەمە. لەلایەکی ترەوە تاك لەکۆمەڵگەدا بەو پێیەی پێشتر لەناو حکومڕانییەکی تاکڕەوانە و مەرکەزی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی تێپەڕبووە، بۆیە هۆشیاری پێویستیش بۆ ئەم قۆناغە کەمە. تەنانەت گەر بێتوو پشت بەهێنانی شارەزایانی بیانی و پسپۆڕانی دەرەوەی وڵاتیش ببەسترێت و شارەزایانی بیانی بێن و سیستەمی پێشکەوتووی خۆیان لێرە دابڕێژنەوە، ئەوا لەئاست هۆشیاری و قۆناغەکەی ئێمەو زۆر لە داب و نەریت و کەلتوورەکانی ئەم وڵاتەدا یەك ناگرێتەوە. بۆیە پێموایە لەناو ئەو نەتەوانەی هەنگاو دەنێن بۆ بونیادی نەتەوە کاتێکی باشیان پێویستە، واتا قۆناغە ئینتیقالیەکە ماوەیەکی باشی دەوێت، تاوەکو ئەو نەتەوانە بەئێمەی کوردیشەوە بەتەواوەتی تێکەڵ و ئاوێتەی دنیای هاوچەرخ بین. ئەمەش بەگرنگترین و هۆکاری ڕیشەیی نەگەیشتنی زۆر لەنەتەوەکان دادەنرێت بەرەو بونیادی نەتەوە، لەمەش دا مێژووی مرۆڤایەتی شکستی زۆر لە ئەزموونەکانی دەرخستووە کە لەو قۆناغەدا نەتەوەکان نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی دامەزراوەیی ڕێکوپێك و چەسپاندنی یاسا، تەنانەت زۆر جار ئەو نەتەوانەی کە شکستیان هێناوە لەقۆناغی بونیادنانی نەتەوە ڕووبەڕووی شەڕ و ماڵوێرانی بوونەتەوە)).

سەبارەت بەوەی چۆن بتوانین کەلتووری شەڕ و کاولکاری بگۆڕین بۆ کەلتووری پێکەوەژیان و ئاشتی، دکتۆر محەمەد ڕەئووف وتی: ((گۆڕینی کەلتوورەکانی شەڕ و شەریعەتی چەنگەڵ کە مەنتیقی هێز و دەسەڵات بەسەر هێزی ئاشتیخواز و لایەنی مەعریفی زاڵ بووە، پەیوەندی بەئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەوە هەبووە، بۆ نموونە لەدوای سەردەمی قۆناغە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و دواتر بۆ قۆناغەکانی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی و... تاد. لەهەموو سەردەمێکدا مرۆڤایەتی ناچار بووە سیستەمێك دابڕێژێت بۆ پاراستنی ئازادییەکان و ڕێزگرتن لەمرۆڤایەتی و پێشختنی کۆمەڵگە، پێموایە سیستەمی حکومڕانی لەئەزەلەوە بۆ ئەوە دروست بووە تاوەکو مافی تاکەکان بپارێزرێت، بۆیە هۆشیاری کۆمەڵگە لەگەڵ سیستەمێکی حکومڕانی ڕێکوپێك و پێشکەوتوو زامنی گۆڕینی زۆر لە کەلتوورە دواکەوتوو خراپەکانی ناو کۆمەڵگەیە. لەئەمڕۆش دا هەنگاو نان بەرەو کەلتووری پێکەوەژیان و ئاشتی بۆتە ئەو حەقیقەتەی کە بەبێ کەلتووری ئاشتی ناکرێت هەنگاو بەرەو دیموکراتییەت بنێین)).

بونیادی نەتەوە واتە پشتگیریکردنی توانای دامەزراوەکانی دەوڵەت و بونیادی پەیوەندی لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و پاراستنی دەوڵەت لە دەستێوەردانی دەرەکی، ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بونیادی هەیکەل یان ناسنامەی نەتەوە بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی، ئامانجی ئەم پرۆسەیە یەکخستی گەلە لەنێو دەوڵەتدا بەجۆرێك کە ئەو دەوڵەتە لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیرە و توانای بەردەوامی ئەو سەقامگیریە سیاسییەی هەیە، هەروەها پێویستە نەتەوە توانای ڕێکخستنەوەی ژێرخانی وڵاتی بەئاستێك هەبێت کە بتوانێت خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات.

بەشێوەیەکی گشتی بونیادی نەتەوە ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵانەی دەخرێنە گەڕ بۆ ئەو نەتەوانەی کە تازە سەربەخۆ بوون، یان دووبارە پێکهاتنەوەی ئەو نەتەوانەی کە بۆ ماوەیەکی دووردرێژ کۆلۆنیالی بوون.

# بونیادنانی نەتەوە پێویستی بەگیانی قۆناغی ڕزگاریی و زامنکردنی ئازادییە گشتییەکان هەیە



عەبدولڕەحمان سدیق

ئەم ناوچەیەی کە ئێمە لەدێرین زەمانەوە تیایدا دەژین، زۆربەی کات ناوچەیەکی گەرمی شەڕو پێکدادانی سەربازیی و سیاسیی بووە، هەرئاواش ناوچەیەکی هەستیاربووە بەرامبەر هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیی

لێرەوە بۆ ئێمە گرنگە لە پێناوی بنیادنانی نەتەوەییماندا، دروشمی بەرقەرارکردنی ئارامیی و ئاشتی هاوڕێی هەنگاوەکانمان بێت، هەروەها گرنگییەکی ستراتیژییە لەم نێوانەدا کە ئەمڕۆ پێویستە لە جۆری پێوەندی نێوان ئامانج و سیاسەتی دەرەکیدا سێ ڕاستیی لە بەرچاو بگرین:

یەکەم: پێویستە لە سێ قۆناغی جیا بڕوانینە سیاسەتی دەرەکی: قۆناغی داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی و قۆناغی پرۆسەی بڕیاری سیاسیی و قۆناغی جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسی.

دووەم: گواستنەوەی سیاسەتی ناوخۆ (کە بەرەنجامی هەماهەنگییە لە نێوان هێزە ناوخۆییەکاندا) بۆ ئاستی دەرەوەو نێو دەوڵەتیی لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانەوە، چونکە کاری دەرەکی چالاکیەکی حکومییە لە بازنەی نێودەوڵەتیدا.

سێیەم: تێڕوانین لە ڕاگەیاندن وەك ئامرازێك لە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی نەك گەورە کردن و بنیادنان لەسەر هەڵوێستێکی تەنیای ڕاگەیاندن، هەرچەندە ڕاگەیاندن هێڵی یەکەمی هێرش بردن و دوا هێڵی بەرگری کردنە، هەرچەندە ڕاگەیاندن لە ئامرازەکانی دی کەمتر خەرجی تێدەچێت بەڵام ئاسەوارەکانی زۆر زیاتر بەرهەم دێنێت یان زیان دەگەیەنێت، ئەمە جگە لەوەی کە سەدەی بیست و یەکەم لە سایەی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیای گەیاندنەوە، بۆتە سەردەمی ڕاگەیاندن بەبێ ڕکابەرو، زۆر خێرا بیرو بۆچوونە نوسراوو وتراو و بینراوەکان دەگۆڕێن و دەبنە هێزێکی ماددی ئەوتۆ کە ڕای گشتی بە ئاراستەی ئامانجەکانی بنیادنانی نەتەوە ئاڕاستە دەکات .

بۆیە لێرەوە ئەگەر ئەرکەکانی بیرمەندانی سیاسیی وسیاسەتمەداران لە ڕووی تیۆرییەوە زۆربن، ئەوا لە ڕووی پراکتیکەوەو بۆ ئەم مەبەستەی کە ئێمە باسی دەکەین، لە چەند خاڵێکی دیاریکراودا چڕ دەبنەوە:

یەکەم:- پاراستنی ئاسایش و ئارامیی:

لەمەشدا پێویستیمان بە هەماهەنگیی دەبێت سەبارەت بە:

١- ناسین و ناساندنی هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر ناوچەکەمان.

٢- گەیشتن بە کۆدەنگییەك بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەڕەشەیە.

٣- هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر سەقامگیریی ناوخۆییمان.

٤- زیادکردنی هەماهەنگیی و هاوکاریی وەك ڕێگەیەك بۆ بەرقەرار کردنی ئاشتی.

٥- دامەزراندنی سیستمێکی زانیاریی هاوچەرخ.

دووەم: ئابووریی و ئاڵوگۆڕیی بازرگانی:

ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەسەر چڕکردنەوەی زوومی تێڕوانینی خۆی لەسەر بابەتە ئابوورییەکانی پەیوەست بە دەوڵەت و گەلانی ناوچەکەو، دەرخستنی قازانج و خستنەڕووی سوودەکانی کاری ئابووریی و بازرگانیی هاوبەش لە ڕێگەی:

١- تیشك خستنە سەر ڕاپۆرتە ئابوورییەکان مایەی سوودی گەورەن بۆ گەلانی ناوچەکە.

٢- تیشك خستنە سەر دەستپێشخەریی بازرگانی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەداهاتوودا کاراتر دەکرێت.

٣- تیشك خستنە سەر ڕێککەوتنامە بازرگانیەکانی نێوان وڵاتانی جیهان و دەوڵەتانی ناوچەکە..

٤- تیشك خستنەسەر ئاراستەی ئابووری سیاسی و هەڵوێستە ئابوورییەکان وەك دەروازەیەك بۆ هەڵوێستە سیاسییەکان، بە پشت بەستن بە ئەزموونی سەرکەوتووی ئەوروپا.

سێیەم:- کارکردن لەسەر هاریکاریی کەلتوریی و هونەریی:

کە لەمەشدا باکگراوندێکی کەلتوری لەبەر دەستدایە بۆ کار لەسەر کردن بە ئاراستەی دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان لەگەڵ گەلانی دەوروبەرمان، لەوانە:

١- قووڵکردنەوەی کەلتوری پێکەوە هەڵکردن و

پێکەوە ژیان.

٢- ڕەتکردنەوەی دووبەرەکی و هێزی باڵا دەستیی ڕەگەزیی و توندوتیژیی.

٣- ئەنجامدانی کاری ڕۆشنبیریی و هونەریی لە بۆنە جیاجیا هاوبەشەکاندا.

٤- ڕوانین لە خاڵە گەشەکانی ڕابردوو، کارکردن بۆ ئایندەو تێپەڕاندنی قۆناغە ڕەشەکانی مێژوو.

بۆ گەلی کوردستان زۆر گرنگە وەك گەلانی هاوشێوەی خۆمان، بەشێکی ئایندەو داهاتوومان لەئێستاوە لێ دیاربێت ،وەك ئەوانیش نەخشەیەکی ڕێگەمان لەبەردەستدا بێت ، کاری لەسەر بکەین.

زۆر گرنگە لەوتنی شتی گشتیی دووربین وبچینە نێو وردەکارییەکانەوە سەبارەت بە ئاینده.

چونکە داهاتوو یان ئایندە وەك مەودایەکی دووروودرێژی هەیە، هەر ئاواش مەودایەکی کورت ونزیکی هەیە، چونکە دەشێت بە سەعاتێکی دی بڵێین داهاتوو، دەشکرێت بەسەدەیەکی دیش بڵێین داهاتوو!!

کەواتە گرنگە ئێمە قسە لەسەر ئەو داهاتووە بکەین کە تەمەنمان ڕێگەمان پێدەدات لەدروستکردنیدا ڕۆڵمان هەبێت، نەك داهاتوویەکی ئێجگار دوور کەمافی نەوەکانی دیکەیە قسەی لەبارەوە بکەن.

لەبارەی بنیادنانی نەتەوەوە چەند خاڵێك بۆ ئێمە زۆر گرنگن لەوانە:

١-ئەندازیەکی باش لەباوەڕ بەخۆبوون و، ئیرادەیەکی ڕاستەقینە.

٢-پەیڕەو کردنی ئەوەی کە ڕاستەو واقیعییە.

٣-شیکردنەوەی چڕی پشت بەستوو بە گۆشەنیگایەکی فراوان بۆبینینی وردەکارییەکان.

٤-پشت بەستن بە توانایەکی نەرم ونیان و لاستیکی وخێرایی لەبڕیارداندا.

٥-سیاسەتی دەرەوەمان دەبێت هێزی خۆی لەهێزی ناوخۆمانەوە وەربگرێت لەڕووی مێژوویی وکۆمەڵایەتی وئابوورییەوە بەپلەی یەکەم.

بۆپیادەکردن وپراکتیزەکردنی ئەم خاڵە تیۆرییانەش پێویستیمان بەم خاڵانە دەبێت:

١- پیادەکردنی سیاسەتی ڕەواندنەوەی ترس وگومان لای هەمووان.

٢-پەیڕەو کردن و پیادەکردنی حیوارێکی سیاسیی ئاست بڵند.

٣-سیاسەتی پێکەوەگرێدان و تەواوکاریی ئابووری.

٤- پێکەوە ژیانی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان.

٥- کۆتایی هێنان بە کێشەو قەیرانە نێوخۆییەکان.

بەسەرنجدان لەم چەند ستراتیژوبنەمایانە،مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم خاڵانە مایەی کردنەوەی زۆرێك لە دەرگاوپەنجەرە داخراوەکانی ڕابردووی نێوان گەلان ودەوڵەتانی ناوچەکەن،بەئاراستەی مافی گەلان ونەتەوە جیاجیاکان.

بۆیە ئێمەش لەلای خۆمانەوە وەك بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەریی یەکدی و، یارمەتیدان و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی یەکدی، پێویستە بڕوانینە زۆر خاڵی بەهێز کەهەن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کەیارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی بنیادنانی ئایندەیەکی گەشی نەتەوەیی، لەوانەش بۆ نموونە:

١- ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستانی عێراق، کەتیایدا مافی هاووڵاتیبوونی تەواوی هەیە، هۆکارێکە بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش ویەکێتی خاك وپێکەوەژیانی ئاشتییانەی ناوخۆیی.

٢- هەرێمی کوردستانی عێراق ئارامترین ناوچەکانی عێراقە، هەرێمی کوردستانی عێراق لەڕووی ئابوورییەوە دەروازەی سەرەکییە بۆکاری وەبەرهێنان.

٣- مێژووی هاوبەش وئایین وڕوڵی جوگرافیا لە دراوسێیەتی هەمیشەیی ونەفسی مەدەنییانەی خەڵك وحکومەتی هەرێم وکرانەوە بەرووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی وخۆدوورگرتن لە توندڕەویی ئاینیی ونەتەوەیی،هۆکاری دیکەی بەهێزن بۆ سەرخستنی پرۆسەی بنیادنان.

لێرەوە دیارە کە کورد بۆئایندەیەکی گەش و هیوابەخش کاردەکات لەپێناوی:

یەکەم: گەرەنتییەکی دەستووری بۆپارێزگاریی کردن لە دەستکەوتە دیموکراسییەکان بەگشتیی.

دووەم: پیادەکردنی سیاسەتی واقیعبینانە، لەسنووری یاساو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و،خۆدوورگرتن لەدەستوەردان لەکاروباری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ.

سێیەم: هاوکاریی ژینگەیی لەنێوان هەردووڵاو گشت وڵاتانی ناوچەکە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنووری سیاسیی ناخوێنێتەوەو زیانەکانی گشتگیرو سنووربڕە.

چوارەم: هاوکاریی وهەماهەنگیی لەبواری کەلتووریی وکرانەوەی کۆمەڵگەکان بەڕووی یەکدیدا،دروستکردنی پردی پێوەندی لەنێوان گەلاندا، بەتایبەت لەم سەردەمەی کرانەوەو عەولەمەیەدا کەجیهان بووە بەگوندێکی بچووك.

# سەرکەوتنی عەقڵی شارستانیی میسرییەکان



فلك الدين كاكەیی

ژمارە (٨١٨) ■ ٢٠١١/٢/١٤

لە وتاری پێشـــوودا، بـــە کورتی ئاماژەم بـــۆ حیکمەت و مەعریفەتی ڕیشـــەداری خەڵکی میسر کرد، کە لە بنەڕەتەوە کەلەپووری لێکقەبوولکردن و پشـــوودرێژی و خۆڕاگری و دان بەخۆڕاگرتنی خولقاندووە.

چەند ڕۆژی هەوەڵی لێدەرچـــێ کە ئاڵۆزی و توندوتیژی و کوشـــتار و بریندارنبوونی تاوێتەبوو، ئیتـــر لە دوو هەفتەی دوایییـــدا ڕاپەڕینی گەنجانی میســـر بە هێمـــن و ئارامی و ڕێکوپێکی بەرێوەچوو، سوپا و هێزە ئەمنییەکانیش کەوتنە پاڵ بزووتنەوەکە، سەرۆکایەتی سیاسی و حکومەتی میسریش دانی بەخۆیاگرت و کەوتە دیالۆگ و لێکۆڵینەوە تا ڕێگە چارەسەری دستوورییان دۆزییەوە و کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە.

تا ئێســـتا وایێدەچێـــت کە ڕێگەش لـــە بزوتنەوەی (ئیخوان موســـلمین) و هێز و گرووپە توندڕەوەکان بەســـتراوە، جووڵەی چاکســـازیی بەئارامـــی بەرەو ســـەرکەوتنی دیموکراســـی و دادپەروەری و ئاشـــتی گشـــتیی و کۆمەڵایەتـــی دەڕوا، کە لەمـــەودا قۆناخی هەرە زەحمەت دێتە پێش، ئەویش چۆنییەتی وەڵامدانەوەی خواســـت و داخوازیی کۆمەڵایەتی و پیشـــەیی کرێکاران و هەژاران و بێکاران و توێژە بەشخوراوەکانە.

چاکســـازییە دەســـتوورییەکان بە ڕووتبوونەوەی حوســـنی موبـــارەك لە زۆربەی دەســـەڵاتەکانی (بەڵکو لە واقیعدا هیچ دەســـەڵاتێکی واقیعی بەدەستەوە نەما) ڕێگە بۆ گۆڕانکاریی فراوانی هەردوو بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆشدەکەن.

لـــە ڕووی سیاســـییەوە: بـــۆ ئامادەســـازیی زەمینـــەی هەڵبژاردنی ئازاد و پێکهێنانـــی دامودەزگای دیموکراتی، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە: بۆ چاککردنی باری گوزەرانی ژیان و کەمکردنەوەی بێکاری، چارەســـەری گرفتی چینی لاوان و خوێندکاران و کرێکاران.

دەشـــبینین کە بە درێژایی ئەم دوو سێ هەفتە هەرە دژوار و ئاڵۆزەی خەڵکی میسر کە پتر لە هەشتا ملیۆن کەس دەبن، هەموو لایەکیان: گەنجان و ئۆپۆزســـیون و حکومەت و سوپا، «بونیاتی دەوڵەتیان» پاراست و نەیهانهێشت زیان بەر کەیان و ڕۆحی دەوڵەتەکەیان بکەوێت.

ئەگەر ژمارەیەك قوربانی و زیانی ماددی لێدەربکەین، ئیدی دەتوانین بڵێین کە، تا ڕادەیەکی بەرز، گەل و دەوڵەتی میســـر بە ســـەلامەتی لەم قەیرانە دەرباز بوونە، هەر چەندە هێشتاش ماویەتی، بەتایبەتی ململانێی سیاســـی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەنێوان خۆیاندا.

دەسەڵاتی لەپێشە، هەر بۆیەش (ئیخوان موسلمین) لەلایەك و هێـــزە علمانییەکان و جەماوەری خەڵـــك لەلایەکی دیکەوە، دەکەونە پێشبرکێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

کەواتە: ئەگەر خۆنیشاندان و قەڵەباڵغی شەقام و بازاڕەکان بەو چاکســـازییە دەســـتوورییانە ببڕێتەوە ئەوە ململانێی توند بەرەو(٣) بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگوێزێتەوە.

١- هەوڵدان بۆ وەرگرتنی دەســـەڵاتی داهاتوو، کە مایەی بەرزبوونەوەی ململانێی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و توێژە چینەکانی کۆمەڵگەیە.

٢- بەرزبوونەوەی داخوازیی کۆمەڵایەتی پیشەیی کرێکاران و هەژارانی شـــارو دێهات و توێـــژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای میسر.

٣- مافی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەیی و کەلتوورییەکان، مەســـیحییە قیبتییەکان خۆیان ڕێکدەخەن بـــۆ داوای مافی فراوانـــی نەتەوەیی و ئایینـــی و کەلتووری، کە نزیکەی ٨-٩ ملیۆن کەس دەبن و خاوەن توێژێکی بەرزی ڕووناکبیر و شارەزا و پسپۆڕن، دەیانەوێ لە دەوڵەت و سیاسەت و کۆمەڵگادا ڕۆڵی بەرزتریان هەبێ.

هەروەهـــا ماف و داخوازیی بەهایی و شـــیعە و ئەمازیغ و چین و توێژی بەشـــخوراوی دیکـــە هەنە کە ئازادییان دەوێ، ڕەنگە مەسیحییەکان و ئەم کەمایەتیانە ئەنجوومەنێکی باڵای فرەلایەن پێکبهێنین بۆ ڕێکخستنی داواو مافەکانیان.

واتـــە: دەرگای چاکســـازیی لـــە چەندیـــن لاوەخراوەتە سەرپشت.

لە دەرەنجامێکی کورتتدا دەڵێم: کە براوە، عەقڵ و حیکمەت و مێژووی میسر بوو، دەشبینین کە ڕۆحی شارستانیی دێرینی میسر دەبووژێتەوە و چەند ساڵی دیکە وڵاتێکی جیاواز بەناوی میسرەوە دەبینین.

تێبینییەك دەمێنێتەوە سەبارەت بە تەمەڵی و ڕاڕایی ڕۆحیەتی نیگەتیڤی دواخستنی کاری ئەمڕۆ بۆ سبەینێ، کە خەسڵەتی زۆربەی حوکمڕانان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتە.

لەمە بەدواوە جەدەل و لێکۆڵینەوەی زیاد دەربارەی ڕاپەڕین و ئەنجامی ڕووداوەکانی میسر دەکرێت، هەیە دەپرسین:

چ دەبوو ئەگـــەر ڕۆژێك زووتر ئەو چاکســـازییانە ئەنجام بدرابان؟! خۆ دەتوانرا ١٠-١٥ ساڵ زووتر بکرابان؟

زیاتر لە شەش ساڵە بڕیاردراوە عومەر سولەیمان بە جێگری حوســـنی موبارەك دابنرێـــت، بۆچی دواکەوتن لـــەم بڕیارە؟ ئەگەر زووتر دەسەڵاتی چاکسازی بەعومەر سولەیمان یا هەر جێگرێکی دیکە بدرایا ئـــەوە هەموو ئەو قوربانی و زیانانەی پێویست نەدەبوو؟

دیارە گۆڕانکاری یاســـای ژیانەوە ، لەم سەردەمەدا ڕەوتی خێراتـــری وەرگرتـــووە و ڕای گشـــتی نێودەوڵەتیش پشـــتی دەگرێ.

کەوابێ، ئەزموونی میســـر باشترە ببێ بە پەند و وانە بۆ حوکمڕانانی ڕۆژهەڵات، تا بەدەســـتی خۆیان چاکسازی بکەن لە جیاتی ئەوەی ناچار بکرێن!

ئەزموونی بەرزی میســـر، لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی زیاد هەڵدەگرێ.

# شەرمەزاریی سۆسیال ئینتەرناسیونال لەتونس و میسردا


هەردوو حزبەکەی سەرۆکی پێشووی تونس زەینولعابدین بن عەلی و سەرۆکی میسر حوسنی موبارەك ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیونال بوون و هەردووکیشیان بوونە مایەی شەرمەزاری بۆ سۆسیال ئینتەرناسیونال.

دوا بەدوای پەرەسەندنی بزاڤی گۆڕان لەهەر یەك لەتونس و میسر، سۆسیال ئینتەرناسیونال حزبەکەی بن عەلی و حزبەکەی موبارەکی دەرکرد. هەردوو ڕاپەڕینەکەی تونس و میسر دەریانخست کەحزبەکەی بن عەلی، پارتی دستوری و حزبەکەی موبارەك، پارتی نیشتمانیی دیموکرات فریان بەسەر سۆسیالیزمەوە نییەو لەبنەڕەتدا هیچ مەرجێکی ئەندامێتییان لەسۆسیال ئینتەرناسیونالدا نەبووە.

دەشێ ئەم مەسەلەیە ببێ بەپاڵنەرێك بۆ قورس کردنی مەرجەکانی ئەندامێتی لەسۆسیال ئینتەرناسیونال بۆ حزبە نائەوروپییەکان، بەتایبەتی کە تا ئێستا سۆسیال ئینتەرناسیونال، جگە لەدیاریکردنی شێوەی پاڵاوتن و وەرگرتن، هیچ پێوانەیەکی بۆ ئەندامێتی دانەناوە. بەڵام دەکرێ ڕووداوەکانی تونس و میسر ببن بەهاندەرێك بۆ بەخۆداچوونەوە لەم بوارەدا.

پارتی دستووریی تونس کەڕیشەی دەچێتەوە سەر ئەو حزبەی کە لەساڵی ١٩٣٤دا یەکەم سەرۆکی تونس حەبیب بورقێبە دایمەزراندو پارتی نیشتمانیی دیموکرات کەپاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆسیالیست و دەستپێکردنەوەی سەردەمی حزبایەتی لەناوەڕاستی حەفتاکاندا لەسەر دەستی سەرۆکی پێشوی میسر ئەنوەر سادات پەیدا بوو، لەبنەڕەتدا لەبیرو شێوەی حوکمڕانیدا لەحزبە سۆسیالیست و سۆسیال و دیموکراتەکانی ئەوروپا نەدەچوون و سەرەڕای پێداگرتنیان لەسەر لیبرالیزمی سیاسی و لیبرالیزمی ئابووری لەپرۆپاگەندەکانیاندا، بەڵام ئەو دوو ڕژێمەی لەسەر دەستی ئەوان هاتەدی، لەڕوەتی پەرەسەندندا بەو سەرەنجامە گەیشتن کەهەلومەرجێکیان پێکهێناو تێیدا بازاڕی ناوخۆو بازرگانیی دەرەکی بەتەواوی قۆرخکراو دەوڵەت بوو بەڕەنگدانەوەی هاوسەرگیریی سەرمایەو دەسەڵات.

لەهەمبەردا، نە بن عەلیو نە موبارەك دیموکراسییەکیان بەپێودانگی ئەوروپایی، وەك بیروباوەڕی حزبەکانیان داوایان لێ دەکا، پێك نەهێنا. سەربار، دەوڵەت لەسایەی هەردوو ڕژێمدا، بوو بەدەوڵەتێکی پۆلیسی و ئازادییە دیموکراتییەکان ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر تەنگیان پێ هەڵدەچنرا. لەتونس بن عەلی ٢٣ ساڵێك حوکمڕانی کردو لەمیسر موبارەك ٣٠ساڵ. پەرلەمانی هیچ کامێکیان، لەسایەی دیموکراسییە کرچ و کاڵەکەی بن عەلی و موبارەك، نەیتوانی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە گوزارشت لەڕەوشی سیاسی و بەرژەوەندیی جەماوەر بکا.



فەرید ئەسەسەرد

لەئەزموونی حوکمڕانیی هەردوو وڵاتدا دەستەبژێری دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی نایاسایی دەوڵەمەند بوو. بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕۆڵی پڕ شەرمەزاریی سۆسیال ئینتەرناسیونال و ئەوروپا لەپشتگیری کردنی ڕژێمی بن عەلی و لەهەنگاوێکدا کەئەوروپا بەدەگمەن پەنای بۆ دەبا، سویسرەو یەکێتیی ئەوروپا سەرجەم سامانی بن عەلی و خێزانەکەیان لەبانکەکانی ئەوروپا بلۆك کرد. بەڵام کەس نازانێ بڕی سامانەکە چەندەو مەرجیش نییە هەر هەمووی لەئەوروپا بێ. ڕەنگە ئەم سیناریۆیە موبارەکیش بگرێتەوە. ڕۆژنامەی سەنی بریتانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەسامانی موبارەك خۆی لەچل ملیار دۆلار دەداو بۆ نیشاندانی دەوڵەمەندیی بنەماڵەی موبارەك سەرنجی بەلای ئەوەدا ڕاکێشا کەکۆشکەکەی جەمالی کوڕی موبارەك لەشاری لەندەن بایی ١٣,٥ ملیۆن دۆلارە. بەهەمان پێودانگ، ڕۆژنامەی «گاردیان» ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەسامانی بنەماڵەی موبارەك خۆی لەقەرەی حەفتا ملیار دۆلار دەدا.

سەرەکیترین دوو بنەمای بیروباوەڕی سوسیال ئینتەرناسیونال، لێبوردەیی و لیبرالیزمە. ئەم دوو بنەمایەش بەهیچ شێوەیەك لەناو دوو حزبەکەی بن عەلی و موبارەکدا نابینرێن. لەڕاستیدا وەرگرتنی حزبی گەندەڵ بەئەندام لەسۆسیال ئینتەرناسیونالدا هیچ پاساوێکی نییە.

پێش ڕیسوابوونی دوو حزبەکەی بن عەلی و موبارەك، دوو حزبی تری ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیونال کەیەکێکیان بزووتنەوەی فەتحی فەلەستینیەو ئەوی تر پارتی گەلی کۆماری تورکیایە، بەگەندەڵی ناویان دەرکردبوو. یەکەمیان بەهۆی پەرەستاندنی گەندەڵییەوە، هەڵبژاردنی گشتیی بەرامبەر بەحەماس دۆڕاندو ئەوی تر، بەتایبەتی لەسەردەمی دەنیز بایکالدا، کەوتە دژایەتی کردنی کوردو تەگەرەیەکی زۆری لەپرۆسەی دیموکراتیزەکردنی تورکیا داو بەناوی پاراستنی عەلمانیەتەوە هاوپەیمانییەکی پتەوی لەگەڵ سوپاو کارناساندا دامەزراند.

لەڕاستیدا ئەو مەرجانەی کەسۆسیال ئینتەرناسیونال بۆ وەرگرتنی گرووپە ئەوروپییە تازەکان دایدەنێ، هەمان ئەو مەرجانە نین کەبۆ گرووپە نائەوروپاییەکان دایدەنێ و بەکردەوە بۆ گرووپە نائەوروپاییەکان ئەوەندەی کەسۆسیال ئینتەرناسیونال جەخت دەکاتە سەر ڕوخساری دەرەوە ئەوەندە جەخت ناکاتە سەر ناوەڕۆك و تالەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بێ، ناتوانێ پەیامی خۆی بەو جۆرەی کە دەیەوێ، لەدەرەوەی ئەوروپا بڵاو بکاتەوە. دەرکردنی حزبەکەی بن عەلی و موبارەك هەنگاوێکی دروستەو ڕەنگدانەوەی پەیبردنە بەپێویستیی تەتەڵەکردنی سۆسیال ئینتەرناسیونال لەئەندامی بێ کەڵکو گەندەڵ.



# ئیشکالیەتی چەمکی ئۆپۆزسیۆن لە دیموکراتیەتە تازەکاندا

## کاتێک ئۆپۆزسیۆن لە سندووقی دەنگدان نائومێد بوو ڕێساکانی دیموکراتی پێشێل دەکات





**((دەبێت ئۆپۆزسـیۆن ئیعتیراف بە شەرعیەتی حکومەت بکات، ئەگەر هاتوو ئەو حکومەتە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا هەڵبژێردرابوو، هەرچەندە ئەو کاتەش ئۆپۆزسـیۆن دەتوانێت ڕەخنەبگرێت، بەڵام نابێت پەنا بۆ شێواز و ئامرازە نادیموکراتیەکان ببات بۆ ڕووخاندنی سیستمە سیاسییەکە)).**

**پرۆفیسۆر جیری لاچ بۆ گوڵان**

لەوانەیە ئاماژەکردن بۆ دروست بوونی ئیشکالیەت لە تێگەیشتنی چەمکی ئۆپۆزسیۆن و ئەرك و مافەکانی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، یەکێك بێت لەو پرسانەی کە تۆژەرانی هاوچەرخ و سیاسەتسازانی ئەم سەردەمەی سەرقاڵ کردبێت و هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بن کە بتوانرێت چارەسەرێکی گونجاو بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و لایەنەکانی حکومەران بدۆزرێتەوە، ئەگەر ئەم دیاردەیە بۆ ئەو دەوڵەتانە وەك ئەوەی هنتگتن ناوی لێناوە شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی (واتە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیە تازەکان لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانەوە)، ئیشکالیەت بێت کە بوونە بەشێك لە پرۆسەی دیموکراتی، ئەوا پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە ناوچەیەکی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی عەرەبیدا کە وەك تەنیا ناوچە لەجیهاندا مانەوە و شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی نەیگرتنەوە، ئەگەر لەو ناوچەیە ئەزموونێکی دیموکراتی هاتبێتە ئاراوە، ئیشکالیەتی تێگەیشتن لە چەمکی ئۆپۆزسیۆن چۆن دەبێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، زۆر لەو پسپۆر و ئەکادیمیانەی بەردەوام پرسیاریان لێدەکەین، لەهەمبەر پرسیاری لەم جۆرە دەڵێن ئەمە ئەو پرسیارەیە کە وەڵامەکەی خەڵاتی یەك ملیۆن دۆلاری دەوێت، یان بەسادەیی پێمان دەڵێن ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارەم بزانیبایە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیم وەردەگرت، تێگەیشتن لەوەڵامی ئەم پسپۆر و ئەکادیمیانە بۆ ئیشکالیەتی تێگەیشتن لە رۆڵی حزب و ئەرك و مافەکانی ئۆپۆزسیۆن لەکۆمەڵگەی هاوشێوەی وەك ئێمەدا، ئەوەمان پێدەڵێت کێشەکە هەروا ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ ئەزموونێکی وەك ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان کە لەهەموو روویەکەوە تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی، نەك لەگەڵ بونیادی هەموو پرۆسە دیموکراتیەکانی جیهان هەیە، بەڵکو لەناو شەپۆلی سێیەمی دیموکراتیشدا، لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا دروست بووە کە بەهیچ کام لە پرۆسەکانی بونیادی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی لە ئەمریکای لاتینییەوە تا ژاپۆن و

جیری لاچ بۆ گوڵان:



## دەبێت ئۆپۆزسیۆن بە گیانێکی بەرپرسیارانەوە مامەڵە بکات ئەگەر ئیشکالیەتیک لەنێوان حزبە حکومڕانەکان و ئۆپۆزسیۆن دروست بوو، دەبێت سوود لەلایەنە ئیجابییەکانی وڵاتانی دیکە وەربگرن

لە رووسیای فیدرالیەوە تا باشووری ئەفریقیا بەراورد ناکرێت، کەواتە بۆ ئەوەی دەروازەیەك بکەینەوە و قسە لەسەر ئیشکالیەتی تێگەیشتن لە رۆڵی حزب (بە ئۆپۆزسیۆن و حکومڕانەوە) لە هەرێمی کوردستاندا بکەینەوە، کەواتە ئیشکالیەت لە تێگەیشتنی واقیعی ئێستای کوردستان لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە تایبەتمەندی و جیاوازییەکان فەرامۆش دەکەین و لەدەرەوەی واقیعی کوردستان موناقەشە دەکەین و لە دەرەوەی واقیعی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکان دەگەڕێین و بەدیل و ئەلتەرناتیف لەدەرەوەی واقیعی کوردستانەوە بۆ کێشەکان دەدۆزینەوە، بۆ ئەوەی لەم خاڵەوە بگەڕێینەوە بۆ ناو واقیعی کوردستان، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو تایبەتمەندیانەی لە خودی کۆمەڵگەکە بوونی هەیە، لێرەدا بۆ بەرچاو روونی خوێنەر، بەخاڵ دەستنیشانی دەکەین:

١. گرنگە دان بەوەدا بنرێت کە لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانەوە، تەنیا ناوچەیەك لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، هەنگاوی بۆ بونیادی دیموکراسیی هەڵگرتبێت، تەنیا و تەنیا هەرێمی کوردستان بووە. ئەمە بەو مانایە نییە کە پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان کامڵبووە و بێ کەموکورتیە، بەڵکو بەو مانایەی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق و بەشێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێك لە دەوڵەتانی ئیسلامی تەنیا ناوچەیە بڕیاریداوە سیستەمی حکومڕانی وەك باشترین سیستەم لە نێو سیستەمەکانی حکومڕانی بۆ داهاتووی خۆی دەستنیشان بکات، ئەوجا ئەم پرۆسە دیموکراتیەی دەستی پێکراوە چەند سەرکەوتوو بووە و چەند کەموکورتی هەیە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، لەبەر ئەوەی قسەی ئێمە لەسەر ئیرادەی هەڵبژاردنی دیموکراتیە وەك سیستەمی حکومڕانی، نەك هەڵسەنگاندنی سیستەمە دیموکراتیەکە، جیاوازییەکە ئەوەیە هەتا ئێستا لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی مەترسی سەرەکی ئەوەیە کە ناتوانن بڕیار بدەن و سیستەمی دیموکراتی وەك بەدیل بۆ سیستەمی ئێستای حکومڕانی دەست نیشان بکەن.

٢. لەوانەیە هەندێك، تورکیا وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی یان لوبنان وەك دەوڵەتێکی عەرەبی، یان ئیسرائیل وەك دەوڵەتێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ئەو خاڵەی ئاماژەمان پێکرد بە نموونە بهێننەوە، هەر بۆیە لەوەڵامی ئەو بەڕێزانە دەڵێین ئێمە باسی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی دەکەین، وێڕای چەندین سەرنج و تێبینی لەسەر کەموکورتی پرۆسەی دیموکراتی لەو سێ وڵاتەش هەیە، بەڵام تورکیا و لوبنان و ئیسرائیل، خۆیان قبوڵ ناکەن بە دەوڵەتانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی لە قەڵەم بدرێن، ئەم سێ دەوڵەتە زۆر پێش ساڵی ١٩٨٩ -١٩٩٢ جۆرێك لە شێوازی هەڵبژاردن و پەرلەمانیان پیادەکردووە، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو وڵاتانە بەحەزەرەوە سەیری هەڵبژاردن و ژیانی پەرلەمانیان دەکرێت.

٣. هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩١ بڕیاریدا بەرێگەی هەڵبژاردن و سندوقی دەنگدان لە سفرەوە دامەزراوە




شەرعیەکانی خۆی بونیاد بنێتەوە، نەك هەر نەیتوانی سوود لە ئەزموونی ناوچەیی و هەرێمی خۆی وەربگرێت، لەبەر ئەوەی لە ناوچەیەکدا بڕیاریدا ئەم ئەزموونە دەست پێبکات، نامۆ بوو بە دیموکراتی، لە هەمانکاتدا گەلەکەشی وەك گەلی کورد و گەلی کوردستان لەناوەندە ئەکادیمیەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە ناسراو نەبوو، مەبەست لە ناسراو نەبوون ئەوەیە مەسەلەی بونیادی دیموکراتی هەرێمی کوردستان، وەك مەسەلەی تایوان نەبوو کە ئەمریکا وەك کەمپێك لەبەرامبەر کۆماری چینی کۆمۆنیستی سەیری بکات، مەنگۆلیا نەبوو لە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی کۆمونیستی سۆڤیەت و چیندا بێت و هەوڵبدرێت بە هەر رێگەیەك بێت بگۆڕدرێت بۆ پێگەیەکی دیموکراتی، ئەمە ببووە هۆکاری ئەوەی تا ئەو ناوەندە ئەکادیمی و سینتاکسەکانی رۆژئاوا (ئەوروپا و ئەمریکا) نامۆ بوون بەوەی دیراسەتی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەن و رێگەمان پیشانبدەن چۆن بونیادی دیموکراتی بنێن، بۆیە ئەگەر وەك (لی کوان یو) سەرۆکی سەنگافورا لە کتێبەکەی خۆیدا (لە جیهانی سێیەمەوە بۆ جیهانی یەکەم) ئاماژەی پێکردووە و سەرلەنوێ سەنگافورا پێناسە دەکاتەوەو دەڵێت: دوای سەربەخۆیی سەنگافورا، سەیرم کرد سەنگافورا لە هیچ شوێنێکی دنیا ناچێت، هەتا بۆ بونیادنانەوە لاسایی بکەمەوە، کتێبێك نەبوو باسێکی هاوشێوەی بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی وەك سەنگافورای تێدابێت هەتا سوودی لێوەربگرم، بۆیە ناچار بووم خۆم کتێبێك بۆ بونیادنانەوەی سەنگافورا دابنێم و لەسەر ئەو کتێبە سەنگافورا بونیاد بنێمەوە)) ئەو کتێبەی (لی کوان یو) بۆ ئێمە وەك کورد سوودێکی هێجگار گەورەی دەبێت ئەگەر بە وردی بیخوێنینەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمەش بە هەمان شێوەی لی کوان یو، بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی خۆمان، ئەوا دەبینین نەك کتێب، بەڵکو یەك وەرەقەش لەهەموو ناوەند و کتێبخانەکانی جیهاندا نادۆزینەوە بە تەنیا وشەیەك باسی بونیادی دیموکراتی لەکوردستاندا تێدا کرابێت، باسکردن مەبەست ئەوەیە کە وەك توێژینەوەیەك باسکرابێت چۆن بونیادی پرۆسەی دیموکراتی لەم هەرێمە دەستی پێدەکرێت، هەروەها نموونەیەکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لەرووی سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە بوونی نییە کە بەهێڵی پانی ٣٦ نەوای ئارامی بۆ دروست کرابێت، راستە هەردوو کۆریای باکوور و باشوور بەهێڵی پانی ٣٨ جیاکراونەتەوە، بەڵام ئەو هێڵە بووە سنووری نێوان دوو دەوڵەت، بەڵام هێڵی ٣٦ بۆ جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە رژێمی ئەوکاتی

**دەبێت موعارەزە ئیعتیراف بە شەرعیەتی حکومەتەکە بکات ئەگەر هاتوو ئەو حکومەتە لە پرۆسەیەکی دیموکراتی هەڵبژێدرابوو. نابێت پەنا بۆ شێواز و ئامرازە نادیموکراتیەکان ببات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکە**



بەغدا، نەك هەر كوردستانی نەكردە دەوڵەتێكی سەربەخۆ، بەڵكو لەمافی هاوولاتیبوونی عێراقیش بێبەشی كرد و راشكاوانەتر سەروو هێڵی ٣٦ بووە كەمپێكی گەورەی پەنابەران بۆ ئەوەی لەدەستدرێژی رژێمی عێراق بپارێزرێت، ئەمە لەدوای كۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانییەوە تا كۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئەزموونی یەكەم بوو كە نەتەوە یەكگرتووەكان بە بڕیاری ٦٨٨ دروستی كردبوو.

٤. لەسەر ئاستی رۆشنبیرانی كوردستانیش لەبەر ئەوەی زیاتر رۆشنبیری ماركسی وەك رۆشنبیری سەردەم لەناو رۆشنبیراندا زاڵ بوو، لەناو سیاسەتمەدارانی كوردیشدا بەزرۆی ئایدۆلۆژیەتی ماركسی و كەمێكیش ئایدۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسی باڵادەست بوو، هەر بۆیە لەوانەیە لەسەر ئاستی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی كوردستانیش ئەگەر باسی بایەخی دیموكراتی بەچەند وتارێك وەك ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن كرابێت، كە ژمارەی ئەو وتارانە لە ژمارەی پەنجەكانی دوو دەست تێپەڕی نەكات، بەڵام باسی میكانیزمی پرۆسەی بونیادی دیموكراتی وەك پرۆسەیەكی هاوچەرخ لە چوارچێوەی بونیادی لیبرال دیموكراتیدا بوونی نەبووە.

٥. لایەنێكی دیكە كە زیان بوو بۆ پرۆسەی دیموكراتی ئێمە لە هەرێمی كوردستاندا، ئەوە بوو ئێمە خۆمان بەم پێگە جوگرافییەی ئەم ئەزموونە دیموكراتیەمان لەسەر دروست كردبوو، پێمان دەوت هەرێمی كوردستان، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی پێی دەوترا ناوچەی دژە فڕین (NO FLY ZONE)، لەسەر ئاستی نەتەوە یەكگرتووەكان وەك سێ پارێزگا لە بارودۆخێكی ئیستیسنائی سەیر دەكراین، تەنانەت كە بڕیاری ٩٨٦ بۆ فرۆشتنی نەوت بەرامبەر خۆراك دەرچوو، بەشە داهاتی هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) وەك سێ پارێزگاكەی ناوچەی دژە فڕین حسابیان بۆ كرا و پارەكەی لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە گلدرایەوە، ئەمە یەكەمجارە لە مێژووی دیموكراتیدا، دەوڵەتانی دیموكراتی و نەتەوەیەكگرتووەكان دەسەڵاتێك نەناسن و ئیعترافی پێنەكەن، كە لە دەسپێكی بونیادی دیموكراتیدا بێت،

**دۆناڵد گرین بۆ گوڵان:**



# ئەگەر ئۆپۆزسیۆن گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکان مەحاڵە، ئەوکات هیچ هەست و سۆزێکی بۆ دامەزراوەکان نامێنێت و هەوڵدەدات دژایەتییان بکات

گرنگە هەڵوەستە لەسەر ئەو خاڵە بکەین و رابووەستین، کاتێك باس لە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەم ئەزموونە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ هیچ ئیعترافێکی رەسمی پێنەکراوە، ئەوەی پێشی کراوە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە، وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقدا، نەك ئەزموونێکی دیموکراتی سەربەخۆ.

٦. لەمەش گرنگتر دوای ئەوەی یاسای کاتی بۆ قۆناغی ئینتیقالی و دواتر دەستووری عێراق ئیعترافیان بە هەرێمی کوردستان کرد وەك هەرێمێکی فیدرالی لەچوارچێوەی عێراقدا، نزیکترین دەوڵەتی دیموکراتی لێمانەوە کە تورکیای دراوسێمان بوو، لەهەموان زیاتر زۆر بەتوندی دژی ئەو ئیعترافەی دەستووری عێراق راوەستایەوە و تەنانەت هەتا ساڵی ٢٠٠٩ ئامادە نەبوو هیچ مامەڵەیەك بەناوی هەرێمی کوردستانەوە لەگەڵ ئەم هەرێمە بکات و رای گشتی تورکیا قبوڵی نەدەکرد نەك ناوی هەرێمی کوردستان، بەڵکو کوردستانی عێراقیش لە رۆژنامەکانی تورکیا بەکار بهێنرێت، ئەمەش بەو مانایە دەڵێین کە وێڕای ئەوەی پرۆسەیەکی دیموکراتیمان لە ناوچەیەکی نامۆ بەدیموکراتی دەست پێکرد، لەهەمانکاتدا هەلومەرجی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و تەنانەت عێراقیش دژی ئەو هەوڵانەبوون و نەیاندەویست لەم هەرێمە ئەزموونێکی دیموکراتی بوونی هەبێت.

٧. لایەنێکی دیکە کە ئەویش هۆکارێکی سلبی بوو بۆ ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان، لاوازی ئاستی کەڵچەری دیموکراتی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، بێگومان هۆکاری لاوازییەکە ئەوە نەبوو هاووڵاتیانی ئێمە حەزیان لە دیموکراتی نییە، یان بێجگە لەدیموکراتی بەدیلێکی دیکەیان بۆ حکومڕانی هەیە، نەخێر هۆکارەکەی ئەوەبوو کە پاشخانی مەعریفی زۆربەی هەرە زۆری رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی ئێمە، لەسەر ئاستی مەعریفە و کتێبخانەی عەرەبی و فارسی بونیاد نرابوو، بەداخەوە لەسەر هەردوو ئاستی مەعریفی و کتێبخانەی فارسی و عەرەبی، رۆشنبیری دیموکراتی خۆی لاواز بوو، لەمەش زۆر خراپتر لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەیارێکی دیموکراتی نەبوون هەتا بەدیلی دیموکراتی بۆ حکومڕانی رژێمە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکان ئامادە بکەن، ئەوا سەرچاوەی مەعریفی رۆشنبیران و سیاسەتمەداران بریتی بووە لە دژایەتیکردنی دیکتاتۆر و خۆ بینینەوە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیەتی مارکسی یان ئایدۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیی، ئەمەش زۆر راشکاوانە واتە گۆڕینەوەی دیکتاتۆر بووە بە دیکتاتۆرێکی دیکە، هەربۆیە رۆشنبیرانیش پێگەی راستەقینەی خۆیان لەم واقیعە ونکردووە، راستە لایەنگیری ئۆپۆزسیۆن و دژایەتی دیکتاتۆریان کردووە، بەڵام راشکاوانە مێژووی ٥٠ ساڵی رابردووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی پێمان دەڵێت، کاریگەریان نەبووە لەسەر ئەوەی بەدیلی دیموکراتی بۆ رژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دروست بکەن، هەر بۆیە ئەم پاشخانە مەعریفیە فارسی و عەرەبییەی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کوردستان پشتیان پێدەبەست، فێری کردن چۆن دژایەتی رژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارییەکان بکەین، بەڵام فێری نەکردین چۆن بونیادی دیموکراتی دەنرێت.

٨. هەڵایسانی شەڕی ناوخۆی لوبنان لە ساڵی ١٩٧٥ هاوکات بوو لەگەڵ دەسپێکی شەپۆلی دووەمی دیموکراتی، واتە دەسپێکی بونیادی دیموکراتی لە یۆنان و ئیسپانیا و پورتوگال، ئەم شەڕە بووە هۆکاری ئەوەی کە دەزگاکانی پەخش و وەشاندنی لوبنان لە بواری وەرگێڕان ئاستەنگیان بۆ دروست بێت و وێستگەی رۆشنبیری بگوازرێتەوە بۆ دیمەشق و قاهیرە، ئەم گواستنەوەیە بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت لە سووریا و میسر ئەو کتێبانە وەربگێڕێن کە باسی کۆتایی هێنان بەدیکتاتۆری و وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی، لەسەر ئاستی هێزە سیاسییەکانیش لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیای باڵادەست تەیارە ئیسلامیەکان بوون، بۆیە ئەزموونی وەرچەرخان لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراتی، هەروەها هەوڵەکان بۆ بونیادی حزبی سیاسیی دیموکراتی پشت گوێ خران و کتێبخانەی عەرەبی

**هاوبەشکردنی دەسەڵاتەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن باشترین رێگەیە. لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوودا سەلمێندراوە کە پاش گەیشتنی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵات دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی وێرانکردووە**

لەو ئەزموونانە بێ بەشکرا، تەنانەت محەمەد حەسەنێن هەیکەل کە دوای رێککەوتنی میسر لەگەڵ ئیسرائیل وەك کەسایەتییەکی دیموکراتی سەیر دەکرا و مەزندەی ئەوەی لێدەکرا حزبێکی دیموکراتی لە میسر دروست بکات، پێش ئەوەی بخرێتە بەندیخانەوە کتێبێکی وەك نامەیەك بە ناونیشانی (ئاشتی مەحاڵە و دیموکراتی بوونی نییە) بۆ ئەنوەر سادات نارد، راستە لەو کتێبە باسی ئەزموونی دیموکراتیزەکردنی یۆنان و ئیسپانیا و پرتوگال دەکات، بەڵام دامەزراندنی حزبێکی سیاسیی بۆ بونیادی دیموکراتی

لەمیسر ڕەتدەکاتەوە، ڕاستە نەبوونی حزبی سیاسیی دیموکراتی نەبووە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکی میسر بێزاری خۆیان لە سادات دەربخەن و بووە هۆکاری ئەوەی سادات تیرۆر بکرێت، ڕاستە هەیکەل ئەو توڕەبوونەی شەقامی میسری ناو لێنا(پایزی توڕە)، بەڵام پایزی توڕە تەنیا ساداتی بەموبارەك گۆڕی، هەروەك چۆن (هەینی توڕە) موبارەکی بە عومەر سلێمان گۆڕی، ئەمانە پێمان دەڵێن دەشێت هۆشیاری بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆری لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوونی هەبێت، بەڵام هۆشیاری و ڕۆشنبیری بونیادی دیموکراتی هەتا ئێستاش بوونی نییە.

**نەبوونی حزبی دیموکراتی**
**کارسات بۆ دیموکراتی دروست دەکات**

پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناوچەیەکەوە، کە پرۆسەی سیاسی لەو ناوچەیەدا (دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی) بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر حزب لە خۆیان دەگرن کە بریتین لە حزبی قەومی و حزبی ئایینی، ئەوجا حزبە قەومیەکان بەشێوەیەك تەفسیر بۆ قەومیەت دەکەن، کە وڵاتەکە هەمووی یەك قەومە و قەومەکەش نەتەوەی باڵادەستە، بۆیە هەموو حزبە قەومیەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هەموو حزبێکی قەومی نازناوی نیشتمانی بۆ خۆی زیادکردووە، لەبری ئەوەی بڵێت حزبی قەومی عەرەبی یان حزبی قەومی تورکی یان فارسی، خۆیان وەك حزبێکی نیشتمانی ناساندووە، وەك حزبەکەی حوسنی موبارەك کە ناوی حزبی وەتەنی بوونی بوو، لە بەرامبەردا حزب و تەیارە ئیسلامیەکان، بەتایبەتی ئیخوان موسلمین، لەبری ئیسلامیان کردۆتە مورادیفی قەومیەت، واتە موسڵمانان برای یەکترین بە جیاوازی زمان و ڕەنگەوە و ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئایینە، بۆیە مرۆڤ کە موسڵمان بوو گرنگ نییە کورد بێت یان عەرەب یان فارس یان تورك، ئەوەی برای تۆیە ئەو کەسەیە کە هاو ئایینی تۆیە، نەك هاوزمان و هاونیشتمانی تۆیە، بەڵام ئەم تەیارە ئیسلامیەش تایبەتمەندی خۆی کردووە بە نیشتمان و بە قەومیەت، هەر بۆنموونە موسڵمانە پاکستانییەکان لەبەر ئەوەی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆن، ئەوا برا

**ئەلیزابیس هارت بۆ گوڵان:**



**دیموکراتی پێویستی بەوە هەیە هەردوولا، ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بە نیبەتپاکیەوە لە یەك بڕوانن. هەروەها خەڵکی چاوەڕێی ئەوە دەکات هەردوولا بە گیانی بەرپرسیارێتیەوە مامەڵە بکەن**

موسڵمانەکان واتە پاکستانییەکان، تورکیا لەبەر ئەوەی دەوڵەتە، ئەوا برا موسڵمانەکان واتە ئەوەی لەو نیشتمانە بژی دەبێت تورك بێت، بەڵام بۆ کەمینە یاخود ئەو نەتەوانەی خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین، ئەوا دەبێت کەمینە خاوەنی هەمان ناسنامەی برای زۆرینە بێت، ئەگەر عەرەب بێت، دەبێت ئەویش عەرەب بێت و ئەگەر تورك بوو دەبێت ئەویش تورك بێت، بەهەمان شێوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی لە حکومڕانیدان پێیان وایە هاونیشتمانی دەبێت ناسنامەی قەومیەتی باڵادەست بێت، ئێستا لەسووریا بۆیە ناسنامەی هاووڵاتیبوون نادەنە کورد لەبەر ئەوەی هێشتا دەسەڵاتی ئەو وڵاتە ڕازی نییە کە بەهاووڵاتی قەومی سەردەستیش تۆماریان بکات، ئەم حاڵەتە کە ئێستا لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بە ئاشکرا بوونی هەیە، مەغزای مافی هاووڵاتیبوونی بە ئاستێك گۆڕیووە کە هاووڵاتی هەست بەبوونی خۆی ناکات، هەر بۆنموونە، بە مەفهومی ڕژێمە دەسەڵاتدار و دیکتاتۆرەکان، مافی هاووڵاتیبوون واتە تواندنەوەی هەموو نەتەوەکان لە چوارچێوەی نەتەوەی سەردەستدا، پاشان چەوسانەوەی هەموو نەتەوە پێکەوە وەك یەك، لەبەرامبەریشدا، لایەنی ئۆپۆزسیۆن یان موعاریز لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تۆتالیتارییەکان، لەبەر ئەوەی وەك بەدیلێکی دیموکراتی بوونی نییە، لەبری ئەوەی هەوڵبدات مافی هاووڵاتیبوون بگێڕێتەوە بۆ ڕێچکە ڕاستەکەی خۆی، هەوڵدەدات بیگۆڕێت بۆ تێگەیشتنێکی دیکە کە ئەویش هەر پێچەوانەی مافی هاووڵاتیبوون و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهانی سەردەمدا بێت، ئەوجا بوونی ئەم دوو لایەنە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و موعارەزەی نادیموکراتی وایکردووە کە هەست بە ڕۆشنبیری دیموکراتی و تێگەیشتن لە چەمکی دیموکراتی نەکرێت و نەزانرێت چۆن هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵبگیرێت، لەمەش خراپتر لەبەر ئەوەی لەبەرچاوی دەستەبژێری ڕۆشنبیر هەردوو شێوازی حزبەکانی دەسەڵات و حزبەکانی موعارەزە وەك دوو توخمی نادیموکراتی سەیر دەکرێت، دەبینین لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ڕۆشنبیران دژی بوونی حزب ڕادەوەستن و ئەوەشی خۆی بە حزبی بزانێت، ئەوجا چ حزبی دەسەڵاتدار بێت یان حزبی موعارەزە وەك دوولایەنی دژ بە دیموکراتی سەیر دەکرێت و بەشێوەیەکی ڕەها بوونی حزب ڕەتدەکرێتەوە و زیاتر پشتگیری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەنەوە، دەوڵەتانی ڕۆژئاواش لەبەر ئەوەی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی حزبی دیموکراتی لە ژینگەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی دروست نابێت، بۆیە هەمووکات پشتگیری سەنتەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەنەوە کەمتر بایەخ بە حزبە سیاسییەکان دەدەنەوە، لە هەمانکاتیشدا پشتگیری هەموو ئەو دەسەڵاتانەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکەن کە وەك ڕێگرێك لەبەردەم زیاتر سەرهەڵدانی تەیاری ئیسلامی، بواریان بەدەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان داوە ڕێگە نەدەن حزبی سیاسیی ئیسلامی دروست بێت یان مۆڵەتی پێبدرێت، تەنانەت ئەگەر سەرکردەی حزبە سیاسییەکانیش مەیلێکی ئیسلامیان هەبێت، ئەوا نابێت حزبە سیاسییەکان پاشگری ئیسلامی پێوە بێت، لەهەمانکاتدا دەبێت پابەندی ئەو دەستوورە بن کە ئەو دەوڵەتانە دایانڕشتووە، باشترین نموونە لەمبارەوە حزبی داد و گەشەپێدانی

تورکیایە، کە وەك حزبێکی ئیسلامی ناسراوە، بەڵام ناوەکەی ئیسلامی پێوە نییە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین و سەیری پڕۆژەی ئەو دەستوورە بکەین کە ئامادەکراوە بۆ دەنگدان، ئەم جیاوازیانە دەبینین:

١. بەپێی یاساکانی ئێستا و دەستووری کوردستان مۆڵەت دان بە حزبی سیاسیی ئیسلامی قەدەغە نەکراوە، ئێستا لەکوردستان چەندین حزبی ئیسلامی نەك هەر مۆڵەتیان هەیە، بەڵکو بەشدارن لە پرۆسە سیاسییەکە وەك (یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی ).

٢. بەپێی یاساکانی ئێستا و دەستووری کوردستان هەموو نەتەوەیەك مافی خۆیەتی بەناوی نەتەوەی خۆیەوە حزب و رێکخراو و بزووتنەوەی خۆی هەبێت، ئەمەش وەك ئەوەی دەبینن چەندین حزب و رێکخراو و بزووتنەوە بەناوی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستانەوە (تورکمان، کلد و ئاشور) مۆڵەتیان پێدراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە مافی هاووڵاتیبوون لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی مافی هاووڵاتیبوون لەسەر بنەمای رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ پێناسەکراوە، لە تورکیا کە وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی پێناسە دەکرێت هەتا ئێستا مۆڵەت بەو حزبانە نادرێت کە ناوی نەتەوەیەکی غەیرە تورك پاشگری بێت، بۆ نموونە لەکوردستان ئاساییە حزبی برایەتی تورکمان هەبێت، بەڵام لە تورکیا ئاسایی نییە پارتی برایەتی کورد، یان ئەرمەن یان هەر نەتەوەیەکی دیکە هەبێت.

کەواتە جیاوازی نێوان بارودۆخی سیاسیی کوردستان و یاساکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بارودۆخی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی ئەو راستیەمان پیشاندەدەن کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە حزبی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن و بەو حزبانەشی کە قەوارەیان بچووکە و نەیانتوانیوە بەشداری پەرلەمان و حکومەت بکەن، بڕوایان بەدیموکراتی هەیە و سیستمی حکومڕانی دیموکراتی لە هەموو سیستمەکانی دیکەی حکومڕانی بە باشتر دەزانن، ئەمەش بۆتە ئەو چوارچێوەیەی کە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی بەجیاوازی ئایدلۆژی و نەتەوەو ئایینەوەی لەناو پرۆسەیەکدا کۆکردۆتەوە کە بەپرۆسەی دیموکراتی هەرێمی کوردستان ناو دەبرێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسە دیموکراتیە جیاوازە و ئەم هەموو دەسکەوتەی هەیە، ئیدی دەبێت پێیدا هەڵبوترێت و رەخنەی لێنەگیرێت؟ بێگومان میتۆدی ئەم نووسینە تەواو تەواو پێچەوانەی ئەو بیروبۆچوونانەیە کە بەو ئاراستەیە بیر دەکەنەوە، یان پێیان وایە لەبەر ئەوەی بە دیموکراتی ناوزەد دەکرێن ئیتر نابێت هیچ رەخنەیەکیان لێبگیرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە کاتێك سیستمی سیاسیی کوردستان وەك دیموکراتی پێناسە دەکەین، راشکاوانە حزبە سیاسییەکان و حکومەت و پەرلەمانیش رووبەڕووی کۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی گەورە دەکەینەوە، کە لێرەدا ئاماژەین پێدەکەین:

- کاتێك ئەم سیستمە وەك سیستمێکی

**دیموکراسی پرۆسەیەکە دەبێت رۆژانە سەرقاڵی بنیادنانی بین، واتە ناگەینە دۆخ و حاڵەتێك بتوانین بڵێین دیموکراسی بە کۆتا گەیشتووە و چیتر پێویستی بەوە نییە کاری بۆ بکەین**

دیموکراتی پێناسە دەکەین، تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە حزبە سیاسییەکان دروشم و بەرنامەکانیان دیموکراتی بن، بەڵکو پێویستە خودی حزبەکان دیموکراتی بن و ئەو دروشم و بەرنامانە لە ژینگەیەکی تەندروستی دیموکراسیانە و لە چوارچێوەی بڕیاری هاوبەشی ئەو حزبە کرابنە دروشم یان بەرنامە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا.

- کاتێك ئەم سیستمە وەك سیستمێکی دیموکراتی پێناسە دەکەین و دەنگ بە حزبێك یان ئیئتیلافێکی سیاسی دەدەین بۆ ئەوەی بۆماوەیەکی دیاریکراو حکومڕانی بکات، چۆن ماف بە حزبە حکومڕانەکان نادەین خراپ سوود لەدەنگ و ئیرادەی دەنگدەر وەربگرن، بەهەمان شێوە رێگە بە ئۆپۆزسیۆنیش نادرێت دەستدرێژی بکاتە سەر ئەو متمانەیەی دراوە بەو حزبانە هەتا ماوەی نێوان دوو خولی هەڵبژاردن تەواو دەبێت، کاتێك ئاستی خراپ سوود وەرگرتن لە دەنگی هاووڵاتیان گەیشتە ئەو ئاستەی متمانە لە حکومەت وەربگیرێتەوە، ئەوا نوێنەرانی خەڵك لەپەرلەماندا بوونی هەیە و دەتوانێت متمانە لەحکومەت وەربگرێتەوە، یان ئەگەر نوێنەرانی پەرلەمانیش نەیتوانی ئەو کارە بکەن و بارودۆخ وای پێویست کرد پەرلەمان و حکومەت هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوا تەنیا سەرۆکی وڵات(لەکوردستاندا سەرۆکی هەرێم)ئەو مافەی هەیە پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە و بانگێشە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات، بێگومان ئەم هەنگاوەی سەرۆکیش نابێت هەنگاوێکی مەزاجیانە بێت، بەڵکو دەبێت رێوشوێنە دەستوورییەکان پاڵپشتی لێبکەن.

- کاتێك ئەم سیستمە بە سیستمێکی دیموکراتی ناو دەبەین، واتە بەپێی رێساکانی دیموکراتی پرۆسە دیموکراسیەکە بەڕێوە دەچێت و ئامانجی هەموو حزبەکان بە حزبەکانی حکومڕان و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێتە پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکە، ئەمەش واتە دەرچوون لە بنەماکانی دیموکراتی تەنیا بۆ ئەو حزبانە نییە کە ئێستا حکومڕانی دەکەن، بەڵکو بۆ هەموو ئەو حزبانەیە کە بەشداری لەپرۆسەی سیاسیدا دەکەن، لەم حاڵەتەدا ئەگەر لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن بیەوێت ئینتقائیانە سەیری سیستمی دیموکراتی بکات و ئەو لایەنانەی بۆ بەرژەوەندی خۆی باشە پێوەی پابەند بێت و ئەو لایەنانەی بۆخۆی باش نییە پێشێلی بکات، ئەمە لەناو پرۆسەکە ناتوانێت تاسەر بەردەوام بێت، هەر بۆ نموونە بزووتنەوەی گۆڕان ئێستا بەم شێوازە ئینتقائیە سەیری پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان دەکات، ئەو لایەنەی کە بواردانە بەرەخنە و دەرخستنی کەموکورتیەکان سوودی لێوەردەگرێت و بەکاری دەهێنێتەوە بۆ لێدانی شەرعیەتی یاسایی و دەستووری دامەزراوەکانی وڵات، وەك پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم ئیزدواجیەتە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیموکراتی و یاری کردن بۆ مەبەستی سیاسیی بە رێساکانی دیموکراتی زیانێکی هێجگار گەورە و مەترسیدار لە پرۆسە

کارین هندرسن بۆ گوڵان:



# شێوازی کارکردنی ئۆپۆزسیۆن پەیوەستە بە بارودۆخی وڵاتەکە. لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت بەشێوەیەکی زیاتر بە ئازادی و بونیانتەر بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بکات

دیموکراتیەکە دەسرەوێنێت؟

- کاتێك سیستەمی حکومڕانی کوردستان بە دیموکراتی پێناسە دەکەین، حزبە ئیسلامیەکان مافی خۆیانە نیگەران بن ئەگەر بە حزب و تەیارە سیاسییە توندڕۆکانی وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی بەراوردیان بکەین، ئەو حزبانەی هەڵگری ئایدلۆژیەتی چەپن و بەشداری پرۆسە دیموکراتیەکە دەکەن، نابێت بە حزبی ستالینی و ناو و ناتۆرەی تر لەکەدار بکرێن، لەبەرامبەریشدا ناکرێت حزبە سیاسییەکان لەبەر ئەوەی لە حکومەت بەشدارنین، حکومەت و پەرلەمان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆر بەراورد بکەن، ئەسڵەن پەنابردن بۆ بەراوردکردنی سیستەمی حکومڕانی کوردستان بە سیستەمی حکومڕانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، پێش هەموو شت ناشرینکردنی رووی ئەو حزبانەیە کە پەنا بۆ ئەو بەراوردکارییە دەبەن.

## رۆڵی حزبی سیاسیی لە پرۆسەی دیموکراسیدا

ئەوانەی پێیان وایە بەبێ بوونی حزبی سیاسیی بەهێزی دیموکراتی، دیموکراتی بونیاد دەنرێت، لە ئەلف و بێی دیموکراتی تێنەگەیشتوون و سەربەستن چۆن پێیان خۆشە ئەم بۆچوونە پێچەوانە بکەنەوە و سەربەستن بە بەڵگە و بەنموونە خەڵکی کوردستان و هەوادار و لایەنگرانی خۆیان قەناعەت پێبکەن، تەنانەت ئەگەر دیموکراسی بەبێ حزبی سیاسیش بونیاد بنرێت (وەك دیموکراتیەتی ئەمریکا)، ئەوا پێداویستیەکانی کۆمەڵگە و دۆزینەوەی بەدیل بۆ کێشەکان و رێکخستنی نوێنەرایەتی هاووڵاتیان خۆی دەبێتە پێویستیەك بۆ دروست بوونی حزبی سیاسیی، بەڵام لێرەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات، ئایا دەتوانین لە رەفتاری حزبە سیاسییە جیاوازەکانەوە، شێوازی دیموکراتیە جیاوازەکان دیاری بکەین؟ بێگومان پسپۆران و بیرمەندانی سیاسیی ئەمە بە کارێکی قورس و نیمچە مەحاڵ دەزانن و پێیان وایە ئەدای حزبی سیاسیی نەك دروشم و بەرنامەکان شێوازی دیموکراتیە جیاوازەکان دیاری دەکات، هەر بۆنموونە لە هەموو دیموکراتیەکانی جیهاندا (مەبەست دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی-یە)، نوێنەرایەتی لە رێگەی حزبە سیاسییەکانەوە رێکدەخرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا کە نوێنەرایەتی دەدرێتە حزبی سیاسیی ئایا حزبە سیاسییەکە وەك ئەوەی دەنگدەر چاوەڕێی لێدەکات هەمان رۆڵی نوێنەرایەتی لە پەرلەماندا دەگێڕێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە مێژووی دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی پێمان دەڵێت، هەرگیز حزبە سیاسییەکان لەهیچ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا بەتەواوەتی نەیانتوانیوە بەو ئاستە ئەدای نوێنەرایەتی دەنگدەران بکەن کە دەنگدەران چاوەڕێیان لێدەکەن، هەر ئەمەشە پرۆسەی دەستاوەدستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی رێکخستووە، کاتێکیش باسی پرۆسەی دەستاوەدستکردنی دەسەڵات دەکەین، ئەوا باسی ئەو سیستەمە حزبیە دەکەین کە سیستەمێکی فرەیی حزبی لەخۆی دەگرێت، کەواتە کە باسی بوونی حزب دەکەین بۆ بونیادی دیموکراتی، مەبەست تەنیا ئەو حزبانە نین کە لە پرۆسەی دەنگداندا حکومەت دروست دەکەن، بەڵکو مەبەست هەموو حزبەکانە بە حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە، تەنانەت هەندێك پێیان وایە بەبێ ئۆپۆزسیۆن حکومڕانی بوونی دەبێت، بەڵام بەبێ ئۆپۆزسیۆن دیموکراتی بوونی نابێت، سەبارەت بە بایەخی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی دیموکراتیدا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جیری لاچ ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی (Olomouc) لە کۆماری چیك کرد و لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ئاماژەی بەگرنگی ئۆپۆزسیۆن کردو وتی: (ئەرکی سەرەکی ئۆپۆزسۆن بریتییە لە تەرحکردنی چارەسەر بۆ پرسە سیاسییەکان، بۆ کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، واتە دەبێت موعارەزە بە گیانێکی بەرپرسیارانەوە مامەڵە بکات. ئەگەر ئیشکالیەتێك لەنێوان حزبی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن دروست بوو، دەبێت سوود لەلایەنە ئیجابیەکانی وڵاتانی دیکە وەربگرن، واتە سوودوەرگرتن لە لایەنە ئیجابیەکان، لە هەڵەکانی ئەزموونی رابردووی تێکرای وڵاتان بە تایبەتی ئەزموونی ئەو وڵاتانەی بە قۆناغی ئینتیقالیدا رۆیشتوون، بۆ نموونە ئەزموونی وڵاتانی ناوەڕاست و باشووری ئەوروپا و وڵاتانی ئەمریکای لاتین، بەڵام پێم وایە ئەزموون و دەرسەکان گشتین، واتە دەبێت لەگەڵ هەل و مەرج و تایبەتمەندی کۆمەڵگەدا بگونجێنرێت، واتە نابێت لە پێناو خزمەتکردن بە بەرژەوەندی تایبەتی نوخبەیەك یان گروپێکی سیاسی دیاری کراوا بێت، رەنگە موعارەزە لە قۆناغی ئینتیقالیدا تەنیا توانای رەخنەگرتنی هەبێت، بێ ئەوەی بتوانێت چارەسەر بۆ کێشەکان تەرح بکات. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە باس لە حاڵەتی میسالی بکەین، ئەوا موعارەزە، یان ئەو لایەنانەی رۆڵی موعارەزە دەبینن دەبێت پابەند و پەیوەست بن بە چەند بنەمایەکی سیاسی دیاری کراوەوە. هەربۆیە مەسەلەی سەرەکی لە هەر هەلومەرج و قۆناغێکی ئینتقالیدا بریتییە لە بوونی لێبوردەیی دوولایەنە لەنێوان پارتی حکومڕان و لایەنەکانی موعارەزەدا، واتە دەبێت هەردوولا فێری ئەوە ببن، خۆیان لەگەڵ ئەوەدا رابهێنن کە تا رادە و مەودایەکی دیاری کراو بۆچوونەکانی یەکتر قبوڵ بکەن. کارێکی تەواو هەڵەیە ئەگەر حکومەت تەواوی بۆچوون و تەرحەکانی موعارەزە رەت بکاتەوە، لە هەمان کاتدا هەڵەیە موعارەزە هەموو کارەکانی حکومەت بە هەڵە و سلبی بخاتەروو.

ئەمە شێوازێکی سەرکەوتوو نییە. ئەمەش بەو مانایە دەڵێم دەبێت موعارەزە ئیعتیراف بە شەرعیەتی حکومەتەکە بکات ئەگەر هاتوو ئەو حکومەتە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا هەڵبژێدرابوو. هەرچەندە ئەو کاتەش موعارەزە دەتوانێت ڕەخنەبگرێت، بەڵام نابێت پەنا بۆ شێواز و ئامرازە نادیموکراتیەکان ببات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکە)).

پرۆفیسۆر لاچ کە خۆی ئەزموونی دەوڵەتانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی هەیە و وڵاتەکەی خۆشی (کۆماری چیك) لەم پرۆسەیەدا تاڕادەیەکی باش لە بونیادی دیموکراتی سەرکەتوو بووە، تەواو جەخت لەسەر بەرپرسیاریەتی ئۆپۆزسیۆن و پابەندبوون بە ڕێساکانی دیموکراتی دەکاتەوە، هەربۆیە لە گۆشەنیگایەکی دیکە و سەبارەت بەچۆنییەتی پیادەکردنی ئەو بەرپرسیاریەتیە و میکانیزمی هەڵسوڕاندنی کاری ئۆپۆزسیۆن، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دۆناڵد گرین ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی یەڵ (Yale) کرد و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر میکانیزمی کاری ئۆپۆزسیۆن هاتە ئاخاوتن: (مەسەلەکە پەیوەستە بە ژێرخانی دامەزراوەیی وڵاتەکان. لە هەندێك لە کەیسەکاندا پێی دەوترێت «ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆز»، بۆ نموونە وەکو ئۆپۆزسیۆنی بەریتانیا، کە بەردەوام رەخنە لە حکومەت دەگرێت و چاودێریی رەفتار و چالاکییەکانی حکومەت دەکات بۆ مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە حکومەت بەشێوەیەکی باش کارەکانی بەڕێوە دەبات. کەیسی تر هەیە کە تیایدا حکومەتی ئیئتیلافی هەیە و ئۆپۆزسیۆن کەمینەیەکە لەنێو حکومەت، بەڵام لە زۆر لەحاڵەتەکاندا کەیسی یەکەم زیاتر باوە کە تیایدا ئۆپۆزسیۆن پڕکەرەوەی بۆشاییەکانە و هەمیشە چاودێری چالاکییەکانی حکومەتە و بەردەوام لە هەوڵدانە بۆ ئاشکراکردنی راستیەکان بۆ دەنگدەرەکان بەشێوەیەك کە فشار دەخاتە سەر حکومەت بۆئەوەی رەفتار و سیاسەتەکانی بگۆڕێت، بەڵام سەبارەت بەو وڵاتانەی لەدەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان یان هێشتا لە قۆناغی ئینتقالیدان، هەر یەك لە ئۆپۆزسیۆن و حکومەت ئامادەنین وەك دوو رکابەری شیاو سەیری یەکتری بکەن، ئەم کێشەیە تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا بوونی هەیە، بەڵام بەتایبەتی لە دیموکراسیەتە تازە پێگەیشتووەکاندا دەبینرێت، لەوانەیە زۆرجار پارتی دەسەڵاتدار رێگە بە ئۆپۆزسیۆن نەدات بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، ئەویش زیاتر لەو حاڵەتانەدایە کە تیایدا پارتی دەسەڵاتدار هەست بە هەڕەشە دەکات بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن پاش گەیشتنی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵات، هەربۆیەش بۆ هەڵبژاردنەکانی دواتر ئۆپۆزسیۆن چەند هەڵوێستێك وەردەگرێت، بۆ نموونە وەکو بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان و بانگەشەکردن بۆ حکومەت کە حکومەتێکی نادەستووری و یان ناشەرعیە ...وتاد. ئەم هەموو شتانەش

**پێویستە هەردووك لایەن (حزبی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆن) ئەو باوەڕەیان لا دروست بێت کە خۆلادان لە رووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەبەرژەوەندیی هەموو لایەنێکدایە**

حکومەت تووشی ناسەقامگیری دەکات، هەربۆیە من وای دەبینم کە پێویستە حکومەت قەناعەت بە ئۆپۆزسیۆن بێنێت کە دەرفەتی لەبەردەم هەیە و بۆ هەڵبژاردنەکانی دواتر ئەو دەرفەتەی هەیە دەنگ وەدەست بێنێت و بگات بە دەسەڵات. لەبەرئەوەی ئەگەرهاتوو ئۆپۆزسیۆن گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکان مەحاڵە، ئەوکات هیچ هەست و سۆزێکی بۆ دامەزراوەکان نامێنێت، پێموایە هاوبەشکردنی دەسەڵاتەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن باشترین رێگەیە، لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوودا سەلمێندراوە کە پاش گەیشتنی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵات دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی وێرانکردووە، بۆ نموونە پارتی «نازی»ی ئەڵمانی لەسالانی ١٩٣٢ و ١٩٣٣، پاش ئەوەی کە «هیتلەر» وەك راوێژکار گەیشتە دەسەڵات هەڵستا بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامەزراوەکان. لەڕاستیدا ئەمە کێشەی هەموو وڵاتێکە کە تیایدا پارتی ئۆپۆزسیۆن سۆزی بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگە نەبێت، هەربۆیە دەبینین لە زۆربەی وڵاتەکاندا پێوەندییەکی نەرم و نیان لەنێوان حکومەتەکان و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن هەیە، خۆی لەخۆیدا هەموو حکومەتێك ئامانجی ئەوەیە رێگە نەدات بە ئۆپۆزسیۆن کە بگاتە دەسەڵات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناکرێت حکومەت فشار بخاتە سەر پارتی ئۆپۆزسیۆن و بیچەوسێنێتەوە لەبەرئەوەی لەئاکامدا دەبێتە مایەی دروستبوونی نامتمانەیی و نەمانی سۆز لەلایەن پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر بە دامەزراوەکان. بۆ نموونە لەبارەی پێکدادان و ناکۆکییەکانی جیهانی ئیسلامی، ئەگەر تۆ حکومەتێکی عەلمانیت هەبێت، ئایا دەتوانی هاوبەشبوونی دەسەڵات لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان بکەیت؟ پێویستە بەشێوەیەکی نەرم و نیان مامەڵە لەگەڵ رکابەر و ئۆپۆزسیۆنەکان بکەیت بەشێوەیەك کە نەبێتە مایەی شکستهێنان و شێواندنی شێوازی بەڕێوەچوونی دامەزراوەکان)).

ئەو حاڵەتەی پرۆفیسۆر گرین ئاماژەی پێکرد کاتێك ئۆپۆزسیۆن بەو ئاستە نائومێد بوو کە مەحاڵە بەرێگەی سندوقی دەنگدان بگاتە دەسەڵات و ئەمەش بەرەو ئەوەی بەرێت دوژمنایەتی دامەزراوە شەرعیەکان بکات، بۆیە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ئەلیزابێس هارت گەورە تۆژەی سەنتەری (CMI) بۆ دیراسەتی حکومڕانی و دیموکراسی لە ئۆسلۆ کرد و بەوەی ئایا چۆن رێگە لەم حاڵەتە مەترسیدارە دەگیرێت؟ خاتوو ئەلیزابێس بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: (پێش هەموو شت دەبێت هەموو پارتێکی سیاسیی بەرنامەی و پرۆگرامی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی خەڵك متمانەی پێبکات و دەنگی خۆی پێبدات، ئەوجا سەبارەت بەو مەترسییەی ئاماژەتان پێکردووە، پێموایە پێویستی بەوە هەیە هەردوولا، هەم پارتی حکومڕان و هەم پارتی موعارەزە بە نییەتپاکیەوە لە یەك بڕوانن. هەروەها خەڵکی چاوەڕێی ئەوە دەکات هەردوولا بە ڕۆحی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەن، لەبەر ئەوەی هەندێ جار لەناو ڕیزەکانی موعارەزەشدا کەسانی

سەرسەخت و توندڕەوەیان تێدایە، بەو پێیە دەبێت دەنگدەران لە هەڵوێست و تێڕوانینی هەردوولا ئاگاداربن و ئەمەش سەختترین بەشی پرۆسەی دیموکراتیە. ئەمە تەنیا بەسەر ئەو وڵاتانەدا جێبەجێ نابێت کە لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، بەڵکو بە هەمان شێوە بەسەر ئەو وڵاتانەشدا جێبەجێ دەبێت کە مێژوویەکی دێرینیان هەیە لەگەڵ دیموکراسیدا. هەربۆیە ئەگەر ئێمە لە ئەزموونی وڵاتانی جیهان بڕوانین، ئەوا دەتوانین بڵێین تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە دیموکراسی تەمەنێکی دووروودرێژی هەیە تێیاندا، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ڕووداوگەلێك ڕووبدەن بینەهۆی پێچەوانەکردنەوەی ڕەوتی ئەو دیموکراسیەی لە ئارادایە. واتە دەبێت هەمیشە چاوەکراوەبین و چاودێری ئەوە بکەین کە ئایا حکومەت لە ئاستی بەرپرسیارێتیەکانی خۆیدایە، هەروەها هەوڵبدەین ئاگاداربین کە چ لە ناو حکومەتدا دەگوزەرێت و کاروبارەکان چۆن بەڕێوە دەچێت، لە هەمان کاتتدا دەبێت زانیاری تەوا و تێروتەسەلیان هەبێت لە بارەی ئەو بەدیلانەی دەخرێنەڕوو، واتە ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامە. مەبەستم ئەوەیە دیموکراسی پرۆسەیەکە کە دەبێت ڕۆژانە سەرقاڵی بنیادنانی بین، واتە ناگەینە دۆخ و حاڵەتێك بتوانین بڵێین دیموکراسی بە کۆتا گەیشتووە و چیتر پێویستی بەوە نییە کاری بۆ بکەین)).

ئەو لایەنەی دەبێتە هۆکاری گەڕانەوە لە دیموکراتی دیاردەیەکە زۆر وڵات دووچاری هاتووە و تەنانەت ئەم مەسەلەیە لەوە دەرچووە وەك مەترسییەکی ترسناك سەیر نەکرێت، پرۆفیسۆر لاری دایمۆند بیرمەندی سیاسیی جیهان و تایبەتمەند لەبواری پرۆسەی دیموکراتی لە جیهاندا ناوی لێناوە(گەڕانەوە بۆ دواوەی دیموکراتی The Democratic Rollback)

بۆیە لەم چوارچێوەیەشدا بۆ ڕێگرتن لە پاشەکشەی دیموکراتی پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کارین هندرسۆن ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی لەندەن کرد و سەبارەت بەم پرسە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: ((پێش هەموو شت کاری حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دوو مەسەلەی سەرەکییە، یەکەمیان کاندیدکردن و دووەمیان داڕشتنی سیاسەتی بەدیلە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە حزبەکان دەبنە تەواوکاری یەکتری، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دیاری بکەین، بێگومان شێوازی کارکردنی ئۆپۆزسیۆن پەیوەستە بە بارودۆخی وڵاتەکە. لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت بەشێوەیەکی زیاتر بە ئازادی و بونیادنەر بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بکات، لەکاتێکدا لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان دەرفەتیان کەمتر لەبەردەمە و بەستنەوە و ئاستەنگی زۆریان لەسەر دادەنرێت لەبارەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ هاووڵاتیان و لەبارەی ڕەفتارە سیاسییەکانیان. لێرەشدا گۆڕانکاری لە وڵاتانی قۆناغی ئینتقالی هەنگاو بەهەنگاو بەشێوەیەکی پلە بە پلە تەدریجی دەچێتە پێشەوە، بەڵام کاتێك ئەم پرسە بەشێوەیەکی دیکە جەختی لەسەر کرایەوە، ئەوکات زۆر زەحمەتە بۆ ئۆپۆزسیۆن کە بتوانێت بەشێوەیەکی ئاکتیف کاربکات. پێویستە گواستنەوە بەشێوەیەکی نەرم و نیان بێت و هەردووك لایەن ئامادەبن بۆ دانوستان و وتووێژ، مەبەستم، پێویستە هەردووك لایەن ئەو باوەڕەیان لا دروست بێت کە خۆلادان لە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەبەرژەوندیی هەموو لایەنێکدایە)).



# بەیاننامەکەی گۆڕان.. لەنێوان دەستکەوتیی حزبیانەی پەتی و یاخیبوون بەسەر شەرعییەتدا



مستەفا ئیبراهیم *

ئەو بەیاننامەیەی لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە لە ٢٠١١/١/٢٩دا بڵاوکراوەتەوە، لەناوەندی کۆمەڵگەی کوردستانی و هێزە سیاسییەکاندا مشتومڕی چڕو زۆری لێکەوتۆتەوە، بەندەش وەك خوێنەر و بەدواداچوویەکی ئەو بەیاننامەیەی کە لە ڕۆژنامە و کەناڵە ئاسمانیەکانەوە پەخش و بڵاوکرایەوە، پێم باشبوو، وەك ئەرکی کوردانەی کوردێکی بەشی خۆرئاوای کوردستانەوە بیروبۆچوونی خۆم لەم بوارەدا بەشێوەیەك لە شێوەکان و دوور لە باکگراوەندی سیاسیمەوە (کەشانازی پێوە دەکەم) بخەمەڕوو، هەروەها بەشێوەیەکی دوور لەبەکارهێنانی وشە و واتای سیاسی باوی ڕۆژانە کە لەناو ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاودەکرێنەوە بێ ئەوەی من ببمە لایەنگری ئەو وشە و واتایانەی وتراون و دەوترێن،چونکە من وتەبێژێك نیم بەناوی کەسانی دیکەوە قسان بکەم، یا بەرگری لە سیاسەتی کەسانی دیکە بکەم.

ئەم بەیاننامەیە بەپێی دیباجە و بڕگەکانی بەتایبەتیش لە بڕگەکانی (١،٣،٤،٥،٧) دا بانگەوازێکی ڕوون و هاندانێکی ئاشکرایە بۆ ڕاگەیاندنی ڕاپەڕینێکی میللی لەدژی هەموو دامودەزگا شەرعییەکانی کە لە کوردستاندا دروست بوون، ئەمەش بەچاولێکەری ئەو ڕووداوانەی لە ڕاپەڕینی تونس و میسردا ڕوویانداوە.

لەم ڕووەوە ناکەومە ناو وەڵامدانەوە و جەدەلیەتی ڕەوایی بوون و بێنەو بەردەو دروستییەتی ناوەڕۆکی بەیانەکەوە، لە بڕوای تەواومەوە بە ئازادی بیروڕا و ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەر، ئەو شێوازی چەند و چوونە بەکارناهێنم، چونکە هیچ کەسێك ڕەهایانە سەکۆی حەقیقەتی لا نییە، بەڵام لەسەر شێواز و میکانیزمی ئەو داوایانەی سەرکردایەتی گۆڕان هەڵوەستە دەکەم کە داخۆ چەندیان ڕەوان و بە ئەنجامدانیان گەلی کوردستان ژیانێکی ئازاد و پڕ عەدالەت و داهاتوویەکی پڕشنگدارو بژێوی خۆشگوزەرانی لە هەموو بوارەکاندا بۆ مسۆگەر دەبێت یان نا ؟ پێش ئەوەی لەسەر بڕگەکانی ئەو بەیاننامەیە ڕای خۆم دەربڕم، پرسیارێکی ڕەوا لە سەرکردایەتی گۆڕان دەکەم، هیوام وایە وەڵامێکی ڕوونیان هەبێت و ڕاشکاوانە دڵ و دەروونی جەماوەری پێ نیگەران نەکەن و نەخرێنە ناو بۆسەی چەند هەرایەکی کۆنترۆڵ نەکراوی واوە کە سەرئەنجام دەبنە هۆی گرژی پشێوییەکی نەخوازراو کە کەس حەزی پێناکات.

باشە ئەو لایەنە کێیە کە زەمانەتی ئەوەمان بۆ بکات کەسانێکی ئاژاوەگێڕ و تیرۆریستێکی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە و گرووپە هاوشانەکانی ناکەونە ناو خۆپیشاندەران و لەپاڵ ئەواندا هەرچی ئامراز و مومتەلەکاتی گشتی و تایبەتی و هەرچی کۆمپانیاکان و بارەگای باڵیۆزخانەکانی بیانییە لە کوردستان تێکو پێك نەدرێت و تاڵان ناکرێن.

لە هەمووی گرنگتر ئەو لایەنە کێیە، یان ئەو دەزگایانە کامانەن کە زامنی ئاسایش و پاراستنی ژیان و موڵکی خەڵکی خۆپیشاندەر دەگرێتە ئەستۆ، لەکاتێکدا دامودەزگاکانی ئاسایش کە لە لایەن سەرکردایەتی گۆڕانەوە بە گەندەڵی و مەحسوبییەت و مەنسوبییەت بۆ حزبەکانیان تۆمەتبار کراون وەك لە دەقی بەیانەکەی گۆڕاندا هاتووە.

ئەوەتا لە بڕگەی یەکەمی بەیاننامەکەدا داوا لە پارتی و یەکێتی دەکات کە دەستیان لە حکومەت و پەرلەمان بیێنەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئاسانترین و سەرەتاییترین ڕێباز و بنەمای دیموکراتی و سیستەمی پەرلەمانییە لە هەموو جیهاندا، هەر لە خۆرهەڵاتەوە بگرە تا خۆرئاواش، چونکە ڕوون و دیارە ئەم حکومەتەی ئێستاش بە ئیمتیازەوە حزب پێکیهێناوە و، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانی و وەزیرەکانی و ئەندامانی پەرلەمانیش هەموویان سەرکردە و بەرپرسی باڵان لەناو حزبەکانی خۆیاندا، بە پشتگیری و پاڵاوتنی حزبەکانیان هاتوونەتە سەر کورسی دەسەڵاتی جێبەجێکار و تەشریعی و یاسایی. لەم ڕووەوە بەپێی هەموو لۆژیکێك زۆر ئاساییە تەرجومەی بەرنامەکانی ئەو حزبانە لەناو حکومەتدا بکەنەوە.

ئەردۆگان لە تورکیا و دەیڤید کامیرۆن لە بەریتانیا و نەتەنیاهۆ لە ئیسرائیل و باراك ئۆباما لە ئەمەریکا لە هەموو بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و هەروەها لە سیاسەتی دەرەوەو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەن کە حزبەکانیان دایانڕشتووە،لە کوردستانیش بەهەمان شێوەیە، ئێستا زۆرینەی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە ئەوانەن کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبەن، کەچی بزووتنەوەی گۆڕان داوای ڕووخاندنیان دەکات، ئەمانەی لە کوردستان دەنگیان هێناوە گەر بە ڕێژە وەربیگرین لە ڕێژەی زۆرینەی ئەردۆگان و نەتەنیاهۆ کە لە تورکیا و ئیسرائیل دەنگیان پێدراوە ژمارەیان زیاترە، باشترین نموونەش لەم ڕووەوە بردنەوەی سەرۆکی ئەمەریکای پێشوو جۆرج دەبلیۆ بۆش بوو لە هەڵبژاردنەکانی کۆمارییەکاندا کاتێك لە ئەلگۆر پاڵێوراوی دیموکراتییەکانی بردەوە بەجیاوازی تەنیا یەك دەنگ بردنەوەکەی مسۆگەر بوو لەلایەن ئەندامانی لیژنەی دادگای دەستووری (٥-٤) بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکی و ئیلێباسێکی بچووك لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بۆ بەرژەوەندی بۆش یەکلاکرایەوە.

ئەو پرسیارەی کە پێویستی بە وەڵامی ڕوون و ڕازیکارە ئەوەیە کێ حکومەت دەڕوخێنێت؟؟

پەرلەمان یان سەرۆك یان شەقام. ؟؟ کام لەمانە خەسڵەتی یاساییان بۆ دامەزراندنەوەی حکومەتێکی گوازراوەی تەکنوکراتی سەربەخۆ بەدەستەوەیە؟؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، بەرپرسیارێتی و ئەرکی ڕەها و بێ چەند و

چوونی ڕووداوێکی پڕ لە کارەساتی وەهاش هەر دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە.

داواکردنی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی ئێستا و سەرلەنوێ هەڵبژاردنێکــی پەرلەمانی پاك و بێگــەردی دیموکراتی لەماوەی تەنیا ســێ مانگــدا، زۆرسەیروســەمەرەترە لە داواکردنــی ڕووخانی حکومــەت و پەرلەمانی ئێســتا، پەرلەمانێك کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەردەوە هاتۆتە دی.

بــە ددان پیانانی زۆرینەی زۆری چاودێرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتیش چاودێرانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و هەموو لایەنەکانی دیکە بە گۆڕانیشەوە کە بەهەموویان چاودێریان لەسەر سندووقەکان دانا بوو،هەروەها سەرپەرشــتیکار بوون لەســەر هەڵبژاردنەکە و هەمووانیش ئەنجامەکانیان پێ قبوڵ بوو، بە فراکســیۆنی گۆڕانیشەوە لە پاڵ فراکســیۆنە ڕکەبەر و فراکســیۆنەکانی ســەربە دەسەڵاتیش ئەنجامی کۆتایی قبوڵ کرا.

ئیتر لــەو هەڵبژاردنەدا بزووتنەوەی گــۆڕان چارەگی کورســییەکانی پەرلەمانی بۆخۆی دەستەبەرکرد و هەموو ئەندام پەرلەمانە براوەکانیش ســوێندی یاساییان خواردووەو کە لە ســوێندەکەدا هاتووە، پارێــزگاری بکەن لە بنەما و ڕوکنەکانی سیستەمی پەرلەمانی و هەموو دامودەزگاکانی و دەسکەوتەکانی کوردســتانیش، لەدوای هەموو ئەمانەی ڕوویداوە و گوزەشت، دواتر وەبەرگومان خستنەوەی بێگەردێتی و پاکی پرۆســەی هەڵبژاردن بەوەی گوایە ساختەکاری بە ویست و ئیرادەی دەنگدەرەوە کرابێت و گوایە بەو شێوەیە دوو حزبەکە زۆرینەی ڕەهایان لە کورسی هێنابێت !! بەم شێوەیە بزووتنەوەی گۆڕان خاڵێکی سلبی لەسەر سەرجەم ڕەوایەتی هەڵبژاردنەکەی پێشوو تۆمار بکات، ئەگەر بەمشێوەیە بێت بۆچــی هەر خۆیان دواجار ئەنجامەکانیــان قبوڵ کردووە، بۆچی رازی بوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمانێکی ساختەدا هاوبەشی کورســیەکانی پەرلەمان بکەن، بەو حیسابە بێت بۆچــی رازی بــوون ڕۆژانە لەناو پەرلەمانــدا وتووێژیان لەگەڵ ساختەکاراندا بکەن، گەر وابووایە پێویست بوو بەپێی لۆژیك و هزری راست و دروستەوە لەیەکەمین دانیشتنیانەوە بەشداری فیعلیان نەکردبایە و لە پەرلەمانێکدا دانەنیشتنایە کە بە ساختە تۆمەتباری دەکەن .!!

چونکە بەم شێوەیە خۆیاندەکەن بە شایەتحاڵێکی ساختەکار لەسەر پرۆسە و کار و بڕیارەکانی پەرلەمانێك کە خۆیان بە گومانی ساختە تۆمەتباری دەکەن، لە بڕوایەکی خاکڕایەوە دەیڵێم ؛ باشترین چارەسەر و جوامێرانەترین دەستپێشخەرییان باشتر دەبوو گەر لە یەکەم دانیشتنەوە دەستلەکارکێشانەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی ســەر بە فراکسیۆنی گۆڕان هەر لە لایەن ســەرکردەکانی گۆڕانــەوە رابگەیەنرایە و چ پێویســت بوو گاڵتە بە خۆیان و پەرلەمانێکی شەرعییانەی گەلێکەوە بکەن؟!

گــەر لــەو تاوانبارکردنەیــان ڕاســتبوونایەو بۆ ئەو ئامانجانەیان بەوەفان کە ئێســتا جەماوەری بۆ هان دەدەن، لەمەش گرنگتر لە خۆیانــی کەمینەیەك زیاتر ئەو لایەنە کێیە کە ســیفەت و دەســەڵاتی بەخۆیــداوە، پەرلەمانی ئێستا هەڵبوەشــێنێتەوە و داوا بکات هەڵبژاردنێکی خێرا و بەپەلەپرووزێ ئەنجام بدرێتەوە، ئایا ئەم جۆرە داوایە تایبەت نییە بە سەرۆکایەتی هەرێم؟

هــاوکات ڕاگەیاندنی گۆڕان زۆربەی کات ناڕەوایەتی و نادەســتووریەتی ئەم پۆســتەی ســەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردۆتە بالۆرەو لە هەموو بۆنەیەکا باسی دەکەنەوە وا وەسفی دەکەن گوایە پۆستێکی دیکتاتۆریانەیە .

پرســیار لێــرەدا ئەوەیــە ئایــا کۆمیســیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئامادەیی خۆیان وەرگرتووە بۆ هەڵبژاردنێکی کتوپڕ و خێرا لەو ئان و ســاتەی کە لە بەیانەکەی گۆڕاندا دیاری کراوە؟ بۆ نموونە هەروەکو گریمانە باســی بکەین، گریمان لەو هەڵبژاردنە داواکراوەی ســەرکردایەتی گۆڕاندا هەمــان ئەنجامی پێشــوو یــان ئەنجامێکــی زیاتر لەو کورسیانەی ئێستا لە بەرژەوەندی گۆڕاندا وەدەستنەهێنراون بۆ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار وەدەست بێتەوەو سەرکەوتنێکی باشــتر بۆ ئەو دوو حزبە دووبارە بێتەوە، ئەمانیش دیسانەوە بە کەمینەیەکی کەمتر دەربکــەون و هەردوو حزبەکەش بە زۆرینەیەکــی زۆرترەوە دەربچنــەوە، ئایا ئەو کاتە بارودۆخ و هاوکێشــەکە نابەنەوە ناوچوارچێوەی یەکەم شێوەو حاڵ و گوزەرانی بزووتنەوەی گۆڕان و پێگەکەیان نابێتە شــێوەی ئەو پیاوەی کە ئەسپەکەی لێ دەدزرێ دواتریش دوای سێ مانگ هەر لەلای خۆی دەدۆزرێتەوە.

ڕێبازی ڕێزگرتن و قبوڵکردنی کەمینە بۆ ڕای زۆرینە و بڕیارەکانیان ڕێبازێکی ســەقامگیر و پتەوە لەناو هەموو وڵاتانی جیهاندا، تەنانەت لەنــاو ڕژێمە تۆتالیتارییە زۆر مەحکــەم و سامناکەکانیشــدا، گەرچی ئــەو ڕێزگرتنە کارتۆنیش بێت.

بــە داوای لێبوردنەوە لەســەرکردەکانی گۆڕان ڕێگەم پێبدەن کار بکەین بە ڕێبــازی ڕێزگرتنی ڕەئی بەرامبەر و بڵێین ئەزموونی هەرێمی کوردســتان، بۆتە نموونەیەکی شارستانی لەسەر هەموو ئاستەکان، ئەمەش نەك لە هەواوە بیلێم بەڵکو بەشایەتحاڵ و ددان پیانانی هەموو هێز و دەوڵەت و لایەنە سیاســییەکانی هەرێمایەتــی و نێودەوڵەتی دنیا، بەو چواردەوڵەتەشەوە کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشــی نێودەوڵەتین و، ئیتر تۆمەتبارکردنەکەی گۆڕان بەوەی هەرێم بۆتە نموونەیەکی خراپ و گوایە خەڵکانی تر چاوی لێدەکەن لە خراپیدا، دەکەوێتە خانەی لەکەدارکردن و هەڵەکردنی بە ئەنقەستەوە، هەروەها ڕشتنی بەنزینە بەسەر ئاگرێکدا کە هێزە شۆڤینییە نەیارەکانی لە دژی مافەکانی گەلی کورد هەوڵ دەدەن، پێشــترهەڵیان گیرساندووە. بەو وەســف کردنە پڕ چەوت و چەوێڵەی گۆڕان بۆ هەرێمی کوردستان هەست و ویژدانی هەموو نەتەوەی کورد بریندار کراوە، چەند جوامێرانە دەبوو بۆ گۆڕان گەر ئەو وەســفەی کــە لە حەقیقەت و واقیعدا ڕاســتی تیا نییە، بگۆردرایە بۆ وەســفی بەرپرسانەی دوور لە ئاوەژوو بۆ نموونە داوای مافی چارەی خۆنووسینیان بکردایە وەك چۆن بزووتنەوەی میللی باشــووری سودان دڵسۆزانە داوایەکی وەهایان کرد، بەمەش گۆڕان خیتابی سیاسییانەی خۆی بەرزو جوامێرانە ڕابگرتایە، یان داوای لە جەمــاوەر بکردایە وەك قەڵغانی بەشــەری لەسەر ســنوورەکانی کوردســتان لە ڕووی ئەو تەعدایانەی وڵاتانی دراوسێ ڕابوەستنایە، یان هەڵوێستێکی پۆڵایینیان لە بەرامبەر حزبەکانی دەسەڵات لە بەغدا لەسەر مەســەلەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان وەربگرتایە، یان داوای کۆنفیدرالیەتیان بۆ کوردســتان لە بەغدا بکردایە، یــان بەرگرییان لە ژیانی هەزاران خێزانی

کوردی ڕاونراو لە بەشەکانی تری کوردستان و هەروەها لەناوچەکانی موسڵ و مەندەلی کە لە ژێر فشاری تۆقاندنی بەبەرنامەڕێژکراوی دامودەزگا شۆڤینییەکان ئەنجام دەدرێن بکردایە. ئەو کاتە گەر ئەم دەستپێشخەرییانەیان بکردایە ئایا بزووتنەوەی گۆڕان بە کارێکی وا شەرەفمەند و جوامێر و بەرز مەدالیای سەربەرزی و سەرفرازی بۆ کاروانەکەی خۆی مسۆگەر نەدەکرد؟؟!!

زیاد لە جارێك وتوومە من لە شاعیرانی کۆشك و ڤیللاوە دوورم، هەرگیز مەدح و سەنای دەسەڵاتدارانم نەکردووە، لەم بۆنەیەشدا دەیڵێمەوە زۆر شەرمە و شورەییە و دابەزینە بۆ ئاستی قین لەدڵی و بوغز و کینەهەڵگرتن گەر ئینکاری ئەو دەستکەوتانە بکرێت کە گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی لەسەر هەموو ئەو ئاستانی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بەدەستیان هێناوە، ئایا ئەمە شانازی نییە بۆ هەموو کوردێك و بۆ هەموو پارچە دابڕاوەکانی کوردستانیش، کە ڕەمزێکی کوردی وەك جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق بێت، بۆ دووەمین جاریش لە دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتدا بوونی خۆی سەلماندبێت و هەر بەسەرۆك کۆماری بمێنێتەوە، وێڕای ئەو هەموو فشارە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەی خرابوونە سەر کورد بۆ دەستبەردان لە پۆستێکی وا بەرز بە فشارەکانی سەرانی گەورەی کۆشکی سپیشەوە، ئەوا ئێستا سەرۆکایەتی لوتکەی پاشایان و سەرکردە و میرزادەکانی ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی پێدەسپێردرێت، چ شانازییەك بۆ هەموو کوردانمان لەمە مەزنترە کە سەرۆك بارزانی بەدەستپێشخەرییەکەی لەسەر بڕیاردانی چارەنووسی عێراق بە گەل و نیشتمانەوە سەرکەوتن بەدەست بێنێ و لەمیانەی ئەو دەستپێشخەرییەی لە هەموو دنیاوە بەسەرکەوتوو لەقەڵەم درا، لەکاتێکدا چەندین گەمەکاری گەورە لەسەر شانۆی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی نەیانتوانی دەستپێشخەرییەکی هاوشێوەی سەرکەوتووی وا وەدی بێنن. ئێنجا پێشتریش ئەم سەرۆکە بە دەنگ و ڕەنگەوە و بەجل و بەرگی نەتەوەیی میللی خۆیەوە و بە زمانی کوردی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا ببیینین، هەروەها گوێبیستی ئەو هەموو نامەی سوپاس و پێزانینەی مەسیحییەکانی جیهان بین، لە پێش هەمووشیانەوە سوپاس و پێزانینی پاپای ڤاتیکان بۆ سەرۆك بارزانی کە توانی لەناو جوگرافیایەکی تەسك و دەوردەراو بە تەلی دڕکاوی ژیان و گیانی ئەو مەسیحیانە بپارێزێت کە کەوتبوونە بەر هەڕەشەی جینۆسایدی هێزە تیرۆریستەکانەوە.

سەرۆك بارزانی توانی خەندەو هیوا بۆ لێوی منداڵی برا کریستیانەکان بگەڕێنێتەوە و لەو هەرێمەی کە سەرکردایەتی گۆڕان بە خراپ و وێران ناوی دەبات بە جوانترین شێوە ببێتە شوێنی ئارامی بۆ هەموان، هەروەها محەمەد ڕەئوف ڕەشید کە دادوەرێکی کوردەو چارەنووسی گەورەترین جەللادی گەلی کورد لەسەر سەکۆی دەست و دەنگی ئەوەوە بدرێت، بڕواناکەم ئەم دەستکەوت و بەرهەمانە و زۆرانی تریش لە خەیاڵ و خەون و ئومێدەکانی هەموو گەلی کورددا بسڕدرێنەوە، بە هەزاران تێکۆشەری کوردستان شەهید کران لە پێناوی ئەوەی چاویان بە ئاڵای کوردستان بکەوێت کە بەسەر شاخ و بەسەر دامودەزگاکانی کوردستانەوە بشەکێتەوە، هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی دەسەڵاتی هەرچەندێك بێت، تەنانەت ئەو ملیۆنەها موسڵمانانەی سێیەمیی ڕوکنی ئەرکانەکانی ئایین لە فەریزەی حەجدا جێبەجێ دەکەن، ئەو ماف و دەسەڵاتەیان نییە کەعبە بگوازنەوە بۆ مەدینە، بەمەرجێ مزگەوتی صلعەمی بە مزگەوتی پێغەمبەر ناسراوە لەوێیە، هەروەها گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەریش هەر لەوێیە. هەموو مەسیحییەکانی دنیاش ناتوانن کلێسای قیامە لە شاری بیت لەحمەوە بۆ شوێنێکی تری ناو دنیای مەسیحی بگوازنەوە.

بەراورد بەم جیاوازییە گەورانەی کە لەنێوان شەرعیەتەکانی ئاسمان و بەها نەتەوەییەکاندا هەیە، سەرکردایەتی گۆڕان پێویستە بەخۆیان دابچنەوە گەر بڕوایان وابێت ئەم کیانەی بەسەر ئێسك و پرووسکی هەزاران هەزار شەهیدەوە دروست بووە کە مافی بەشەکانی تریشی لە سەرەوەی تێدایە، هەڵەن گەر وابزانن چارەنووس و قەدەری ئەم هەموو قوربانیدانە بکەنە قوربانی میزاج و حەزێکی شەخسی سەرکردەیەکی خۆیان، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان موڵکی هەموو نەتەوەی کوردە، مافی هەموو کوردێکیشە لە هەر کونجێکی دنیاوە بێت، لێرەدا ژیانی خۆی بەئارامی و ئازادی درێژە پێبدات. چ ئەوانەی لەبەر چەوسانەوە ڕوودەکەنەوە ئەم هەرێمە و لەناویدا هەست بە ئارامی دەکەن، یان ئەوانەی بۆ زانست و زانیاری ڕوو دەکەنە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، یان ئەو کوردە دەربەدەرکراوانەی لە پێناوی بژێوی ژیانی منداڵەکانیان کە لەبەشەکانی تری کوردستان چەوسێنراونەتەوە و دەرگاکانی ژیانیان لێداخراوە، لەم دەرگایەیان داوە و بۆ کارکردن هاتوونەتە ناو ماڵی خۆیانەوە. زەمانی هەڕەشە و گوڕەشەکردن هەرگیز جێگەی ئەرکی بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی ئەم زەوی و خاك و دامودەزگا شەرعیانە ناگرێتەوە. لە کۆتاییدا داوا لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەم، با وەکو جاران هەست بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان بکەنەوەو، لەم ڕێگەیەشەوە داوا لە گەنجانی ئەو بزووتنەوەیە دەکەم بەتایبەت ئەوانەیان کە نەوەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانن،بۆ خوێنی باو و باپیرانیان بەوەفابن و بە هەموویان هەوڵبدەن ئەم بزووتنەوە گەنجە نەکەنە وێستگەیەك بۆ تۆڵەسەندنەوەی کەسانێك کە بۆ چەند ساتەوەختێك خۆیان بەراوێژخستووەو و ئێستا دروشمی ئەو پەندەیان هەڵبڕیوە کە دەڵێت (گەر بۆ من نەبێت، لە هەمووان دەکەمە دۆزەخ)ئەمەش لە پێناوی چەند دەستکەوتێکی حزبییانەی کاتیی، یان لە پێناوی پۆستێکی وەزاریی، یان بۆ وەدەستکەوتنی چەند کورسییەکی زیاتری لەپەرلەمان،ئامادەیە تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێت

زۆر دەرفەت و وێستگەی تر هەیە لەم دووساڵەی داهاتوودا چاوەڕوانی هەموان دەکات و ئەو دوو ساڵەش کۆتایی مێژوو نییە. هەرکەسێك بەپەلە پڕووزەیەك داوای شتێك بکات ئەوا لە دەستی هەموان و لە دەستخۆشی دەدات، کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئێمەی کورد خۆمان لە گرێی هەست بەکەمسەری کردن و ئەزموونی گەلان و ناوچەکانی تر ڕزگار بکەین و بەبێ هەڵسەنگاندن کۆپی نەکەینەوە، ڕاپەڕینی پیرۆزی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ کوردستانی لە زاخۆوە تا خانەقین ڕزگار کرد و ئەمەش باشترین پێشەنگ و نموونە بوو بۆ تونس و میسر کە چاو لە کوردستان بکەن.

*** پارێزەر و سیاسەتمەداری کوردی سوریا**




# بێ متمانەیی لە نێوان لایەنە سیاسـ...
# پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی عێراقـ...




خەریکە کێشــەی یەکلاییکردنەوەی پۆستە وەزارییەکانی حکومەتی عێراق هەمان سیناریۆی یەکلاییکردنەوەی ســێ پۆستە ســەرووەرییەکە دووبارە دەکاتەوە، پێدەچێت چۆن بۆ ڕێککەوتنی لایەنەکان پێویســتی بە دەستپێشــخەریەکەی بەڕێز مســعود بارزانی بــۆ یەکلاییکردنەوەی سێ پۆســتەکە و راســپاردنی نوری مالیکی بــۆ پێکهێنانی حکومەت هەبوو، ئێســتاش بۆ لابردنی ئاســتەنگەکان و پڕکردنەوەی پۆســتە وەزارییەکان کۆبوونەوەیەکــی دیکەی پێکهاتە ســەرەکییەکانی لــەدەرەوەی پەرلەمانی عێراق پێویســت بێت، بۆ ئەوەی بەرێگەی تەوافوقی سیاســیی لەســەر ئەو پۆســتانە ڕێکبکەون. پەرلەمانتــاری تورکمانــی محەمەد مەهدی بەیاتی لەســەر لیســتی ئەنجوومەنی باڵای ئیســلامی و بڕیاردەری دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانــی عێــراق، ســەبارەت بە ڕەوشــی ئێستای نێوان لایەنە سیاسییەکان و دواکەوتنی پڕکردنەوەی پۆســتە وەزارییەکان، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە تیشکی خستە سەر ئەو بارودۆخە سیاســییەی کە ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە و وتی: ((بەڕای من ســەرچاوەی کێشــەکان کێشــەی پێکهێنانی حکومەت بوو، کــە لەکاتی خۆیدا کێشــەیەکی ئاڵــۆز و پڕ تەنگژە بوو، ئێســتاش هــەر وەك خۆیەتی. لە هەمــوو وڵاتەکاندا کاتێك کە لەســەر بنەمای تەوافوقی، حکومــەت پێکبهێنرێت و لەئاکامدا هەموو لایەنەکان لە یەك لیست تۆماربکرێن ئەوە ئەنجامەکەی بەم شێوەیەدا دەردەچێت. لەوانەیە ئەمڕۆ بەڕێز «مالیکی» ســەرکەوتوو بێت لە پێکهێنانی حکومەت، بــەڵام زۆر زەحمەتە کە بتوانێت لە بەڕێوەبردنی وەزارەتەکاندا سەرکەوتوو بێت، کە بەشــێوەیەکی تەوافوقی هاتوونەتە ناو حکومەتەکە و لەگەڵ چۆنییەتی تێگەیشــتنی ســەرۆك وەزیران لەگەڵ وەزیرەکان. دوای زیاتر لە ٩ مانگ دانیشــتن و گفتوگۆ کردن، بەڵام لەکۆتاییدا چارەســەرەکە لە بەغدا نەبوو، بەڵکو چارەســەرەکە لە هەولێر ئەنجامدرا و لەســەر دەستی بەڕێز «مەسعود بارزانی». هەربۆیەش، ئەمە نیشــانەیەکی ڕوونە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە پرۆســەی پێکهێنانی حکومەت پرۆسەیەکە لەلای سیاســەتوانەکانی عێــراق زۆر ئاڵۆزە. سەبارەت بە پۆســتە وەزارییەکانیش مەسەلەکە نەلەسەر کاندیدکردنە و نەلەسەر ناوەکانە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کێشــە لە ئارادا بوونی هەیە لەبەرئەوەی ئەگەر هاتبا و کێشــە نەبوایە ئەوە بەم شــێوەیە دوانەدەکەوت، بەڕێز سەرۆکی حکومــەت پێــش ٤-٥ مانگ مەســەلەکەی یەکلادەکردەوە. کێشــەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم مەســەلەیە گرێیەکی تێدایە. بەپێویســتی دەزانم لێرەدا ئامــاژەی پێبدەم، ئەگەر لەیادتان بێت لەمیانی پێکهێنانی ئیئتیلافەکاندا کێشــە هەبوو، تەنانەت پاش پێکهێنانی ئیئتیلافەکانیش هەر کێشــە مابوو، لەبارەی دەستنیشــانکردنی گەورەترین لیســت و ئایا کام لیســت براوەیە. بەڕای من هەموو ئەم جۆرە کێشانە لە داهاتوودا پێویســتییان بە چارەسەرێکی دەستووری هەیە. لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆش لــەم بارەیەوە هیچ ماددەیەکی دەســتووری نییە. هیچ ماددەیەکی دەستووریم نەبینیوە کە باس لەم کێشەیە بکات. لەهیچ دەقێکــی دەســتووری نەمخوێندۆتەوە کە پێکهێنانــی حکومەت ٩ مانگ بخایەنێت، ئەمــڕۆش خەریکە دەگاتە ســاڵێك و هێشــتا پێکهێنانی حکومەت تەواو نەبووە. لە دەســتوور باســکراوە کە پاش ڕێککەوتن لەسەر لیستەکان و پەســەندکردنیان یەك مانــگ مۆڵەت هەیە بۆ بانگێشــتکردنی ئەندامانــی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەم شــتە لەماوەی ئەو یــەك مانگــەدا ئەنجام نــەدرا و لەبری ڕێگەچارەی دەستووری ڕێگەچارەی تەوافوقی هەبــوو. ئەمڕۆش بارەکە هەر هەمان شــتە و حیلە شەرعییەك بۆ چارەســەرکردنی هەندێك لــە وەزارەتەکان دانــراوە، بۆ نموونــە لەبارەی وەزارەتەکان وەکالات هاتۆتە کایەوە، مەبەســتم ئەوەیە کە دەڵێن فــلان وەزیری بازرگانییە بە وەکالەت و ئــەو وەزیری ناوخۆیە بە وەکالەت و تاد. هەربۆیە لەبری ڕێگەچارەی دەســتووری بــۆ یەکلاکردنەوەی وەزارەتــەکان دەبینین حیلە شەرعییان بۆی دروست کردووە.))

ئەوەی پەرلەمانتار بەیاتی ئاماژەی پێدەکات بوونــی ڕەگێکی قووڵی بێ متمانەییە لە نێوان پێکهاتە سیاســییەکاندا، هــەر بۆیە لەدرێژەی لێدوانەکەیــدا بۆ گوڵان وتــی : (نامتمانەیی هــی ئەمڕۆ نییە نامتمانەیــی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆن ، لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتــی عێراقی و تاکو ئەمڕۆمان دەســتی پێکردووە. بۆ نموونە ئێمە لە ڕابردوودا متمانەمان بە دەستەکانی بەعس نەبوو کە دەسەڵات و پارە و ســامانەکانی دەوڵەت کەوتبۆوە ژێر دەســتی ئەو دەســتەیە، بەڵام ئەم هــزرە ئەمڕۆ بوونی نییە لەبەرئەوەی ئۆپۆزســیۆنی عێراقی بریتی بوو لە چەندین جۆری جیاواز، بەشــێوەیەك کە هەندێکمان لێرە بووین لە عێراق و پابەند بووین بە لایەنێك و هەندێکی ترمان لە ئەمەریکا و خاوەن کەلتوری ئەمریکی بووین و هاوکات هەندێکی ترمان لە ئەورووپا و...تاد. بەڕای من ئەم فرەییە لــە جۆراوجۆرێتــی و جیــاوازی بیروبۆچوون بۆتە هۆی ســەرهەڵدانی نامتمانەیی. لەهیچ سیســتەمێکدا نەهاتووە لە جیهــان کە تیایدا حکومەتێك پێکبهێنرێت لە هەموو لیســتەکان، هــەروەك بەڕێز «جــەلال تالەبانی» لە خولی پێشــوودا وتی کە لەژیانمدا و لە هەموو پرۆسە سیاسییەکانی جیهاندا هەرگیز نەمبینیوە من لە حکومەتم و هاوکات



پەرلەمانتار
محەمەد بەیاتی بۆ گوڵان:

# جەواد پۆلانی لە خولی پێشوودا لەناو وەزارەتی ناوخۆ حزبێکی سیاسیی دروستکرد، ئێستا چۆن قبوڵ دەکرێت هەمان پۆست وەربگرێتەوە

ئۆپۆزسیۆنی حکومەتم. بەڕای من بۆ داهاتوو ئەم مەسەلانە دەستنیشان دەکرێت و هاوکات لە دەستووردا هاتووە کە لیستی براوە بۆی هەیە حکومەت پێکبهێنێت، لەوەش دڵنیام کە بۆ خولەکانی داهاتوو ئەم کێشەیە چارەسەردەکرێت و لیستی براوە دەستنیشان دەکرێت، تەنانەت گەر ئەو لیستە لەناو پەرلەمان ئیئتیلافەکانی پێکهێنابێت یان لە دەرەوەی پەرلەمان، بەشێوەیەك کە ئەو هەڵدەستێت بە پێکهێنانی حکومەت، نەك وەکو ئێستا کە هەموو لیستەکان بەشدارن تەنانەت ئەو لیستانەش کە خاوەن یەك کورسین لە پەرلەمان بەشدارن لە حکومەت.))

سەبارەت بە کێشەی یەکلایی نەبوونەوەی کاندیدی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ و ڕەتکردنەوەی ناوەکان لەلایەن د.مالیکییەوە، محەمەد بەیاتی بە گوڵانی ڕاگەیاند: (بەپێی زانیارییەکانمان کاندیدی لیستی عێراقییە «فەلاح ئەل نەقیب»ە و گوایە بەڕێز سەرۆك وەزیران ئەو کاندیدەی ڕەتکردۆتەوە، ئەمڕۆش لیستی عێراقییە سەرقاڵە بە کاندیدکردنی کەسانی تر بۆ ئەو پۆستە و لەڕاستیدا ئەمڕۆ چەندین ناو هەیە، لەوانەیە پێش ئەوەی پێشکەشی بکەن لەگەڵ بەڕێز سەرۆك وەزیران دانیشن و تاوتوێی بکەن، هەروەها لەوانەشە ئەگەرێك هەبێت بۆ ڕێککەوتن لەنێوان لیستی عێراقییە و دەوڵەتی یاسا لەسەر وەزیری ناوخۆی پێشوو، بەڕێز «جەواد پۆلانی» و لەوانەشە ڕێککەوتن ئەنجامبدرێت لەسەر بەڕێز «عەبدولقادر عوبەیدی» وەزیری بەرگری پێشوو، چەندین پێشنیار هەیە و ئەوانەی لای سەرەوە هەندێك بوو لە پێشنیارەکان. هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەو ناوانە بە بۆچوونی من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەمڕۆ لە عێراق کێشەی ئاسایشمان هەیە، هەربۆیە ناکرێ هەرکەسێك بێت بیهێنین بۆ وەزارەتە ئەمنییەکان، پێویستە وەزیرەکان لە ڕووی لێهاتوویی و نەزاهەت و شیاوی و توانا و لایەنەکانی تر هەڵبسەنگێندرێن، لەهەمان کاتیشدا خۆی راستە لیستەکان کاندیدی خۆیان پێشکەش دەکەن بۆ ئەو وەزارەتانە، بەڵام مەرج نییە قەوارە سیاسییەکان پەسەندی بکەن کە ئەگەر هات و کەسایەتییەکی حزبی بوو، وێڕای خزمەتەکانی ئەو پیاوە، بەڵام هۆکاری ڕەتکردنەوەی بەڕێز مالیکی بۆ ناوی (جەواد پۆلانی) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو هەڵستابوو بە پێکهێنانی پارتێك لەناو وەزارەتی ناوخۆدا، واتە پارتی دەستووری. هەربۆیەش ئەمڕۆ ڕێگەی پێنادرێت ئەم پۆستە وەربگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان نارازین کە هەر یەك لە وەزیرەکانی ناوخۆ یان بەرگری سەر بە لایەنێك یان پارتێك بن یاخود کاریگەریی پارتێکیان لەسەر هەبێت.))

### ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان لە پەرلەمان دەنگی لەسەر نادرێت

لایەنێکی دیکە کە ئەویش بۆتە جێگەی مشتومڕی سیاسیی مەسەلەی پێکهێنانی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکانە، کەوەك پۆستێك دراوە بەلیستی ئەلعراقیە بۆ ئەوەی کێشەکانی پێ چارەسەر بکرێت. سەبارەت بەوەی کە بڕیاردراوە ئەم پۆستە لەناو پەرلەمان دەنگی لەسەر نەدرێت، بەیاتی وتی : (لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕەتکردنەوە نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوە هەیە لەو بارەیەی کە لەناو پەرلەمان دەنگدانی لەسەر ئەنجام نەدرێت بۆ ئەوەی سەرەتا تەوافوقی لەسەر ئەنجامبدرێت و پاشان بەڕێز «ئەیاد عەلاوی» هەڵستێت بە پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنە و خۆی لەخۆیدا پێشوەختە پێکهێنراوە و بریتییە لەهەر ٣ یان ٤ دەسەڵاتەکان، ڕەتکردنەوەکەی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ ماددەیەکی دەستووریان نەبینیوە کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستوور باسی لەم ئەنجوومەنە نەکردۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئیئتیلافی نیشتمانی ئەنجوومەنەکەی ڕەتکردۆتەوە، بەڵکو مەبەستیان ئەوەیە کە لە پەرلەمان نەخرێتە دەنگدانەوە و لەوانەشە زیاتر هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ترس هەبێت ئەم ئەنجوومەنە دەنگی پێویست لە پەرلەماندا بەدەست نەهێنێت.))



پەرلەمانتار
کازم شەمەری بۆ گوڵان:

# هەموو کێشەکان پێوەندی بەو بێ متمانەییەوە هەیە کە لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا بوونی هەیە

### دەبێت پەلە لە پڕکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان بکرێت

پەلەکردن لەپڕکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان پەیوەستە بە پەلەکردن لە بونیادنانەوەی متمانە لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکاندا، سەبارەت بەم لایەنە پەرلەمانتاری لیستی ئەلعێراقیە کازم شەمەری لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان، بەمجۆرە مەترسی ئەم بارودۆخەی خستەڕوو و وتی : (بەشێوەیەکی سەرەکی، ئاڵۆزی و تەنگەژەکە پەیوەستە بە کێشەی نەبوونی متمانە لەنێوان قەوارە سیاسییەکان. ئەگەر هاتبا و متمانەی هاوبەش لەنێوان لایەنەکاندا هەبوایە، ئەوکات «میسداقیەتێك» دەهاتە ئاراوە، لەبارەی کاندیدەکەی لیستی «عێراقیە» بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگری، هاوکات هەمان میسداقیەتیش دروست دەبوو لەبارەی کاندیدەکە «ئیئتیلاف» بۆ پۆستی وەزارەتی ناوخۆ، لەئاکامیشدا نە کێشە دروست دەبوو و نە ئەم بارودۆخەش سەری هەڵدەدا کە ئەمڕۆ تیایدا دەژین. ئێمە ٣ کاندیدمان پێشکەش بە سەرۆك وەزیران کردووە و گوایە سەرۆك وەزیران هەرسێکیانی ڕەتکردۆتەوە، هەرچەندە تاکو ئەمڕۆش وەڵامێکی فەرمیمان بەدەست نەگەیشتووە لەبارەی ڕەتکردنەوەی



پەرلەمانتار
جنان عەبدولجەبار بەرسیم بۆ گوڵان:

# کوتلە سیاسییەکان خەڵکانی لێنەهاتوو کاندید دەکەن بۆیە سەرۆک وەزیران رەتیان دەکاتەوە

کاندیدەکانمان، بەڵام وەك بیستومانە دەڵێن کاندیدەکانمان رەتکراونەتەوە. ئەگەر سەیرێکی بارودۆخەکە بکەین دەبینین قەیرانی نامتمانەیی تەنیا لەنێوانی «عێراقیە» و «ئیئتیلافی نیشتمانی» نییە، بەڵکو ئەم قەیرانە لەنێو پێکهاتەکانی ئیئتیلافی نیشتمانیش بوونی هەیە، هەروەها لەنێوان پێکهاتەکانی «عێراقیە» و لەنێوانی پێکهاتەکانی هاوپەیمانی کوردستانیش. ئێمە پێویستیمان بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە لەبارەی رێز نواندن بەرامبەر هەموو بۆچوونە جیاوازەکان لەگەڵ رەخساندنی هەل بۆ هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی ئازادی دەربڕینیان هەبێت و بەئارەزووی خۆیان بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو و هەموویان هاوبەش بن لە بونیادنانی وڵاتەکەماندا.))

بەڵام لەسەر ئەم پرسە پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا جنان عەبدولجەبار بەرسیم ، پێیوایە لەنێو ئەو وەزارەتانی تائێستا یەکلایی نەکراونەتەوە ، وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ لەهەموویان گرنگترن و ئەگەر بتوانرێت ئەو وەزارەتانە یەکلایی بکرێنەوە ئەوانی دیکە ئەوەندە قورس نابن، لەمبارەوە لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: (بە باوەڕی من لە وەزارەتە بەتاڵەکان، وەزارەتە ئەمنیەکان لە هەموویان گرنگترن، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەوەی ئێمە گوێبیستی بووینە ئەوا کوتلە سیاسییەکان پاڵێوراوی خۆیان هەیە بۆ وەزارەتە مەدەنییەکان، بەڵام کێشەکە لە گەیشتنە بە رێککەوتن لەسەر ئەو کەسانەی وەزارەتە ئەمنییەکان وەردەگرن، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کوتلە سیاسییەکان لەسەری رێك بکەون و سەرۆك وەزیران رەزامەندی لەسەر بدات، چونکە سەرۆك وەزیران کەسی پێوەندیدارە بە هەڵبژاردنی ئەو وەزیرانەوە. من باوەڕم وایە دەبێت کوتلە سیاسییەکان پەلە بکەن لە پێشکەشکردنی پاڵێوراوەکان بۆ ئەو وەزارەتانە، لەبەر ئەوەی بەرێوەبردنی ئەو وەزارەتانە بە وەکالەت لە رووی عەمەلییەوە مومکین نییە، چونکە ئەو وەزیرانە ئەرك و بەرپرسیارێتی زیاتر لە وەزارەتێك لە ئەستۆ دەگرن، ئەمەش پرۆسەیەکی قورسە، کەواتە ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرێوەبردنی ئەو وەزارەتانەی بە وەکالەت بەرێوەدەچن. لە لایەکی دیکەوە ئێمە لەسەروبەندی پەسەندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠١١داین، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان باشترە کوتلە سیاسییەکان پەلە بکەن لە پێشکەشکردنی پاڵێوراوەکانیان. لە لایەکی دیکەوە کێشەیەکی دیکە هەیە کە ئەویش ئەوەیە سەرۆك وەزیران داوای کردووە کوتلە سیاسییەکان پاڵێوراوی ئافرەت پێشکەش بکەن، کە تا ئێستا جگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هیچ کوتلەیەکی سیاسی دیکە پاڵێوراوی ئافرەتی پێشکەش نەکردووە.

سەبارەت بەرەتکردنەوەی بەرێز مالیکی بۆ ئەو ناوانەی پێشکەش دەکرێت لێمان پرسی ئایا تاچەند ئەمە پێوەندی بە مالیکی و تاچەند پێوەندی بە کەفائەتی کاندیدەکانەوە هەیە، لەوەڵامدا وتی: (من پێموایە بێ متمانەییەکە لە خودی کوتلە سیاسییەکدایە، چونکە ئەوەی لە کوتلە سیاسییەکان داواکراوە ئەوەیە کەسانی خاوەن کەفائەت و شارەزا پێشکەش بکەن، کەسانێك کە مەرج و مواسەفاتی ئەم وەزارەتانەیان بەسەردا جێبەجێ بێت، بە چەشنێك ببنە جێی قەناعەتپێکردنی سەرۆك وەزیران. واتە مەسەلەکە دەوەستێتە سەر ئەو کوتلەیەی ئەم کەسایەتییانە هەڵدەبژێرێت. لەبەر ئەوەی وڵاتەکە خەڵکی خاوەن کەفائەت و شارەزا و توانای زۆرە، بەڵام مەسەلەکە دەوەستێتەسەر کوتلە سیاسییەکان کە ئەم کەسانە هەڵبژێرن، کە رەنگە ئەو کەسەی شایستەیە کەسێکی سیاسی نەبێت، هەرچۆنێك بێت پێویستە کوتلە سیاسییەکان ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت کاتەکە درەنگ بووە و ئەم دواکەوتنەش لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە و پێویستە ئەو وەزارەتانە یەکلابکرێنەوە و وەزیرەکان بە ئەسالەت نەك بە وەکالەت دابمەزرێن.



قەیس عەزاوی نوێنەری هەمیشەیی
عێراق لە کۆمکاری عەرەبی بۆ گوڵان:

# عەمروموسا دەستی لەکارنەکێشاوەتەوەو لوتکەی عەرەبیش لەکاتی خۆیدا لەبەغدا گرێدەدرێت

**لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە میسر هەیەتی، بەڵام لوتکەی کۆمکاری عەرەبی دواناخرێت**

وێرای ئەو بارودۆخی میسر پیایدا تێدەپەرێت و، وێرای رەوشی سیاسی و ئاسایشی بەغدا، د.قەیس عەزاوی نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە کۆمکاری عەرەبی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە لوتکەی کۆمکاری عەرەبی لەکاتی خۆیدا لە بەغدا گرێدەدرێت، هەروەها ئەوەشی رەتکردەوە کە عەمروموسای ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی دەستی لەکارکێشابێتەوە، هەروەها بەرپرسێکی کۆمکاری عەرەبیش جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە موسا رۆڵێکی کاریگەری لەوەرچەرخانەکانی میسردا دەبێت پاش ئەوەی موبارەك پۆستەکەی بەجێهێشت، سەبارەت بە دەست لەکارکێشانەوەی موسا لە پۆستەکەی ، عەزاوی لە لە قاهیرەوە بە گوڵانی راگەیاند ( چەند رۆژێك لەمەوپێش لەگەڵ عەمروموسا کۆبوومەتەوە و پێی راگەیاندوم تا ئەو کاتەی بۆی دیاریکراوە ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی بێت لەکاری خۆی بەردەوام دەبێت))، بێگومان گرێدانی لوتکەی عەرەبی بەپێی ئەو بەروارەی بۆی دیاریکراوە لە ٢٣ی مانگی ئاداری دادێ لە بەغدا گرێبدرێت، یەکێك دەبێت لەو لوتکانەی کە وەرچەرخانێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، بەتایبەتی دوای ئەو وەرچەرخانە گرێدەدرێت کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە وڵاتانی عەرەبی بەخۆیانەوە بینیوە.



# مێرگەسۆر..
# کۆکردنەوە و چارەسەری زبڵ و خاشاک گرفتی سەرەکی ناوچەکەیە

مێرگەسـوور سنوورێکی بەرفراوان و شاخاویی هەیە، ناحیەکانی (گۆڕەتوو، بارزان، شێروان مەزن، پیران، مەزنێ) و(٢٦٠) گوند لەخۆدەگرێت، سنووری قەزای مێرگەسۆر بە گشتی بە سەنتەری قەزاکەشەوە لەسەردەمی بەعسدا ڕووخێنرابوو، دانیشتووانەکەشی ڕاگوازرابوونەوە بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی(بەحرکە و شاخۆڵان و قوشتەپە و هەریر و دیانا و...) .

لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١،واتە دوای دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان،هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە لەو سنوورەدا دەستی پێکرد و سەنتەری قەزا و ناحیەکان و (١٧٦) گوند ئاوەدانکرانەوە، هەروەها چەندین جار هەوڵدراوە گوندەکانی تریش کە ژمارەیان(٨٤) گوندە ئاوەدان بکرێنەوە،زۆربەیان دەکەونە ناوچەی (وڵاتەژێری) و (مزووری) و سنووری تورکیا، بەڵام لەبەر ناسـەقامگیری و نزیکی لە سـنوور و تۆپبارانی ناوچەکان نەتوانراوە ئەو گوندانە ئاوەدان بکرێنەوە، بۆیە تا ئێستاش دانیشـتووانی ئەو گوندانە لە کۆمەڵگاکان ماونەتەوە، دانیشتووانی سنووری قەزای مێرگەسۆر ئێستا (٤٩٥٠٠) کەسە، گەرچی بە بەردەوامی و بەتایبەتیش لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستان پرۆژە و کاری خزمەتگوزاری بۆ ئەم ناوچەیە ئەنجام دراوە، بەڵام بەپێی پێویست و لە ئاستی بەرفراوانی سنوورەکە و داخوازییەکانی خەڵکەکەیدا نەبووە.

تیمی گوڵان سـەردانی قەزای مێرگەسۆر و سـنوورەکەی کرد و لە نزیکەوە گوێبیستی گلەیی و داواکاریـی ژمارەیەک لـە هاووڵاتیانی ئەم ناوچەیەبوو، هەر بۆیـە گلەیی و داواکاری و پێداویستیەکانی خەڵکی دەڤەرەکەمان ئاڕاستەی بەڕێز خۆشەوی خەلیل قایمقامی قەزای مێرگەسۆر کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکان بڵاودەکەینەوە.





خۆشەوی خەلیل قایمقامی قەزای مێرگەسۆر بۆ (گوڵان):

# ئاڤە شین پیس بووە، چارەسەرێکی بەپەلەی پێویستە

**تێکچوونی پردەکان زیانی لە ژێرخانی مێرگەسۆر داوە**

وەکو دەزانین دەڤەری مێرگەسـوّر بە درێژایی مێـژووی شۆڕشـی رزگاریخوازی کوردسـتان رووبەڕووی هێرش و پەلاماری دوژمنان بۆتەوە،جگە لەوەی دەسـەڵاتەکانی حکومەتی عێراقی هێزی سـەربازی و تۆپ و فڕۆکەی هێناوەتە سەری و هەموو سنوورەکەی خاپوور و وێرانکردووە و ژێرخانی ئەو سنوورەی بەگشتی داتەپاندووە، سەبارەت بەوەی بۆچـی تا ئێسـتاکەش ژمارەیەك گونـد ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئایا هۆکارەکـەی نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزارییە یان شـتی تـر، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی:

هـەر پـڕۆژە و کارێـك بۆ سـنووری قەزای مێرگەسـۆر کرابێت، ئەوە لەدوای ڕاپەرینەوە بووەو واتە لە خاڵی سـفرەوە دەسـت پێکراوە، چونکە لە سنوورەکەدا تەنیا ئەو چەند کیلۆمەترە ڕێگا قیرتاوە مابوو کەلە زارگەلییەوە بۆ مێرگەسۆر دێت، هەموو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانـی دەڤەرەکە تێکدرابوو، بەڵام لەگەڵ دەست بەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان قۆناغ بە قۆناغ سنوورەکە ئاوەدانکرایەوە، لـە سـاڵی ١٩٩٦ بەهـۆی ناسـەقامگیری و تۆپبارانـی تورکیـا جارێکـی تـر ناوچەکانی (مـزووری) سـەرتاپای تێکدرا و دانیشـتووانی گوندەکانیش ئاوارەی ئۆردوگاکان بوونەوە، سنووری (وڵاتەژێری) کە سـەربە ناحیەی(بارزان) ە، (٩) گوندی ئەم سـنوورە لە ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) لە سـەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و لەلایـەن کۆمپانیایەکی ناوخۆیی پرۆژەی خانووی نیشتەجێبوونیان دەستپێکراوە، لە (٣٥٪)ی پرۆژەکەش کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەبەر تۆپبارانی تورکیا ڕاوەستا و تەواو نەکراوە، لەبەرئەوەی پردی (وڵاتە ژێـری) و پـردی ڕووباری(مارۆك) بەر تۆپبارانەکە کەوتوو و بە تەواوی تێکچوون، بەمەش هاتوچۆی نێوان گوندەکانی ئەو سـنوورە و قەزا و ناحیەی بارزان داپچڕا، بۆیە خەڵکەکە گوندەکانیان جێهشت و ئاوارەبوونەوە، ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە و بوونی کێڵگەی مین و خراپی ڕێگاوبان و نزیکە سـنوور وایکردووە تا ئێستاکە (٨٤) گوندە ئاوەدان نەکرێنەوە.

**ئاوی خواردنەوەی گوندەکان یەکێکە لە گرفتەکانی سنوورەکە**

سـنووری قەزای مێرگەسـۆر بەهـۆی ئەو بارودۆخەی لـە پێش راپەرین ، لەلایەن حکومەتی عێراقـەوە بەسـەریدا هاتبـوو گشـت پـرۆژە خزمەتگوزارییـەکان نەمابـوون، پـرۆژەی ئاوی خواردنـەوە یەکێکە لەو بـوارە گرنگانەی ژیان و لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی سنوورەکە قۆناغ بە قۆناغ بۆ دانیشـتووانی قەزا و ناحیـە و گوندەکان دابین کرایەوە، بەڵام زۆر شـوێن و گوند هەیە تا ئێسـتا گرفتی ئاوی خواردنەوەیان هەیە، سەبارەت بە پرۆژە و گرفت و کێشـەکانی ئاوی خواردنەوە، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی:

ئێسـتاکە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوندەکان گرفتێکی سەرەکییە، چونکە کاتی خۆی زۆربەی ئـەو گوندانە دانیشـتووانەکەیان (٢٠) ماڵ بووە، بەڵام ئێستا زیادی کردووە بۆ(١٠٠) ماڵ، بۆیە ئەو پڕۆژەی کە هەیانە بەشی دانیشتووانەکانیان ناکات، لەلایەکی تر ئاوەکە پتر بە کەڵکی کشتوکاڵ دێت و بۆ خواردنەوە دەست نادات و لە ڕووی تەندروستیشەوە کانیاوەکانیش کێشەیان هەیە، ناتوانرێ بۆ خواردنەوە بەکاربێن، هەرچەندە پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە لە سـەردەمی کابینەی پێنجەم بۆ سـەنتەری قەزا و (٤٢) گونـد ئەنجام دراوە، بەمـەش ئەو گوندانە لـە گەورەترین کێشـە رزگاریان بـووە کە ئاوی خواردنەوەیە، بەڵام(٥١) گوند لە سـنووری بارزان کـە بە سـنووری ( بەڕۆژی و نـزاری) دێت تا دەگاتە شـێوەدزێ، ئەوانە هەر هەمووی گرفتی ئـاوی خواردنەوەیان هەیە، هـەر بۆیە گوندەکانی دەوروبەری بارزان بە تانکەر ئاویان بەسەردا دابەش دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سـەرچاوەی ئاویان کەمـە و بەشـی کاری کشـتوکاڵی و خواردنەوە ناکات و گەرچی بۆ پـرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئەو گوندانە کەشـف کراوە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانین و تا ئێستا وەڵام نییە .

**ئاڤەشین پیسبووە**

هەروەها سەبارەت بە ئاڤەشین قایمقامی قەزای مێرگەسـۆر وتی: ئاڤەشـین تا رادەیەك پیسبووە، ئەگەر وابڕوات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاوەکە پیسـتر دەبێت، چونکە ئاڤەشـین ئاوی دوو ڕووبارە دێنەوە سەریەك، یەکێکیان لەگەڵی باڵندەوە و ئەوەی تریان لە دەڤەری دێرەلوك و گەڵێرەشـەوە دێت، ئەوەی لە دێرەلۆك و شیلادزێ دێت ئاوی قورسی ناوچەکەی دێتەوە سـەر و ئاوەکـە پیـس دەکات، هەر بۆیە ئاڤەشین بەکەڵکی خواردنەوە نایەت و بۆ تووشبوون بە نەخۆشـی مەترسـیدارە. ئەمەش گرفتێکە و چەندینجـار لـە کۆبوونەوەی پاراسـتنی ژینگە گفتوگۆی لەسەر کراوە، پێویستە ئەو ئاوەڕۆیانەی

دێتەوە سەر ڕووباری دەڤەری دێرەلۆك و گەلی ڕەشەوە بگوازرێنەوە، تاوەكو ئاڤەشین لەپیسبوون بپارێزین .

**سنووری قەزای مێرگەسۆر (٧٦) گوند تۆڕی کارەبایی نیشتمانی بۆ نەچووە**

سنووری قەزای مێرگەسۆر بە سەنتەری قەزاشەوە تۆڕی دابەشکردنی کارەبای نەبوو، بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ ڕاکێشراوە، گەرچی تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆرگوند لەم کارەبایە بێبەشن، سەبارەت بەبەرنامە و پلانەکانی لایەنی پەیوەندیدار بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: لەساڵی ٢٠٠٩ - ٢٠١٠ نزیکەی (١٠٠) گوندی سنوورەکە تۆڕی کارەبای نیشتمانییان پێگەیشتووە، بەڵام تا ئێستا (٧٦) گوند لە تۆڕی کارەبایی نیشتمانی بێبەشن، بەگشتی گرفتی کارەبا هەیە و پێویستی بەوە هەیە پتر کارو پرۆژە لەمبارەیەوە ئەنجام بدرێت.

**ساڵی (٢٠٠٧) نەخۆشخانەی باڕزان لە بلێ دروستکراوە گەرچی تا ئێستا نەکەوتۆتەکار**

سنووری قەزای مێرگەسۆر لەبەر ئەوەی دوورە لە شارە گەورەکان و شاخاوییە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا دوو بینایەی نەخۆشخانە و چەند بنکەیەکی تەندروستی بۆ دروست کردووە، گەرچی تا ئێستاش گلەیی و گازاندە هەیە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی لە ساڵی ١٩٩٧

**هەرچەندە ئێستاکە تیمێکی بەفر ڕاماڵین لە سنوورەکە هەیە، بەڵام بەپێی پێویستی سنوورەکە نییە، لەبەر ئەوەی تیمەکە ئیمکانیاتی کەمە**

نەخۆشخانەیەك لە سەنتەری قەزای مێرگەسۆر بە ئیمکانیاتێکی کەم دروستکراو لە ساڵی ٢٠٠٩ دا شوێنی نیشتەجێ بوونی پزیشك و چەند کارێکی تری بۆ ئەنجامدرا، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٧) نەخۆشخانەی باڕزان لە بلێ کە (١٧) قەرەوێڵەییە دروستکرا، گەرچی تا ئێستا نەکەوتۆتەکار، بەشێوەیەکی گشتی لە سنووری قەزای مێرگەسۆر لە ڕووی بینایەی نەخۆشخانەوە گرفتمان نییە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەو سنوورە پسپۆڕایەتی و میلاکاتی پێویستە بەتایبەتی لەوەی کە پزیشك دادەمەزرێت بەهەمان مووچە و ئیمتیازاتی شارەکان دێتە ئەو سنوورانە، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت، چونکە زۆربەی ئەو پزیشك و کارمەندانی دێنە سنوورە دوورەکان و پاشماوەیەك یان لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی دیاریکراو، داوای گواستنەوە بۆ شار دەکات ، هەندێ کەس یان زۆربەی پزیشکەکان بۆ گواستنەوە واسیتەش دەکەن، بۆیە پێویستە مووچە و ئیمتیازاتی ئەو پزیشکانەی دێنە ئەو سنوورانە زۆرتر و باشتر بێت تاوەکو بتوانن بمێننەوە.

بۆیە پێویستە لە کەرتی تەندروستی حکومەتدا گرنگی زیاتر بەو سنوورە بدرێت، لەبەر ئەوەی کە نەخۆش چارەسەری لە ناوچەکە بۆ نەکرێت، دەبێ بچێتە شار، ئەمەش بەهۆی دووری جگە لەوەی خەرجی دەوێت نەخۆشەکە هیلاك و ماندوو دەبێت، لە لایەکی تر بۆی هەیە نەخۆشەکە ئەگەر نەخۆشییەکەی قورس بێت تا دەگاتە شار گیان لە دەست بدات.

**بەبڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەگەر گوندێك یەك ماڵی لێ بێت ماڵی دووەم قوتابخانەیە**

پەروەردە و خوێندن دوو بنەمای سەرەکی پێشکەوتنی هەموو نەتەوە و کۆمەڵگایەکە لە کۆنەوە کورد گرنگی بەم لایەنەداوە و لەگەڵ دەست بەکاربوونی حکومەتی کوردستان ئەگەر گوندێك تەنیا چەند ماڵێك بێت، قوتابخانەی بۆ دروستکراوە، سەبارەت بە ڕەوشی پەروەردە و خوێندن لە سنووری قەزای مێرگەسۆر قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: لە سنووری قەزای مێرگەسۆر ئەگەر گوندێك سێ، چوار ماڵ بێت یا(دە) قوتابییان هەبێت قوتابخانەی هەیە، بەڵام قوتابخانەکە تەنیا دوو ژوورە وەکو پێویست نییە، لەو کاتەوەی کە بەڕێز سەرۆك بارزانی بڕیارێکیداو فەرمووی ئەو گوندەی یەك ماڵی لێ بێت ماڵی دووەم قوتابخانەیە لەو کاتەدا هەڵمەتێك ئەنجامدرا بە دروستکردنی قوتابخانەی دوو پۆلی، بۆی هەیە ئەو قوتابخانانە یەك یان دوو مامۆستایان هەبێت لەمبارەوە ئەوە گرفتە، بەگشتی لە بواری پەروەردەش گرفتی میلاکات و پسپۆڕایەتی مامۆستا هەیە و ئەو مامۆستایانەی لەو سنوورەش دادەمەزرێن پاش ئەوەی ماوەی یاسایی خۆیان تەواو دەکەن و دەبێتە مامۆستایەکی خاوەن ئەزموون و دەگوازرێتەوە بۆ شارەکەی خۆی یان دەوروبەری شارەکەی، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە و زیانێکی ڕاستەوخۆ کاریگەر بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکان و نەوەکانی ئەو سنوورە دەگەیەنێت.

**ماستەرپلانی (مێرگەسۆر و بلێ) دراوە بە تەندەر**

هەر شارو شارۆچکەیەك بیەوێت گەورە و بەرفراوان بێت و زەوی دابەش بکات و شوێنی شەقام و ڕێگا و کارە خزمەتگوزارییەکان دیاری بکات، پێویستی بە ماستەرپلان هەیە، سەبارەت بەوەی ئایا قەزای مێرگەسۆر نەخشە و ماستەرپلانی هەیە، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: ئێمە کێشە و گرفتی زەویوزارمان لەم سنوورە بەتایبەتی لەناو سەنتەری قەزای مێرگەسۆر هەیە، چونکە زەوییەکان موڵکی خەڵکەکەیە و تا ئێستاش کووژاندنەوە و فەرزی زەوی شارەوانی و کشتوکاڵی نەکراوە، ئەمەش پێویستی بە یاسا و ڕێنماییەکی تایبەت هەیە کەلەلایەنی پەیوەندار پیادەبکرێت.

ماستەرپلانی مێرگەسۆر و بلێ وەکو تەندەر تەواوبووەو بڕیارە بدرێت بە کۆمپانیایەك بۆ جێبەجێکردنی.

**پاککردنەوەی سەنتەری قەزا و سنوورەکە لە زبڵ و خاشاك یەکێکە لە گرفتە گەورە و بەرچاوەکان**

لە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان کێشە و گرفتی پاککردنەوەی شارو گەڕەکەکان هەیە و سستەمی پاککردنەوە و خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك کۆنە و گرفتی بەرچاوی هەیە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: ئەوە یەکێکە لە گرفتە گەورە و بەرچاوەکان، لە سنووری قەزای مێرگەسۆر(٩) شارەوانی هەیە هەریەکەی شوێنێکی بۆ زبڵ و خاشاك فڕێدان بۆ دەست نیشان کراوە، بەڵام ئەو شوێنانەش گرفتی خۆیان هەیە، چونکە ماوە ماوە کە زبڵ و خاشاکە دەسووتێنرێت، دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و بێزارکردنی خەڵکی ناوچەکە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، لەلایەکی تر لە کاتی باران بارین لەو شوێنانەی زبڵ و خاشاکەی لێ کۆکراوەتە باران لەگەڵ خۆی زبڵەکە ڕادەماڵێت و دەچێتە ناو ڕووبارو سەرچاوەکانی تری ئاوی ناوچەکە، بەمەش دووبارە ژینگە و ئاوی سنوورەکە پیس دەبێت، بڕیارە و کاریش لەلایەن وەزارەتی شارەوانی لەسەر ئەو زبڵ و خاشاکە کراوە کە کۆکردنەوە و لەناوبردنی بدرێتە کۆمپانیایەك کە تایبەتمەندی هەبێت لەمبوارەدا.

**تا ئێستاکە لە (٤٠٪)ی گوندەکانی سنووری**

**لە بەرنامە و پلاندایە لە ڕێگای پارێزگاوە لە چەند شوێنێك کورسی و کەپر دروست بکرێت، بەڵام تا ئێستا بەفعلی هیچ پرۆژەیەك جێبەجێ نەکراوە**

**قەزای مێرگەسۆر ڕێگاوبانیان باش نییە**

سنووری قەزای مێرگەسۆر بە گشتی و گوندەکان بەتایبەتی شاخاوییە و ڕێگاوبانەکانی زۆر ناخۆش و سەختە، دەبێ لەم لایەنەوە چ پرۆژەیەك بۆ سنوورەکە ئەنجام درابێت و کێشەوگرفتەکان چییە سەبارەت بە ڕێگا و بانەکان و گرفتەکانی ناوچەکە، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: لە ساڵی ٢٠٠٩ لافاوێك لە سنوورەکە، لە ڕێگای گەڵی ئەشکەوتێ ڕوویدا، لە ئەنجامدا ڕێگاکەی تێکداو زەرەرێکی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە گەیاند، دواتر زەرەوزیانی ڕێگاکە و ناوچەکە و خەڵکەکەمان خەمڵاند و بەرزمان کردووە، بەڵام تا ئێستا قەرەبووی خەڵکەکە نەکراوەتەوە ڕێگاکەشیان چاك نەکردۆتەوە، هەروەها لە گوندەکان کێشە و گرفتی ڕێگاوبان هەیە و ماوەیەك پێش ئێستا بەڕێز سەرۆکی حکومەت سەردانی سۆرانی



کرد، یەکەم قسەم ئەوەبوو پێویستە گرنگی بە گوندەکان بدرێت، یەکەم پڕۆژەش بۆ گوندەکان پێویستە ڕێگاوبانیان بۆ دروست بکرێت. چونکە تا ئێستاکە (٤٠٪)ی گوندەکانی سنووری قەزای مێرگەسۆر ڕێگاوبانیان باش نییە.

**تەنیا(٢٠) کێڵگەی مین**
**لە سنوورەی قەزای مێرگەسۆر پاك کراوەتەوە**

وەکو ئاشکرایە لە سەردەمی سەدام حوسێندا لە سنوور و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی لە سنووری قەزای چۆمان و مێرگەسۆر و.. تاد. ژمارەیەکی زۆری مینی تیادا چاندراوە، لە دوای ڕاپەڕین لەگەڵ رزگاربوونی کوردستان دەستکراوە بە پاککردنەوەی ناوچەکان لە مین، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆری کێڵگەی مین ماوە، یەکێك لەو ناوچانەی گرفتی لەمبارەوە هەیە سنووری قەزای مێرگەسۆرە، سەبارەت بەم بوارەش قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی ئەو سنوورەی وێران کرد و بنکەی سەربازی لە سەنتەری مێرگەسۆر دانابوو، دووەم لەگەل تورکیا هاوسنوورین و بارودۆخی ئەو سنوورەش سەقامگیر نییە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر مین چێندراوە، تا ئێستا تەنیا(٢٠) کێڵگەی مین لە سنوورەکە پاککراوەتەوە، بەڵام شوێنە دوورەدەست و نزیك سنوورەکان وەکو خۆی ماوەتەوە و ئەو مینانەش قوربانی لێکەوتۆتەوە و زۆریش مەترسیدارە، تا ئێستا کیلگەی مین لەم شوێنانە ماوە ( سەر چیای پیران و پشت ناحیەی شیروان مەزن هەروەها لە دەوروبەری کانی ئەلنجە) و چەندین شوێنی تریش.

**بۆ پرۆژەکان هیچ جۆرە بودجەیەکی**
**حکومەت و وەزارەتەکانمان لەبەر دەست نییە**

بەمدواییە لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەریمی کوردستان بە بڕیارێك دەسەڵاتی ئیداری بۆ قەزاو ناحیەکان دابەزیە خوارەوە، سەبارەت بە دابەزینی ئەو بڕیارە بۆ یەکە ئیداریەکان و کاریگەری لەسەر پڕۆژە و بەرەو پێشڤەچوونی دەڤەرەکە، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: دابەزینی دەسەڵاتی کارگێڕیی وەکو بڕیار بۆمان هاتووە، بەڵام تا ئێستا کاری پێی نەکراوە، چونکە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری بەپێی دەسەڵاتی دارایی سوودی نابێت، ئێمە هیچ جۆرە بودجەیەکی حکومەت و وەزارەتەکانمان لەبەر دەست نییە، جگە لەو سێ ملیۆن دینارەی کە مانگانە بۆ هەندێ کاروئیش و هەڵسوڕاندنی یەکە ئیداریەکە بۆمان دانراوە، بەڵام بۆ هەندێ پرۆژە و کار کە دێتە پێش لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگادا دەسەڵاتمان هەیە و دەتوانین کاری پێ بکەین.

**وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و دەستەی**
**وەبەرهێنان لە سنوورەی مێرگەسۆر هیچ جۆرە**
**پرۆژەیەکیان ئەنجام نەداوە**

سەبارەت بەوەی ئایا دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵ هیچ جۆرە پرۆژەیەکیان وەکو نیشتەجێ یان کارگە و پرۆژەی کشتوکاڵی لە سنووری قەزای مێرگەسۆر ئەنجامداوە، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: لەبەر کێشەی زەویوزار تا ئێستا نەتوانراوە دەستەی وەبەرهێنان هیچ جۆرە پرۆژەیەك تەنانەت پرۆژەی نیشتەجێش لەم ناوچەیەدا ئەنجام بدات. هەروەها وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵیش لەم سنوورەدا هیچ جۆرە پرۆژەیەکیان نەکردووە، چونکە ناتوانین زەوی بۆ پڕۆژەکان دابین بکەین، لە لایەکی ترەوە چەندین جار داوامانکردووە لە حکومەت و لایەنی پەیوەندار کە کارگەیەکی شەربەت یاخود ماست و شیر دابمەزرێنن، گەرچی لەمبارەوەش بە دەنگمانەوە نەهاتوون، بەڵام خەڵك و سەرمایەدارانی ناوچەکە خۆیان ڕوویان لە هەندێ کارو پرۆژەی بچووك کردووە وەکو بەخێوکردنی پەلەوەر و کیلگەی بەخێوکردنی مانگا و . . . .

## زەوییەکانی دەڤەرەکە موڵکی خەڵکەکەیە و تا ئێستاش کووژاندنەوە و فەرزی زەوی شارەوانی و کشتوکاڵیان بۆ نەکراون

**سنووری قەزای مێرگەسور تا ئیستا بەفعلی**
**هیچ پڕۆژەیەکی گەشتیاریی بۆ جێبەجێ**
**نەکراوە**

سنووری قەزای مێرگەسۆر بەگشتی سروشتێکی گەشتیاری زۆر گونجاوی هەیە، بەڵام لەم لایەنەوە تا ئێستا یەك کار و پڕۆژەی بۆ ئەنجام نەدراوە، هەروەها ئەو دەڤەرە چەندین شوێنی شوێنەوار و مێژووی تێدایە، سەبارەت بەوەی ئایا لە بەرنامە و پلانی ساڵی (٢٠١١) کار و پڕۆژەی گەشتوگوزاری لەم دەڤەرە هەیە و کار لەسەر شوێنەوارەکان کراوە؟ قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: بێگومان سنوورەکە خۆی باشترین شوێنە بۆ گەشتوگوزار، بۆیە وەکو قۆناغی یەکەم چەند شوێنێك لە دەڤەرەکە دەست نیشانکراوە، شوێنەکان وەکو (پیران و سەر ڕووباری ڕێزان و میدانۆك و . . .)، بۆ کار و پڕۆژەکانیش هەماهەنگی و پێوەندیمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزار هەیە و بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاریش



بەڵێنی داوە لەم شوێنانەو چەند شوێنێکی تریش کار و پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام بدرێت .

هاوکات لە بەرنامە وپلان دایە لە ڕێگای پارێزگاوە لە چەند شوێنێك کورسی و کەپر دروست بکرێت، بەڵام تا ئێستا بەفعلی هیچ پڕۆژەیەك جێبەجێ نەکراوە. بەڵام لە لایەنی شوێنەواریشەوە تەنیا کارێك بۆ ئەشکەوتی شانەدەر کراوە، گەرچی ئەوەش بە پێی پێویست نییە، دەبێ ئەوەش بزانین لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەرنامە و پلان هەیە بۆ زیندووکردنەوەی شوێنەوارەکان .

**داواکارین چەند بەشێك لە کۆلیژی بنیاد لەسنوورەی مێرگەسۆر بکرێتەوە**

لە زۆربەی قەزاکان دوای ڕاپەڕین ساڵ لە دوای ساڵ پەیمانگا و کۆلێژ و زانکۆ کرانەوە، گەرچی لە سنووری قەزای مێرگەسۆر نەك زانکۆ، بەڵکو پەیمانگا و کۆلێژێکی لێ نییە، سەبارەت بەم بوارەوە قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: تەنیا پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە بلێ هەیە، کردنەوەی ئەو پەیمانگایەش کاتییە و بۆ پێگەیاندنی ژمارەیەك مامۆستا و پڕکردنەوەی میلاکاتی سنوورەکەیە، هەر بۆیە لەساڵی داهاتووی خوێندندا ئەو پەیمانگایەش دادەخرێت، بۆیە لێرەدا داواکارین چەند بەشێك لە کۆلیژی بنیاد لەسنوورەکەدا بکرێتەوە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا و پسپۆڕایەتی جیا جیا .

**کێشەی سەرەکی سنوورەکە لە وەرزی زستاندا نەبوونی ئامێرە**

ناوچە شاخاوی و سنوورییەکانی کوردستان بەگشتی وەرزی زستانیان دژوارە و بەفر و بارانێکی زۆری لێدەبارێت لە ئەنجامدا زۆربەی ڕێگاکانی بە ڕێگا سەرەکییەکانیشەوە بەفر دەیگرێت و تێکدەچێت، پێویستە بە شۆفڵ و گرێدەر و بلدۆزەر و ئامێری تری بەفر ڕامالین پاکبکرێتەوە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: ئێمە لەم سنوورە کێشەی سەرەکیمان بە تایبەتی لە وەرزی زستان نەبوونی ئامێرە، ئامێرەکانیش وەکو شۆفل و گرێدەر و . . . و تیمێکی باش و هاوچەرخی بەفر ڕامالین، هەرچەندە ئێستاکە تیمێکی بەفر ڕامالین لە سنوورەکە هەیە، بەڵام بەپێی پێویستی سنوورەکە نییە، لەبەر ئەوەی تیمەکە ئیمکانیاتی کەمە، ئەگەر سنوورەکە ئەو ئامێرانەی ئاماژەمان پێکرد بۆی دابین بکرابووایە، ئەوە دەمانتوانی پێش لە لافاوەکەی ساڵی (٢٠٠٩) بگرینەوە وا بکەین ئەو زەرەر و زیانانەی لێکەوتەوە کەمتر بێت.

**لە کۆنەوە سنووری قەزای مێرگەسۆر بەوە بەناوبانگە کە ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی قەدەغەیە**

لە کۆنەوە سنووری قەزای مێرگەسۆر بەوە بەناوبانگە کە ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی قەدەغەیە و گرنگی بە پاراستنی ژینگە دەدەن و ئەو دیاردەیەش بۆتە کەلتوورێك نەوە لە دوای نەوە و خەڵکی ناوچەکە ڕێزی لێ دەگرن، لەمبارەوە قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: لەم سنوورەدا زۆر گرنگی دەدرێت بە پاراستنی ژینگە، ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی قەدەغەیە و خەڵکی ناوچەکەش زۆر پابەندن بەو کارەو بۆتە بەشێك لە کەلتووریان و پارێزگاری لە ئاژەڵی کێوی دەکەن، هەر بۆیە ئێستا ئاژەڵ و باڵندەی کێوی بە ڕەوە دەسوڕێنەوە و ئازادن، هاوکات ڕاوە ماسیش قەدەغەیە تەنیا لە کاتی دیاریکراوی خۆی نەبێت.

**لەساڵی(٢٠٠٧)وە نەخۆشخانەی بارزان لە بلێ کە(١٧) قەرەوێڵەییە دروستکراوە. تا ئێستاش نەکەوتۆتەکار..**

**ناوەندی وەرزش و لاوان لە ساڵی (٢٠١٠) تەواو بوو بەڵام تا ئێستا سوودی لێ وەرنەگیراوە**

لە کۆتاییدا سەبارەت بەبواری وەرزش و لاوان قایمقامی قەزای مێرگەسۆر وتی: سنوورەکە شاخاویە لەبەر ئەوە دروست کردنی یاریگایەکی گەورە و بەرفراوان زۆر زەحمەتە، بۆیە نەتوانراوە ئەو گرفتەی لاوان چارەسەر بکەین، بەڵام لە سەردەمی کابینەی پێنجەم لە سەنتەری قەزا و ناحیە و گوندە قەرەباڵغەکان ژمارەیەك گۆڕەپانی فریزی دەستکردی بچووك دروستکراوە، لەساڵی (٢٠٠٩) دەستکرا بە دروست کردنی ناوەندی وەرزش و لاوان لە ساڵی (٢٠١٠) تەواو بوو، بەڵام تا ئێستا نەکراوەتەوە و سوودی لێوەرنەگیراوە، ئەو ناوەندە ژمارەیەك هۆڵی شیاوی تێدایە وەکو هۆڵی (مۆسیقا و شانۆ و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و..) کە دەتوانێت خزمەتێکی زۆری لاوانی سنوورەکە بکات .

# ئازایەتی وەک بەهایەکی جەستەیی نەک رۆحی!!



کنێر عەبدوڵڵا


ئازایەتی یەکێکە لەو خەسڵەت و بەها گرنگانەی رەنگدانەوە و کاردانەوەی هەیە لە گشت کەلتوور و ژینگە پەروەردەیی و ئایینیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام تێروانین بۆ چەمك و فەلسەفەی ئازایەتی بە پێی ئاستی هۆشمەندی تاکەکان و ژینگە و سیاسەتی حوکمڕانی و فەلسەفەی بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایان دەشێت لە کەسێکەوە بۆ ئەویدی، یان لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازی بەخۆوە ببینیٚ، هەر وەك چۆن لە دید و تێڕوانینی هەر دوو رەگەزدا دەشێت لێکدانەوەکان گۆڕانکاری بەخۆوە ببینن. بۆ نموونە لە دیدی ئەقڵییەتی پیاوسالارەکاندا پێوەری ئازایەتی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە پیاو هێز و توانای لە بازوو و جەستە و ماسولکەکانیدا بەدی بکات بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا ببێتە خەسڵەتێکی جیاواز و جیاکەرەوە بۆی کە ماناگەلێکی پیٚ دەبەخشیٚ بەوەی هەمیشە رەوایەتی و هەڵگر و خاوەن مافەکان بێت بەرامبەر بە رەگەزەکەی دیکە و خۆی بە خاوەنی هەموو هەق و راستییەکان بزانێت، لە کاتێکدا ئەم چەمکە دەشێت لای هەندیٚ کەسی دیکە یان رەگەزەکەی دیکە گرێدراوی لایەنێکی رۆحی بەهێز بێت لەوانە: پەیوەست بوون بە توانا و ئیرادەی بەهێز و پتەو و چۆنێتی بڕیاردانی چارەنووسی مرۆڤ، هەروەها پەیوەندیدار بێت بە دۆزینەوەی مرۆڤ خۆی لەناو خۆیدا. لە لایەکی دیکە پەیوەندیدار بێت بە ملکەچنەدان و کۆڵنەدان و بەرگری لەو بەها و کلتور و نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگە و دابونەریت چەسپاندویەتی بەسەر مرۆڤەکاندا بۆ ئەوەی چیتر قبوڵی پێشێلکردن و زەوتکردن و سوکایەتییکردن لەوی دی نەبێتەوە و بەدید و چاوێکی مرۆڤدۆستانەوە، وەکیەك و بیٚ جیاوازی تەماشای مرۆڤەکان بکرێت. بەمەش دەبێتە هەوڵێك بۆ چەسپاندنی کلتوری ناتوندوتیژی لە نێو هزر و بیری مرۆڤەکاندا و بە واتایەکی دیکە هەوڵدان بێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژیانەی کە دەرئەنجامی زۆرێك لەو تێڕوانینانەن کە لەو چەمك و خوێندنەوانەدا دێتە ئاراوە.

تێڕوانینی پیاوانی نێرسالار بۆ چەمکی ئازایەتی، ئازایەتییەکە بۆ دەرخستنی هێزی نێرایەتی و سەلماندنی پیاوەتی، لە کاتێکدا ئەمە رێك پێچەوانەی دیدی رەگەزەکەی دیکەیە کە پێیان وانییە مرۆڤە ئازاکان هەمیشە پیاوەکان بن یان پێیانوابێت ئازایەتی خەسڵەتێکی پیاوانەیە، بەڵکو تەواو لێکدانەوەیەکی جیاوازتر و پێچەوانەتریان بۆ مەسەلەکە هەیە.

ئازایەتی لە دیدی پیاوانەوە بەهایەکی جەستەیی رووتی هەیە، لە کاتێکدا ژنان ئازایەتی لە رۆحدا دەبیننەوە و پێیانوایە بەزاندنی هێڵە سوورەکان کە بەدوورە لە ئیرادەو ویست و بریاردان و بەشداری ئەوانەوە، ئازایەتییە. ئازایەتیی بە مانای رەتکردنەوەی هەموو ئەو کلتور و دابونەریتانە دێت کە هەوڵی سڕینەوە و بچووککردنەوەی رەگەزێك و پیرۆز ڕاگرتن و رەوایەتییدان بە رەگەزەکەی تر دەدەن. ئازایەتیی لای ژنان بە واتای بەرپەچدانەوەی هەموو ئەو دید و رەفتارانە دێت کە هەوڵی زەوتکردنی مافەکان و سوکایەتییکردن دەدەن بە تەنها رەگەزێك کە بە کەمئەقڵ و لاواز و نیوە مرۆڤی دەزانن.

بۆیە لەو روانگەیەوە سەرلەنویٚ پیاچوونەوە و پێناسەکردنەوەی ئەو چەمکانەو گۆڕانکاری بەو پێوەرانەی سەنگی راستەقینەی خۆیان دەدەنە چەمکەکان گرنگێتی و کاریگەری دەبێت لە کۆمەڵگەدا بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە تیایدا هەوڵی یەکخستنەوە و یەکگرتنەوەی پێوەرەکان بدرێت بەدیدێکی مرۆڤانە و دوور لە رەگەزپەرستی

# دیموکراسییەت و ماف و یەکسانی ئافرەت



ڤینۆس فایەق

بیرۆکەی بنچینەیی چەمکی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکاندا کە هیچ جیاوازییەکی جێندەری لە نێوان هەردوو رەگەزی ژن و پیاو نەکردووە، بەجەختەوە تەئکید لە ئازادییە گشتییەکان و پرەنسیپی یەکسانی نێوان ئادەمیزادەکان دەکاتەوە، ئەگەرچی جیاوازی لە را و بۆچوونەکاندا پەیوەندی بە پێناسەی ئەو مافانە لە دیدی کۆمەڵگا و دین و دەسەڵاتی سیاسی و تێگەیشتنی خودی ژن بۆ ئەو ئازادی و یەکسانییە و چۆنییەتی دەستەبەرکردنیان هەیە.

لەگەڵ پەرەسەندنی بیرۆکەی ئازادییەکان و فراوانبوونی دنیابینی و تێڕوانینی تاکەکان بۆ چەمکی یەکسانی لە کۆمەڵگادا، لە جیاتی ئەوەی ژن زیاترین بڕ لە ماف و ئازادی دەستەبەر بکات، رووبەڕووی زۆرترین ململانێ بۆتەوە کە ئەمەش دواجار پەیوەندی راستەوخۆی بە تێگەیشتنی کۆمەڵگاوەیە بۆ چەمکی دیموکراسییەت و مومارەسەی دیموکراسی لەهەموو وردەکارییەکانی رۆژانەی تاك لە کۆمەڵگادا.

ئیشکالییەتێکی هەرە گەورە کە بەرهەمی حاڵی نەبوونە لە رۆحی پرەنسیپی دیموکراسییەت، نەبوونی ئاسۆیەکی فراوانە بۆ تێکهەڵکێشبوونی ژن لەناو ژیانی سیاسیدا، بەشێوەیەك کە بەرهەمی تێگەیشتنی راستەقینەی دەسەڵاتی سیاسی بێت لە پرەنسیپی دیموکراسی، نەك ناچاربوون و ملکەچبوونی بۆ بەندێکی دەستووری کە باس لە بەشداری سیاسی ژن لە سیاقی دەقێکی یاسایی کە باس لە بردنە پێشەوەی کەمینەکان بۆ ناو پەرلەمان و پلە حکومییەکان دەکات.

لە سایەی دەسەڵاتە تاکڕەو و شمولییەکاندا هیچ باس و خواسێکی ئەوتۆی ماف و ئازادییەکانی ژن نابیسترێت، چونکە بۆخۆی هیچ مومارەسەیەکی راستەقینەی دیموکراسی نییە کە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافی کەمینەکان زامن دەکات. نمونەش سەردەمی دەسەڵاتی تاکڕەوی حزبی بەعس کە سەرقاڵی سیاسەتی قاتوقڕ و کوشتوبڕ بوو دەرئەنجامەکەشی ئابڵووقەی ئابووری و هەژاری و نەخوێندەواری و نقومبوونی وڵات لە قەرزدارییەکی زۆر و بێکارییەکی لە رادەبەدەربوو، جگەلە ململانێ نەتەوەییەکان و هەڵوەشانەوەی بنەما فیکری و ئەخلاقی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا لە هەموو روویەکەوە و ونبوونی چەمکەکانی وەکوو یەکسانی و هاوڵاتیبوون، ئەم کێشانە و دەیان کێشەی تر کە هزر و بیرکردنەوەی ئادەمیزادی کوردی بەرەو لایەك برد، دوور لە گەشەکردنێکی سروشتیی فەلسەفە و تێڕوانینێکی واقیعیانە بۆ پرسی ژن لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا. جارێکی تر ئەو واقیعەی شێواندەوە ئەو کرانەوە خێرا و نامەنهەجییەیەی کە پێش دروستبوون و گەشەکردنی هزری تاکی کۆمەڵگا و تێگەیشتنی بۆ چەمکی دیموکراتییەت بوو، لە کاتێکدا لە خۆرئاوا ئادەمیزادەکان هەموو قۆناغەکانیان بە سروشتی تێپەڕاند. لەمەشەوە تێدەگەین کە هۆکارێکی مەزن کە ئێمە نەمانتوانیوە سوودی مەعنەوی و ئەخلاقی لەو شۆڕشی کرانەوە و بەتایبەت ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژی و عیلمانییەتە ببینین، ئەوەیە هیچی بەرهەمی عەقڵی خۆمان نییە، لە کاتێکدا خۆرئاواییەکان سوودیان لێبینیوە چونکە بەرهەمی دەستی خۆیانە و قۆناغە سروشتییەکانی خۆی بڕیوە، هەتا گەیشتۆتە ئەمڕۆ کە دەیبینین. تەنانەت ئەو هەموو رێکخراوە ئەوروپی و نێودەوڵەتییانەی کە بە پرۆژەکانی بڵاوکردنەوەی دیموکراتیەتەوە هاتوونەتە ناو کوردستان و عێراقەوە، هەتا ئیستا هیچ ئەنجامێکی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، لەبەر ئەوەی ئەوان هاتوون لە وڵاتێکدا ئیش دەکەن کە هیچ زەمینەیەکی پێشوەختیان نەبووە ئامادەیان بکات بۆ خوێندنەوەیەکی واقیعبیانە بۆ چەمکی دیموکراسییەت.

هەڵبەتە کێشەی تێنەگەیشتن لە دیموکراتییەت بەتەنیا کێشەی کوردستان نییە، بەڵکو کێشەی سەرتاپای ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، تەواو وەکو سەردەمی دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و سۆسیالیستی و شیوعییەت کە رەهەندەکانی روون و ئاشکرا نەبوون بۆ کۆمەڵگاکان، بەهەمان شێوەش هەتا ئیستا زۆر کەس وا بیردەکاتەوە کە دیموکراسییەت فکرە، لە کاتێکدا دیموکراسییەت بیرکردنەوە و سیستەمێکە بۆ ژیان، ئەگەرنا بوونی نییە، ئەگەر ئەوانەی لەرووی تیۆریەوە قسە لە دیموکراسییەت دەکەن بۆخۆیان بە کردەوە لە ژیانیاندا تاقی نەکەنەوە ناتوانن پێناسەی بکەن، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ بەشداری سیاسی ژن، کە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە پیاوانەیەی بەپێی بەندێکی دەستووری یان قانونێکی وەکوو کۆتا بەشداری بە ژن دەکات، بەخۆی بە کردەوە لەگەڵ ژنەکانی چواردەوری خۆیەوە دەستی پێنەکردبێت و رێگەی نەدابن بڕیاردەربن مومکین نییە، رازی بێت ژنەکەی تەنیشتی لەناو پەرلەماندا دەنگی هەبێت. ئەمە پەیوەندی بە فەلسەفەی تێگەیشتنی پیاوەوەیە بۆ چۆنییەتی پراکتیزەکردنی پرەنسیپی دیموکراتییەت لەو سنوورەوە کە خۆی تیادەژی.

دواجار مومکین نییە ژن ببێتە کائینێکی یەکسان بە پیاو ئەگەر تەواوی ئەو یاسایانە ون نەبن کە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا دەکەن کە هەر ئەوانیشن پرەنسیپی هاوڵاتیبوونێکی یەکسان دەستەبەردەکەن بۆ ژن لەناو کۆمەڵگادا، دەرئەنجام زەمینەیەك بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە لەناو کۆمەڵگادا بۆ هەردوو رەگەز دەڕەخسێت. چونکە مانەوەی ئەو یاسایانە وەکوو خۆیان و کارکردن پێیان باشترین دەلیلە بۆ نەبوونی دیموکراسییەت، ئەوەش بە ئاشکرایی ئەو ئیشکالییەتە دەخاتە روو کە لە نێوان تێگەیشتنی کۆمەڵگا بۆ هەردوو چەمکی دیموکراسییەت و چەمکی ئازادی و یەکسانی ئافرەت جیاوازییەکی زۆر هەیە.


ژمارە (٨١٨) ■ ٢٠١١/٢/١٤